# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولڕەحمان - زریان محەمەد



2015

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئەرکون

وەرگێڕانی:
د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا

زنجیرە (69)

# د.محەمەد ئەرکون
# بیرمەندی هزری ئیسلامی

**د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

## ناساندنی ئەرکون

**د.محەمەدئەرکون (1928-2010) بیرمەندو توێژەرو رەخنەگری ئەقڵی ئیسلامییەو پسپۆڕە لە بواری فیکری ئیسلامیدا، خاوەنی دەیان کتێب و سەدان وتارە دەربارەی رەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی کەلەپوری ئیسلامی،ئەرکون لە میانی ژمارەیەک میتۆدی زانستیی تازە، بەتایبەتی میتۆدی زمانەوانیو سیمیۆلۆجی و مێژووگەراییو سۆسیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی، لێکۆڵینەوەی لە بارەی فیکری ئیسلامی ئەنجامداوە، واتە هەمان ئەو میتۆدانەی بەکارهێناوە، کە بیریارانی فەرەنسەو خۆرئاوا بەسەر کەلەپووری مەسیحی ئەوروپیدا پراکتیزەیان کردووەو گەیشتوونەتە کۆمەڵێ دەرەنجامی زانستیی گرنگ.**

د. محەمەدئەرکون سەر بە وەچەی ئەو بیریارانەیە کە شۆڕشێکی ئیپستیمۆلۆجیو میتۆدییان لە فیکری هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا بەرپاکردووە، واتە سەر بە وەچەی میشێل فۆکۆو پییێر بوردیۆو دێریداو فرانسوا فوریەیە، نیو سەدەیە لە فەرەنسەدا دەژیو پارسەنگی میتۆدو بیری زانستیی ئەوروپیو خۆرئاوایی دەکات. ئەگەر ئەو بیریارانە لە فیکری فەرەنسیو خۆرئاواییدا شۆڕشی میتۆدیو ئیپستیمۆلۆجییان ئەنجامدابێت،ئەرکون هەوڵیداوە شۆڕشێکی لەو چەشنە لە فیکری عەرەبی-ئیسلامیدا ئەنجامبدات، بەو مانایەی دەیەوێت دوا دەستکەوتەکانی

فیکری زانستیو میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکان بەسەر تێکستو کەلەپوری ئیسلامیدا پراکتیزە بکات.

محەمەدئەرکون لەساڵی 1928 لەشاری تاوریرت لە جەزائیر لەدایک بووە، سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری وەهران تەواوکردووە، پاشان چووەتە جەزائیری پایتەخت و لە زانکۆی ئەو شارەدا بەشی زمانی عەرەبیی لە کۆلێجی ئاداب تەواو کردووە، دواتریش دەچێتە فەرەنسەو لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە تا کۆچی دوایی لەپاریسدا نیشتەجێ بوو، لەساڵی 1969 لە زانکۆی سۆربۆن بڕوانامەی دکتۆرای دەوڵەتی وەرگرتووە، تێزی دکتۆراکەشی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە هیومانیزمی عەرەبی بە ناونیشانی «میسکەوەیهو رەوتی هیومانیزمی عەرەبی لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا» هاشم ساڵح بەم ناونیشانە کردوویەتی بەعەرەبی(نزعة الانسنة في الفکر العربی)، لەساڵی 1961ەوە مامۆستای یاریدەدەر بووە لە زانکۆی سۆربۆن، بۆ ماوەی پتر لە نیو سەدە لە فەرەنسە ژیا و بە زمانی فەرەنسی دەینووسی. لەساڵی 1970 کۆرسی مێژووی فیکری ئیسلامی پێدرا، لەساڵی 1976 تا 1988 بەرێوەبەری «ئەنیستیتوتی خوێندنی ئیسلامی» بووە لە سۆربۆن. هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری ARABICA بووە کە بەزمانی فەرەنسی دەردەچوو تایبەت بوو بەلێکۆڵینەوە لە فیکری عەرەبی ئیسلامی. لەزۆربەی زانکۆکانی ئەمریکاو ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقاو هەندێ لە زانکۆ عەرەبییەکانیشدا بانگهێشت کراوەو بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی لێکچەری تایبەتی وتۆتەوە.

شەوی سێشەممە 2010/9/15 بیرمەندی گەورەی فەرەنسی بەرەچەڵەک جەزائیری د.محەمەدئەرکون لە شاری پاریس بەنەخۆشی و لەتەمەنی 82 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، کۆچی دوایی ئەم بیرمەندو رەخنەگرە زیانێکی گەورە بوو لە فیکری هاوچەرخی مرۆڤایەتی و لە فیکری رۆشنگەرو پێشکەوتووی عەرەبی-ئیسلامی.

## پرۆژەی سەرەکیی ئەرکون

پرۆژەی سەرەکییئەرکون لەژێر یەک ناونیشانی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە، ئەو ناونیشانە سەرەکییەش بریتییە لە: «ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی»، واتە ئەو گەشتێکی زانستی بە سەرانسەری مێژوو و بیری ئیسلامیدا دەکاتو دەیەوێت پتر لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا بووەستێت کە ئەو چوار سەدەیە دواجار دەبێتە بناغەی بیرو مێژووی عەرەبی - ئیسلامی. گرنگی پرۆژەکەیئەرکون لەوەدایە، کەدەچێتە ناو گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی ئایین و لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر ئەنجامدەدات ، بوونیئەرکون لەزانکۆیەکی گرنگی وەکو زانکۆی سۆربۆن، ئازادییەکی فراوانی بۆ دەستەبەرکردبوو ، ئەو ئازادییەی رەنگە لەهیچ زانکۆیەکی عەرەبیدا بوونی نەبێت بەتایبەتی لەپەیوەستیدا بەشیکردنەوەی فیکری ئایینی.ئەرکون پێی وایە گواستنەوە لەباوەڕی دۆگمایی وداپلۆسێنەرانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ باوەڕی زانستی وعەلمانییانەی سەدە نوێیەکان، بەبێ نەزیفێکی ناوەکیی توندو بەبێ هەڵتەکاندنێکی گەورە، ئەنجام نادرێت.

پرۆژەی سەرەکیی محەمەدئەرکون پرۆژەی بیریارێکە لەناو بابەتێکی ئێجگار گرنگو هەستیاردا کاردەکات، پرۆژەیەکە دەچێتە نێو قوڵاییەکانی کەلەپوری ئایینی ئیسلامی تا دواجار بەبەکارهێنانی میتۆدە زانستییەکانی

بـواری سوسیۆلۆجیاو ئەنترۆپۆلۆجیا بەکۆمەڵێ دەرەنجامی زانستیی گرنگو دەگمەندا بێنە دەرێ، پرۆژەیەکە میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە بەکەرەستەیەکی سەرەکی بۆ هەڵکۆڵینی رووبەرە نەخوێنراوەکانی کەلەپوری ئیسلامیو دەرخستنی لایەنە تاریکو رۆشنەکانی ئەو کەلەپورەو پاشان هەڵوەشاندنەوەیانو پیشاندانی رەهەندو چینە جیاجیاکانی کە بەدرێژایی چەندین سەدە بەسەریەکدا کەڵەکە بوونو بیری ئیسلامییان بەدۆگمایەکی داخراو هێشتۆتەوە، پوختەی بیرو دەرەنجامی کارەکانی لەچەندین کتێبو وتاری زانستیدا خستۆتە روو کە لەهەردوو دنیای خۆرئاواییو خۆرهەڵاتیدا بەزمانی  فەرەنسیو ئینگلیزیو عەرەبی بابەتەکانی چاپ کردووە. پتر لەدە کتێبی بەزمانی عەرەبی چاپکراوە کە زۆربەیان لەلایەن هاشم ساڵحەوە وەرگێڕدراون، واتە رۆڵی هاشم ساڵحیش بەوەرگێڕانو پەراوێزو شەرحە دوور ودرێژەکانی هیچی لەرۆڵیئەرکون کەمتر نییەو بگرە پارسەنگی کارەکانیئەرکون دەکات.

ئەرکون لە خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆجیانەدا کێشەی هیومانیزم لە کەلەپوری ئیسلامیدا دەخاتەڕوو کەبەناو بیری تەوحیدیو جاحظ و میسکەوەیهو ئیبن روشدو بیریارانی تردا گەشتێکی زانستی دەکاتو دەیەوێ ئەو دیوە پرشنگدارانەی بیری ئیسلامی بهێنێتە سەرەوە کەچەندین سەدەیە فەرامۆش کـراون، هەژمونی دۆگمای ئیسلامی نەیانهێشتووە ئەو بیرە هیومانیستییەی سەدەی چوارەمی کۆچی گەشە بکاتو پەرەی پێبدرێت.

ئەم تێزەیئەرکون درێژەپێدانی هەمان ئەو تێزەیە، کە لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا لەتێزی دکتۆرانامەکەیدا خستویەتیە روو لەبارەی هیومانیزمی نەوەی میسکەوەیهو تەوحیدیو ئیبن عەمیدو صاحب بن عبادو سەرجەم ئەو نوسەرو ئەدیبو فەیلەسوفانەی رۆڵێکی

چالاکیان هەبووە لەبرەوپێدانی ئەو تیۆرسازیو ئەرگۆمێنتەدا کە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا کەشێکی فیکرییان خولْقاندبوو.ئەرکون دەیەوێت پێمان بلێت لەچوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا کەشێکی لەبارو گونجاو هەبووە بۆ گفتوگۆی فیکریو خستنەرووی کێشەی ئایین بەتەفسیرە جیاجیاکانی دەقی دامەزرێنەریشەوە، دەیەوێت بیرمانی بخاتەوە کە لەسەردەمێکدا فەیلەسوفی ئیسلامی هەبوون دەرگای بیری جیاوازیشیان بۆ تێڕوانینی ئایینی دەکردەوەو ئەگەر ئەو کەشە ئایینیەی ئەوسا بەردەوام بوایەو دواجار دۆگمای ئیسلامی سەرانسەری بیری ئیسلامیی داگیرنەکردایە، دەشیا زووترو چەندین سەدە لەمەوبەر بیری دۆگمای ئیسلامی وشکی بکردایەو بیرێکی رۆشنگەرانە لەناو ئایینی ئیسلامیدا بڵاو ببوایەتەوەو بارودۆخی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیش نەگەیشتایە ئەو حاڵەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین، ئەوسا دەشیا ئەو لێکترازانە گەورەیەی نێوان «مۆدێرنەی مادی» و «مۆدێرنەی فیکری» دروست نەبوایە کەسەرانسەری کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکانی تەنیوە.

## چەمکی هیومانیزم لەلای ئەرکون

ئامانجی سەرەکییئەرکون لەدەرهێنانی بیری هیومانیستیی ئیسلامی لەچینەکانی ژێرەوەی کەلەپوری ئیسلامیو لەگۆشە لەبیرکراوەکانی ئەو کەلەپورەدا، دەرخستنی ئەو لایەنە رۆشنگەرەی بیری ئیسلامییە کەدەکرێ ئەمڕۆ خوێندنەوەی زانستی بۆ ئەنجامبدرێو ببێتە زەوییەکی بەپیت بۆ فەراهەمکردنی ریفۆرمی ئایینیو دەرچوون لەباوەڕی دۆگمای سەدەکانی ناوەڕاستو پێخستنە نێو چەرخی عەلمانییەت ومۆدێرنەوە،ئەرکون لەم ئاستەشدا بەدوو ئاڕاستە کاردەکات، ئاڕاستەی تیۆریو ئاڕاستەی پراکتیکی، واتە لەسەرێک کەلەپوری ئیسلامی هەڵدەوەشێنێتەوەو بەدوای دیوە گەشەکانیدا دەگەڕێتو ئەو بیریارو فەیلەسوفانەمان پێدەناسێنێت، کە تێڕوانینێکی کراوەو تا ئاستێک رەخنە ئامێزیان بۆ ئایینو ئیمانو تەنانەت بۆ تێکستی دامەزراندنیش هەبووەو ئەمڕۆ لەبیرکراون، لەسەرێکی تر تیۆریزەی ئەو چەمکو میتۆدانەمان بۆ دەخاتە بەردەست کەخۆی کاریان تیادا دەکاتو لەسەردەمێکی نزیکدا رۆڵێکی کاریگەریان لەخوێندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی تێکستی مەسیحیدا هەبووەو ریفۆرمی ئاینییان پێ ئەنجام داوە، ئەمە سەرباری ئەو میتۆدە زانستییانەی ئەمڕۆ لەبواری کۆمەڵناسیو مرۆڤناسیو دەروونناسی وزمانەوانیو مێژوویيدا

داهێنراون‌و بەردەوامیش لەپەرەپێدان‌و گەشەکردندان، دواجارئەرکون ئەو دەستکەوتە زانستییانەی ئەو کایە گرنگانە دەکات بەکەرەستەیەکی سەرەکی بۆ پراکتیزەکردنیان بەسەر کەلەپوری ئیسلامی‌و تێکستی قورئانی‌و فەرموودەو تەفسیرەکاندا.

## دابڕان لە دوو قۆناغی گرنگ

ئەرکون پێی وایە کۆمەڵگە ئیسلامییە هاوچەرخەکان لەدوو قۆناغی گرنگ دابڕاون، یەکەم: لەو قۆناغە داهێنەرەی کەلەپوری خۆیان دابڕاون کەدەرگایەک بۆ رۆشنگەریو بیری جیاوازی ئایینی دەکاتەوە، واتە چوارسەدەی یەکەمی کۆچی، یان تەنانەت تا سەدەی شەشەمی کۆچیشو تامردنی ئیبن روشدی فەیلەسوفی گەورەی ئیسلامی کەدوای ئەوە ئیتر بیرێکی سکولاستیکیو باوەڕێکی دۆگماتیزمانەی ئایینی بڵاوبووەو تەنها پشتی بەیەک تەفسیرو یەک قوتابخانەو یەک مەزهەب دەبەست وەکو مەزهەبی (مالکی) لەمەغریبی عەرەبیو مەزهەبی (حەنەفی) لەئیسلامی عوسمانیدا. دووەم: لەو قۆناغە گرنگەی مۆدێرنە دابڕاون کە لەئەوروپادا هەر لەسەدەی شانزەهەمو حەڤدەهەمەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام لەپێشکەوتندایە. بۆیە ئەم گیروگرفتە بۆ بیریاراناو رۆشنبیرانی دنیای هاوچەرخی ئیسلامی گرفتێکی ئاڵۆزو قورسە، چونکە ئەمان لەبەردەم کەلەپورێکی مێژوویی قەبەو ئاڵۆزدان کە تائەمڕۆ خوێندنەوەی زانستی بۆنەکراوە، بۆیە دەبێ رۆشنبیرانی ئەمڕۆی دنیای ئیسلامی لەدوو سەنگەردا کار بکەن: سەنگەری کەلەپورو سەنگەری مۆدێرنەی ئەوروپیو.. چۆن بتوانن بگەنە ئاستێک قۆناغی کلاسیکی تێپەڕێننو بگەنە چەرخی مۆدێرنە. ئەم کارە بەدوو گرووپ دەکرێ: گرووپی یەکەم

گروپی ئەو پیاوە ئاینییانەیە کە دیدێکی کراوەو ڕۆشنگەرانەیان بەرامبەر بەئایینو کەلەپورو مۆدێرنە هەیە «کە ئەمانە ئەمڕۆ ژمارەیان زۆر کەمە»، گروپی دووەم ئەو بیریارو ڕۆشنبیرو مێژوونووسانەن کە دیدێکی زانستیو واقعییان بۆ کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی دنیای ئیسلامی هەیەو باوەڕیان بەپراکتیزەکردنی مینۆدە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەمڕۆ بەداخەوە دەبینین مەعریفەو زانیاریی زۆربەی پیاوانی ئایین لەسنوری زانیارییان لە کەلەپورێکی تەقلیدی دەرناچێتو لاهوتێکی بەسەرچوو دەخەنە روو و ئاگاداری ئەو دەستکەوتە زانستیو فەلسەفییە گەورانە نین کە لەماوەی چوار سەدەی رابردوودا مۆدێرنە بەدەستی هێناون.

## ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی

محەمەدئەرکون زۆر جار زاراوەی ئیسلامیاتی کلاسیکی (یان ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی) لە بری زاراوەی خۆرهەڵاتناسی (ئۆرێنتالیزم) بەکاردێنێت، چونکە وشەی «خۆرهەڵاتناسی» زیاد لە پێویست لەوتێنراوە بە هۆی ئەو مشتومڕە ئایدیۆلۆژییە توندەی لانیکەم لە شەستەکانەوە وروژێنراوە. لێرەدا دوو تێکستی بنچینەییئەرکون هەیە (واتە دوو تێکستی میتۆدی و تیۆری) لە بارەی ئەو زاراوەیە دەدوێ. یەکەمیان پێشەکیی چاپی سێهەمی کتێبی (چەند وتارێک لە بارەی فیکری ئیسلامی) 1984و دووەمیان بەشی یەکەمی کتێبە ناودارەکەی بە ناوی (بەرەو رەخنەگرتن لە عەقڵی ئیسلامی) چاپی یەکەم 1984. جگە لە تێکستێکی دیکەی گرنگ کە راستەوخۆ باسی بابەتی خۆرهەڵاتناسی دەکات بە ناوی (گوتارە ئیسلامییەکان، گوتارە خۆرهەڵاتناسییەکان - و فیکری زانستی).

بێگومان لێرەدا چەندین ئاماژەی درێژ، یان کورت هەیە بۆ ئەو گفتوگۆ میتۆدگەراییە گەورەیەی بەردەوامئەرکونی سەرقاڵ کردووە و لە نوسینە جیاجیاکانیدا بڵاوبونەتەوە، لە کوێدا پێویستی کرد لێی دەدوێین و سەرەتای دەستپێکردنیشمان یەکەمین کتێبی قەبەیئەرکونە بە ناوی (هیومانیزمی عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا) کە بریتییە لە تێزی دکتۆرانامەکەی لە زانکۆی سۆربۆن.

ئەرکون لە دەقی یەکەمیدا - واتە پێشەکیی کتێبی: چەند وتارێک لە بارەی فیکری ئیسلامی - بەمجۆرە ئەو زاراوەیە پێناسە دەکات: «ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی بریتییە لە کۆی ئەو مەعریفە خۆرئاواییەی لە بارەی ئیسلامەوە نووسراوە هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم».

ئەم مەعریفەیە (واتە: خۆرهەڵاتناسی، یان ئیسلامیاتی کلاسیکی) رۆڵێکی ئیجابی هەبووە لە هەڵگیرساندنی ئەو شتەی عەرەبەکان پێیدەڵێن: «بووژانەوە» یان «رێنیسانس» (واتـە: ڕێنیسانسی عەرەبی). گرنگترین دەستکەوتی خۆرهەڵاتناسی - کە کەمتر شوێنی رەنکردنەوەو مشتومڕە - بریتییە لە: چاپکردن و ساغکردنەوەی ژمارەیەک لە تێکستە کلاسیکییە عەرەبی - ئیسلامییەکان، ئەو تێکستانەی بۆ چەندین سەدە بیرچووبوونەوە تەنانەت لە لایەن موسڵمانان و خودی کەلەپووری ئیسلامیش. دەرهێنانی ئەو تێکستانە لەمەرقەدەکانیان و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیان لەسەر رێگەی فیلۆلۆژیی (واتە فیقهی زمانەوانی) تا ئەمڕۆش دووره لەوەی کۆتایی بێت، چونکە لێرەدا ژمارەیەکی زۆری دەستنوسی شاراوە و لەبیرچوو هەیە کە لە کتێبخانە جیهانییەکاندا پەنهانن و تا ئێستاش ساغ نەکراونەتەوەو رووناکییان نەدیوە. ئاشکرایە کە مێتۆدی فیلۆلۆژیی وردبین یەکێ لە جیاکارییە بنەڕەتییەکانی ئیسلامیاتی کلاسیکی پێکدەهێنێ، جێی داخە ساغکردنەوەی تێکستە ئیسلامییە دێرینەکان لە دنیای عەرەبیدا پەیڕەوی سادەترین رێسای ئەم مێتۆدە فیلۆلۆژییە ناکات کە هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە لە خۆرئاوادا بۆ ژیاندنەوەی کەلەپوری گریکی - لاتینی پرۆسەکراوە.

ئەمە سەبارەت بە لایەنە پۆزەتیڤەکانی مێتۆدی فیلۆلۆژی، ئەی لە بارەی لایەنە نێگەتیڤەکانی دەتوانین چی بڵێین؟ئەرکون دەڵێ: «بە

پێچەوانەی ئەمەوە وا دیارە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی لاواز و پەرپووتە بە تایبەتی کاتێ کە بنەما و رێسا جێگیرە پەنهان و ئاشکراکانی دەپشکنین و هەروەها کاتێک لە نزیکەوە میتۆدەکانی و پاشان تەئویلەکانی (بێگومان بۆ ئیسلام) دەپشکنین بۆمان دەردەکەوێت چەندە لاوازە. من ئەمە دەڵێم و ناشمەوێ بخزێمە ناو ئەو دادگاییکردنە تۆمەتکاری و ئایدیۆلۆژییەی لە دژی خۆرهەڵاتناسی دەکرێت وەک چۆن ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمان ئەم کارە دەکەن. ئەوان تەنها بەوەندە واز دەهێنن کە دەیانەوێ بەرگریکردنێکی کوێرانە لە ئیسلام، یاخود ئایدیۆلۆژیایەکی دوژمنکارانە شوێنی خۆرهەڵاتناسی بگرێتەوە یان بەڕوویدا بوەستێنەوە. ئەمە لە کاتێکدا گرفتی راستەقینە لە ئاشکراکردنی بنەما جێگیر و شاراوەکانی خۆرهەڵاتناسیدایە، واتە گرێدانی بەوەی بشێت ناوی بنێین: سیستمی کولتوریی سەر بەچەرخی کلاسیکی لە خۆرئاوادا».

بەمجۆرە دەبینینئەرکون لە ئاستی ئیپستمۆلۆژییەوە رەخنە لە خۆرهەڵاتناسی دەگرێت نەک لە ئاستی ئایدیۆلۆژی، بە پێچەوانەی ئەو کارەی زۆربەی - ئەگەر نەڵێین هەموو - رۆشنبیرە عەرەب و موسڵمانەکان دەیکەن. دیسانئەرکون دەڵێ: «کاتی ئەوە هاتووە مەیلی مۆرالیستی - یان ئەوەی گوایە مۆرالیستیە - و وەعزدادانی باوی عەرەبی ئیسلامی تێپەڕێنین. هەروەها دەبێ ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییە پڕ لە ژاوەژاو و سادەگۆییانەش تێپەڕێنین کە هیچی وای بۆ خاوەنەکانیان تێناچێت. دەبێ هەموو ئەو شتانە تێپەڕێنین بۆ ئەوەی بخزێینە ناو رەخنەیەکی ئیپستیمۆلۆژیی قووڵەوە بۆ ئەم دوو سیستمە فیکرییە: لە سەرێک سیستمی عەرەبی - ئیسلامی کلاسیکی، لە سەرێکی تر سیستمی خۆرئاوایی. دەتوانین بڵێینئەرکون هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژە رەخنەییە گەورەیە تەرخان کردووە.

بەڵام دەقی دووەم کە تیایدا لە بارەی ئیسلامیاتی کلاسیکی (واتە خۆرهەڵاتناسیی تەقلیدی) دەدوێ، بریتییە لە: «بەرەو ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی» و لەوێدا دەڵێ: «ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی بریتییە لە گوتاری خۆرئاوایی لە بارەی ئیسلام، واتە گوتارێک هەوڵی عەقڵنیکردن دەدات لە تێگەیشتنی ئیسلامدا. بەڵام وشەی ئیسلامۆلۆژی (Islamologie) و خودی زاراوەکە داهێنانێکی تەواو خۆرئاواییە. چونکە موسڵمانەکان تەنها لە بارەی ئیسلام قسە دەکەن وەک چۆن مەسیحیەکانیش هەمان شت دەکەن، کاتێ لە بارەی مەسیحیەت قسە دەکەن».

کەواتە دوای ئەوەی ئەم وشەیە لە زمانە بیانییەکاندا داهێنرا، لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە وشەیەکیان لە زمانی عەرەبیدا بۆ دۆزییەوەو لە راستیدا ئەمە لە لای ئێمە لە زۆربەی زاراوە و چەمکەکاندا روودەدات. جا لەبەرئەوەی خۆرئاواییەکان (لە خۆرهەڵاتناسان و غەیری خۆرهەڵاتناسانیش) لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا زانست بەرهەم دەهێنن و ئێمەش بە حازری وەریدەگرین، ئەوا ناچاردەبین چەمک و زاراوەکان وەربگێڕین هەروەکو چۆن واتا و هزر و فیکرەکانیش وەردەگێڕین، بێگومان ناشبێ بە چاوی سووکەوە سەیری ئەو کۆششە گەورانە بکەین کە لە پێناوی پرۆسەی گواستنەوە و وەرگێڕاندا خەرجکراوە، وەرگێڕان کارێکی ئەوەندە سادە و ئاسان نییە وەک هەندێ کەس بەو جۆرە وێنای دەکەن. ئەگەر ئێمە تا ئەمڕۆش ناتوانین لە بواری زانستیدا داهێنان بکەین، ئەوا لایەنی کەم با بتوانین وەرگێڕانی چاک بکەین.

هەرچۆنی بێ،ئەرکون وایدەبینێ ئەم زانستە تا ئەمڕۆش لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی بۆ نەکراوە تا جۆری میتۆدەکەی و سروشتی گریمانەکەی و لایەنە دیار و نادیارەکانی دەربخات.ئەرکون لێرەدا دەیەوێ

ئەو کارە ئەنجام بداتً. ئاخۆئەرکون چ رەخنەیەک و چ خەوشێکی دیکە لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکیدا دەبینێتً؟ ئەو هەر لە سەرەتاوە تێبینی ئەوە دەکاتً کە «ئیسلامۆلۆژی کلاسیکی ئەرکی خۆی لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامدا قەتیس دەکاتً لە میانی نووسینەکانی گەورە فیلۆلۆژیستان و رووناکبیرە ئیسلامییە کلاسیکییەکان. لە سەرەتادا وا دەردەکەوێ کە ئەم میتۆدە زۆر وردبین و بابەتییە. زانای ئیسلامۆلۆژی (یان خۆرهەڵاتناس) دەزانێ کە خۆی کەسێکە لە دەرەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەیدایە و خۆی لە هەر جۆرە حوکمدانێک بە دوور دەگرێتً، ئیدی تەنها ناوەڕۆکی تێکستە ئیسلامییە کلاسیکی و نوێیەکان دەگوازێتەوە و وەریاندەگێڕێتە سەر زمانە بیانییەکانی وەکو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتالی و.. هتد.

بەمجۆرە زانای ئیسلامۆلۆژی وەک رێنیشاندەرێکی سارد و وشک لە مۆزەخانەدا، رەفتاردەکاتً. ئەو تەنها تابلۆکانتً پیشان دەداتً بێئەوەی هەقی بەسەر شتێکی ترەوە هەبێتً، واتە بێئەوەی راڤەیان بکاتً یان هەڵیانسەنگێنێ یاخود لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی تابلۆکاندا یارمەتیتً بداتً. بەڵگەش بۆ ئەمە دەبینین ئەو پەیوەندییە یان ئەو داپچڕانەی موسڵمانە هاوچەرخەکان لەگەڵ ئەو تێکستانەدا - واتە تێکستی خۆرهەڵاتناسان - هەیانە، بەلای زانای ئیسلامۆلۆژییەوە گرنگی نییە و وەک خۆیان دەڵێن: ئەمە ناچێتە ناو بازنەی پسپۆریی ئێمەوە و ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆیی و تایبەتییە و پەیوەندیی بە موسڵمانەکان خۆیانەوە هەیە و پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە.

بەڵام ئێمە دەزانین کە مەسەلەی (بەردەوامێتی) و (دابڕان) سەبارەتً بە مێژوونوسانی فیکر شتێکی زۆر گرنگە و نابێ خۆیانی لێ لابدەن، ئەمە ئەگەر بیانەوێ بەشێوەیەکی جیدی کارەکەیان ئەنجام بدەن. ئەمە

جگە لەوەی کە مەسەلەی بەردەوامێتی و داپچڕان تەنها بەشێوەی تیۆری یان ئەبستراکتی لێیناکۆڵرێتەوە بەڵکو بەشێوەیەکی واقیعی هەستپێکراو و پشکنینی مەیدانی لێیدەکۆڵرێتەوە. تەنها ئەم ڕێگەیە رادەی پەیوەندی یان نەبوونی پەیوەندیی موسڵمانە هاوچەرخەکان بە تێکستە کۆنەکانیان ئاشکرا دەکات. ئەوەندە بەس نییە موسڵمان بڵێ من موسڵمانم و ئیتر ئێمەش پێمان وابێت کە ئاگاداری تێکستەکانی کەلەپورەکەی خۆیەتی (بە تایبەتی تێکستە گەورەکانی چەرخی دامەزراندن: واتە تێکستی گەورە فیلۆلۆژیستان و دامەزرێنەرانی مەزاهیبەکانی وەکو ئیمامی شافعی و ئیبن حەنبەل و ئیبن مالک و ئەبوحەنیفە و جعفر الصادق و عبدالله بن اباچ و.. هتد، پاشان تێکستی کەلامناسان و فەیلەسوفان و موعتەزیلەکان، ئەمە جگە لە تێکستی گەورەی دامەزراندن واتە قورئانی پیرۆزو هەروەها فەرموودەکانی پێغەمبەر و تەفسیرەکان و کتێبەکانی ئەخبار و مێژوو.. هەموو موسڵمانان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو تێکست و کتێبانە نین.

ڕەخنەیەکی دیکە لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی ئەوەیە: تەنها ئیسلامێک کە شوێنی بایەخی «خۆرهەڵاتناس» یان زانای ئیسلامیاتی کلاسیکییە لە راستیدا ئەو ئیسلامە رەسمییەیە کە پابەندە بە دەوڵەت و دەسەڵات و زمانی پەتی و رۆشنبیریی نوخبەوە. بگرە ئەو توێژەرە عەرەب و موسڵمانانەی بۆیان دەرەخسێ ببن بە مامۆستا لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکادا و پرۆسەی ئیسلامۆلۆژی دەکەن، لەم رووەوە شوێن پێی خۆرهەڵاتناسەکان هەڵدەگرن، واتە ئەوانیش تەنها بایەخ و گرنگی بە ئیسلامی رەسمی دەدەن. ئەمە واتا ئەوان لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەدا هەموو ئەم لایەنانەی خوارەوە دوور دەخەنەوە:

1- هەموو گوزارشتێکی زارەکیی ئیسلام، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە

بەو میللەتانەی نووسین نازانن وەکو بەربەر و ئەفریقییەکان و جەماوەری میللی و نەخوێندەوار بە گشتی.

2- ئەو شتانەی نەنوسراون و نەوتراون، واتە ئەو شتانەی کەسێ ناوێرێ بیانڵێ یان بیاننووسێ بە هۆی سانسۆرێکی ئایدیۆلۆژیی توند و دەسەڵاتی تاکە حزب بەسەر هۆیەکانی راگەیاندندا (واتە ئەو شتە بدرکێنیت کە بیری لێناکەینەوە، یان لە ناخی خۆتدا بیر لە شتێک بکەیتەوە بێئەوەی بوێریت بیدرکێنیت. لێرەوە هەژموونی دووڕویی و نیفاق لە گۆڕەپانی عەرەبی - ئیسلامیدا زاڵدەبێت).

3- ئەو شتەی نەنووسراوە بەڵام وتراوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و مزگەوت و قوتابخانەو زانکۆدا گێڕدراوەتەوە و حیکایەت کراوە. خۆرهەڵاتناس هەمیشە بە «تێکستە شەرعییەکان»ی ئیسلامی کلاسیکی قەتیس دەکرێ، یان بە نووسینەکانی ریفۆرمیستە سەلەفییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کەچی لێکچەرێکی زیندووی وەکو لێکچەرەکانی محمد سعید رمچان البوگی فەرامۆش دەکات گەرچی ئەم پیاوە دەتوانێ لە یەکێ لە مزگەوتەکانی دیمەشقدا هەزاران کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. هەروەها دەکرێ ناوی متولی الشعراوی لە میسر بهێنین، یان ناوی وتاربێژەکانی مزگەوت و واعیزە گەورەکان، لە راستیدا ئەمانە کاریگەرییەکی زۆر گەورەتریان لەسەر میللەت هەیە وەک لە تێکستە کلاسیکییەکان. لە راستیدا خۆرهەڵاتناسە نوێیەکان گرنگی بە وتارەکانی سەلەفییە نوێیەکان دەدەن، هەروەها گرنگی بە نووسینەکانی ڕێبەری بزوتنەوە ئوسولّییەکانی وەکو راشد الغنوشی یان حسن ترابی و ئەوانیتر دەدەن و دەقەکانیان وەردەگێڕنە سەر زمانە ئەوروپییەکان بێگومان لە تێڕوانینی بەرژەوەندییەکی سیاسی خێرا و راستەوخۆوە پتر لەوەی لە تێڕوانینی شیکردنەوەیەکی قووڵی ئیپستیمۆلۆژییەوە بێت و دواتر

لەم خاڵە دەدوێین. ئەوان بە پلەی یەکەم دەیانەوێ خزمەتی کۆمەڵگاکانی خۆیان بکەن نەک خزمەتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان.

4- فەرامۆشکردنی ئەو تێکستانەی گوایە ئۆریجیناڵ نین، واتە فەرامۆشکردنی ئیسلامی شیعی و اباضی (یان: خارجی) و تەنها بایەخ بە ئیسلامی سوننی دەدەن و پێیانوایە ئەم ڕەوتە نوێنەرایەتی هەموو ئیسلام دەکات، یان ئیسلامی ئۆرسۆدۆکسی (ئیسلامی «راست و دروست» بەو پێیەی رەوتەکانی تر بیدعەن). لە واقیعدا ئیسلامی سوننی جگە لە تیۆریزەیەکی عەقائیدی دۆگمایی شتێکی تر نییە، ئەمیش لە دواییدا هاتووە بۆ ئەوەی پاساوی ئەو شتانە بکات کە ڕوویانداوە و رەواییەک بخاتە بەر ئەمری واقیع (واتە ڕەواپێدانی زنجیرەیەک کاری مێژوویی و سیاسی کە لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە بەزەبری هێز سەپێنراون. ئومەوییەکان یەکەم کەس بوون ئاینیان زەوت کرد و بە دەسەڵاتی سیاسییەوە گرێیاندا، واتە ئاینیان بۆ رەوایەتی دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا کە لە ڕێگەی هێز و ستەمەوە بە دەستیان هێنا). ئیسلامی سوننی پەیوەستێکی بەهێزی بەو دەسەڵاتە سیاسییانەوە هەیە کە لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە (661ز) تا ئەمڕۆ بە دوای یەکدا هاتوون، کەواتە دەبێ دان بە ڕەوایی ئیسلامی خارجی و ئیسلامی شیعیشدا بنرێ بۆ ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ ئیسلامی سوننیدا ئەنجام بدرێ و مەزهەبە ئیسلامییەکان یەک بگرن.

5- فەرامۆشکردنی هەموو سیستمە سیمیۆلۆژی - سیمانتیکییە نازمانەوانییەکان (واتە ئەو سیستمەی لە ڕێگەی ئیحا و هێما و ئاماژەوە دەلالەت دەبەخشێ، یان ئەوەی پێی دەوترێ «زمـان»ی نازمانەوانی). بۆ نموونە ئەو ئەفسانانەی لە باوکان و باپیرانەوە بە میرات ماونەتەوە (حیکایەتەکانی داپیرە یان باپیرە لە شەوانی زستاندا) هەروەها عیبادەت و

سرووت و مۆسیقا و چۆنێتی ڕێکخستنی کات و شوێن و ئاوەدانکردنەوەو چۆنێتی ڕێکخستنی شەقامەکانی شار و دیکۆری ناوەوە (تەنانەت دیکۆریش زمانی خۆی هەیە) هونەری بیناسازی و هونەری شێوەکاری و جلوبەرگ و متبەخ و بونیادەکانی خزمایەتی و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان. بە گشتی سەرجەمی ئەو نیشانەو هێمایانەی لە کۆمەڵگادا هەن (یان ئەوەی ڕۆلان بارت–ی ڕەخنەگری فەرەنسی پێیدەڵێ «ئیمپراتۆریای نیشانەکان» یان ئیمپراتۆریای سیمیۆلۆژی).

لە ڕاستیدا زانستی ئیسلامیات –ئیسلامۆلۆژی – (یان: خۆرهەڵاتناسی) هەموو بایەخی خۆی لە لێکۆڵینەوەی بیری سێنتەریزمی زمانەوانی – یان لۆگۆسێنتەریستی Logocentriste – قەتیسکردووە، واتە (تیۆلۆژی = لاهوت، فیلۆلۆژی = فیقهی زمان ، فەلسەفە). بە مانایەکی تر بایەخدانەکانی خۆی لە لێکۆڵینەوەی تێکستە تیۆرییە دێرینەکان قەتیس کردووە و ئەوانی دیکەی فەرامۆش کردووە. تەنانەت ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیەش پتر ئەبستراکتییە و لە ناو تێڕوانینی ئایدیالی مێژووی تەقلیدیی فیکرەکان پرۆسە دەکرێ. بەمجۆرە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی ئەم شتانەی خوارەوەی فەرامۆش کردووە: گرفتی قەبە و ئاڵۆزی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ و مەرجداری نێوان ئیسلام بە سیفەتی دیاردەیەکی ئایینی/ و نێوان هەموو ئاستەکانی تری بوونی بەشەری (واتە فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و مێژوویی و زمانەوانی و سێکسی و... هتد). واتە بە شێوەیەکی گشتی و لە تێڕوانینێکی ئەبستراکتییەوە لە ئیسلام کۆڵراوەتەوە وەک بڵێی ئیسلام لە سەرووی کات و لە سەرووی شوێن و لە سەرووی کۆمەڵگا و مێژووەوە وەستابێت، گوایە ئیسلام کار لە کۆمەڵگە و مێژوو دەکات بێئەوەی کۆمەڵگا و مێژوو کار لە ئیسلام بکەن، گوایە ئیسلام هەموو مێژوو و چەرخەکان دەبڕێ بێئەوەی

هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت (ئەمە تێڕوانین و گۆشەنیگای سەرجەم تیۆلۆژیای کلاسیکییە نەک تەنها لە ئیسلامدا، بەڵکو لە مەسیحییەت و لە جولەکەشدا هەیە). ئەم چەشنە تێڕوانینە پێی وایە ئایین هیچ پەیوەندییەکی بە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ماتریالییەکانەوە نییە و ئایین لە سەرووی ئەم شتانەوەیەو ناکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە. ئەمە لە ڕاستیدا تێڕوانینێکی ئایدیالیستییانەیە و ناتوانێ لە بەرامبەر تاقیکردنەوەدا خۆی بگرێ. ئەمەش زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە نوێیەکان سەلماندوویانە، بۆ نموونە سۆسیۆلۆژیای ئایینی و زانستی مێژووی ئایینەکان و زانستی بەراوردکاریی ئایینەکان.

**مۆرکی پەراوێزیی خۆرهەڵاتناسی لە ناو گۆڕەپانی زانستی خۆرئاواییدا**

لەبەرئەوەی لەلای ئێمە ناوی گەورە خۆرهەڵاتناسان ناوێکی ڕەونەقدار و نێودارە، پێمان وا دەبێ ئەمانە لە وڵاتی خۆیشیاندا هەمان ناوبانگ و ڕەونەقیان هەیە. لە واقیعدا مەسەلەکە – وەکئەرکون دەڵێ – بە پێچەوانەوەیە، کاریگەریی خۆرهەڵاتناسەکان، ناچێتە دەرەوەی دیوارەکانی بەشی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵات لە زانکۆکانی خۆرئاوادا، هەروەها ئەمانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕەوتی زانستی خۆرئاوادا یان فیکری خۆرئاواشدا نییە، دیسان ئەمانە کاریگەرییەکی زۆر لاوازیان لەسەر ڕای گشتیی خۆرئاوادا هەیە.

ئایا دەکرێ کاریگەریی خۆرهەڵاتناسان لە گۆڕەپانی فەرەنسی (یان پاریسیدا) بەراوردبکەین بە کاریگەریی توێژەرێکی وەکو، بۆ نموونە، (کلۆد لیڤی شتراوس) کە پسپۆرە لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی ئەمریکای لاتینی؟ یان ئایا دەشێت کاریگەریی ئەمان بەراورد

بکەین بە کاریگەریی فەیلەسوفێکی وەکو (میشێل فوکۆ) کە پسپۆرە لە لێکۆڵینەوەی فیکری ئەوروپی؟ یان بەراوردی بکەین بە (فیرنان برۆدێل) یەکێ لە ڕێبەرانی زانستی مێژووی نوێ لە فەرەنسە؟ تەنانەت چەند ناوێکی وەکو لویس ماسینیون یان گۆستاف فۆن گرینباوم یان جاک بێرک ناتوانن لە بەرامبەر ناوی شتراوس و فۆکۆ و فیرنان برۆدێل بوەستن. کەچی ئەو ناوانە (واتە ناوی خۆرهەڵاتناسان) لەلای ئێمە زۆر باو و ناودارن. هۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆرهەڵاتناسان بە زۆری بەوە ناسراون کە سەر بە میتۆدی کلاسیکیی خۆرئاوان، واتە سەر بە میتۆدی پۆزەتیڤیستی مێژووگەرایی و ئێتنیی سێنتەریزم. ئەمانە زۆر بە کەمی بەرامبەر بە نوێکاریی میتۆدی کراونەتەوە، واتە بەرامبەر بەو میتۆدانەی لەم دواییەدا سەریان هەڵداوەو گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە، واتە میتۆدی سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆجیا کە لە سەرەتای شەستەکانەوە نەخشەی مەعریفیی خۆرئاوایان بە تەواوی گۆڕیوە. ئێمە دەزانین کرانەوەی میتۆدی بەندە بە هەڵوێستێکی فیکری و دەروونی.

بە واتا: ئایا دەشێت میللەتانی دیکەی غەیری ئەوروپی هەمان ئەو شوێنگە مرۆڤایەتییەیان هەبێت کە میللەتانی ئەوروپی هەیانە؟ ئایا دەشێت زمان و کولتووری میللەتانی غەیرە ئەوروپی شایستەی هەمان لێکۆڵینەوەبن و ئایا هەمان ئەو یاسا و ڕێسایانەیان بەسەردا پراکتیک دەکرێ کە بەسەر زمان و کولتووری میللەتانی ئەوروپیدا کراوە؟ یان لێرەدا تەنانەت لە ئاستی میتۆد و لێکۆڵینەوە و زاراوەشدا جیاوازییەکی رەگەزی هەیە؟ لە ژێر رۆشنایی وەڵامی ئەم پرسیارانەدا هەڵوێستی هەموو توێژەرێک یەکلا دەبێتەوە: ئایا لە ڕووی ئیپستیمۆلۆژییەوە سەر بە مۆدێرنیتەی فیکرییە یان نا؟ ئاخۆ سەر بە خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکییە یان خۆرهەڵاتناسیی نوێ؟

## ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی

محەمەدئەرکون دەیـەوێ ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی شوێنی ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی (یان خۆرهەڵاتناسی) بگرێتەوە. بەڵام ئایا مەبەستی لەم زاراوەیە چییە؟ ئەگەر لەمە تێبگەین ئەوا لە گرنگیی ئەو پڕۆژە گەورەیە تێدەگەین کەئەرکون هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری ئیسلامی خۆی لە قەرەی داوە. پڕۆژەکەیئەرکون خواستێکی گەورەی هەیە و تا دوورترین سنوور دەکشێ، ئەگەرچی زۆرجـار ئەم پڕۆژەیە (واتە ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی) خۆی لە پشتی داڕشتن و تەعبیری خاکەڕا و وریای توێژەرێکی ئەکادیمیدا دەشارێتەوەو لە ڕاستیدا بەرەو ئەو سەرەنجامەت دەبات کە خۆی مەبەستێتی بێئەوەی هەست بکەیت کە بەربەست و شوراکانت بڕیوەو تابووکانت پێشێل کردووە یان لە ئاستی مەعریفیدا بازی گەورەت داوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا پەروەردەییە «پیداگۆجییە» گەورەیەیئەرکون کە دەتوانێ تێزە فیکرییە هەرە ترسناک و شۆڕشگێڕییەکان بە کۆمەڵێ داڕشتنی مەخمەلیی جوان و نەرم و هێمن بەرگپۆش بکات.

لە ڕاستیدائەرکون دەیەوێ ئاگایی و هۆشیاریی ئیسلامی لە کەش و قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی تازەگەری (مۆدێرنیتە) بێئەوەی دوچاری شۆک و راچەنین ببێت. بەڵام ئایا ئەمە مومکینە؟ ئاخۆ

ئەم ئاگاییە لە ساتێک لە ساتەکاندا پارچە پارچە نابێت وەک چۆن ئەمە لە ئاگایی مەسیحی لە ئەوروپادا روویدا ئەو کاتەی لە سەدەی هەژدەهەمەوە بەر مۆدێرنیتەی زانستی و فیکری کەوت؟ بە مانایەکی تر: ئاخۆ نرخی ئەو گواستنەوەیە نادات تا لە کۆت و پێوەندەکانی رزگاری بێت؟ ئایا لێرەدا ڕێگایەکی تر هەیە بۆ رزگار بوون؟ ئەمانە تەنها پرسیارن و لە پەراوێزی فیکریئەرکوندا دەیانخەینە ڕوو، دەشێت لەم باسە درێژەدا چەند جارێکی تر بەم پرسیارانە بگەینەوە.ئەرکون لەو دکتۆرە دەچێ دەیەوێ نەشتەرگەری بۆ نەخۆش بکات بێئەوەی نەخۆشەکە هەست بە ئازار بکات یان هەست بە کەمترین ئازار بکات، لەبەرئەوە بە وردبینییەوە حیساب بۆ هەموو شتێ دەکات بۆ ئەوەی نەخۆشەکە دووچاری شۆک نەبێت یان لەساتەوەختی نەشتەرگەریدا نەمرێت، ئەو دەزانێت هۆشیاری وئاگایی هاوچەرخی ئیسلامی ئاگاییەکی نەخۆشە و بگرە زۆریش نەخۆشە، ئەویش دەیەوێ رزگاری بکات نەک بیکوژێت. کەرەستەو ئامێری ئەو نەشتەرگەرییە بریتییە لە ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە و زاراوە ئاکتیڤەکانی روون بکەینەوە.

ئەرکون لە دەقی یەکەمیدا لە کتێبی «چەند وتارێک لە بارەی فیکری ئیسلامی» دەڵێ: «رۆجێ باستید کتێبێکی چاپکرد بە ناوی -ئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی- ئێمەش لەوێوە زاراوەی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی بەکاردەهێنین. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەو بیرە بنچینەییەوە دەست پێدەکەین کە: ئیسلام وەکو هەموو ئایینە گەورەکانی تر، کەم و زۆر، ئیلهامی بەسەرجەمی ئەو «بەهایانە» بەخشیوە کە بناغەی بونیادی گشتیی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان پێکدەهێنێ و بەرگی مەشروعیەتی بەبەر ئەو بەهایانەدا کردووە. بەڵام ئەم کۆمەڵگا ئیسلامییانە هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دوچاری چەندین لەرزینی

گەورە «یان بازدانی گەورەی پێشکەوتن» بوون وەک ئەو پێشکەوتنانەی هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییە مەسیحییەکاندا روویدا، لە حاڵەتێکی واشدا هەندێ ئەرکی پراکتیکی بەرهەم دەهێنرێ کە مومکین نییە توێژەرە زانستییەکان فەرامۆشی بکەن یان چاوپۆشی لێبکەن، هەر ئەم ئەرکە پراکتیکیانەشە کە بەرنامەی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی پێکدەهێنێ کە ئێمە لە سەرانسەری کارەکانماندا خستوومانەتە ڕوو، ئەمەش لە بنەڕەتدا لەم کارە گرنگەدا قەتیس دەکرێ: خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی سەرانسەری کەلەپووری ئیسلامی».

**ئەرکون مەبەستی لەم دوو زاراوەیە: «رەخنەگرانە» و «سەرانسەری» چیە؟**

مەبەستی لە هەڵوێستی رەخنەگرانە: تەبەنیکردنی هەموو ڕێگەکانی پشکنین و ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە خۆرئاوا بەسەر خۆیدا پراکتیزەی کردوون و تا ئەمڕۆش پراکتیزەیان دەکات لە پێناوی جێهێشتنی قەیرانە تایبەتییەکانی خۆی، بەڵام لەگەڵ تەبەنیکردن و وەرگرتنی ئەو مینۆد و لێکۆڵینەوە زانستییانە دەبێ کەمێک دەستکاری بکرێن و لە هەندێ شوێندا راست بکرێنەوە، بۆئەوەی لەگەڵ حاڵەتی ئیسلامدا بگونجێن و قابیلی پراکتیزەکردن بن بەسەر کەلەپووری ئیسلامدا نەک وا دەربکەوێ کە بە زۆر سەپێنراون، ئەمەش وا لە فیکری ئەمڕۆی ئیسلامی - هەروەها فیکری عەرەبیش - دەکات کە پابەندی ئەم پێداویستییەی خوارەوە بێت:

جیاوازیکردن لە نێوان خەباتی ئایدیۆلۆژی - سیاسی لە سەرێک، و زەرورەتی هەرسکردنی دەستکەوتە زانستییەکانی خۆرئاوا لە سەرێکی تر. بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا و لە هاوسەنگیی هێزە باوەکاندا پێدەچێ ئەم چەشنە جیاوازیکردنە زەحمەت بێت ئەمە ئەگەر مەحاڵ نەبێت.

لێرەدا زەرورەتی ئایدیۆلۆژی زاڵ دەبێت بەسەر زەرورەتی ئیپستیمۆلۆژیدا، لەبەرئەوە دەڵێم: دەشێت پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی کەلەپووری ئیسلامی، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، بۆ ئەو توێژەرە موسڵمان و غەیرە موسڵمانە گۆشەگیرانە پاوان بکرێت کە لەو بوارەدا کاردەکەن، مەبەستم ئەو کەس و ئەو توێژەرانەی قایلن بەوەی بەشێوەیەکی گشتگیر باوەڕ بە پرەنسیپەکانی میتۆدی زانستی بهێنن هەروەها باوەڕ بە بیرۆکەی گەڕان بە دوای مانادا و دەرکێشانی ماناکان لە میانی سەرجەم ئەزموونە کولتوورییەکانی مرۆڤ نەک لە میانی تەنها ئەزموونێکەوە، واتە دەبێ ئەزموونی ئیسلام و ئەزموونی ئایینەکانی دیکەی وەکو مەسیحییەت و یەهودیەت و بوزییەت و.. هتد لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین، واتە ئەزموونی هەموو ئایینەکان بخەینە ناو بەراوردکارییەوە بۆ ئەوەی کەمێک عەقڵ و تێگەیشتنی خۆمان فراوان بکەینەوە.

ئەمە محەمەد ئەرکون لە دەقی یەکەمیدا لە بارەی چەمکی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکییەوە وتوویەتی، ئەی لە دەقی دووەمیدا چیی وتووە کە بە ناونیشانی «بەرەو ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی» نووسیویەتی؟ لێرەدا و لە میانی ژماردنی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کەئەرکون هێڵە پان و گشتییەکانی سەرجەم پرۆژە فکرییەکەی خۆی دەکێشێ. ئەو لە کاتێکدا بنەماکانی میتۆدی نوێ دیاریدەکات، دەبینین بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەموکورتییەکانی میتۆدی کلاسیکی ئاشکرا دەکات:

1- ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی بە مۆرکە عەمەلی و پراکتیکییەکەی جیادەکرێتەوە نەک مۆرکی تیۆری یان ئەبستراکتی لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامیدا. ئەمە واتا زانای ئیسلامۆلۆژی لەو مەسەلە گرنگ و گەرمانەوە دەست پێدەکات کە موسڵمانان دەیخەنە بەردەمی خۆیان یان ڕووبەڕووی

خۆیانی دەکەنەوەو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەردەوام دوچاری دەبن. بێگومان ئێگەیشتن لە ئێستا بەر لە هەرچی پێویستی بە ئێگەیشتنە لە ڕابردوو، واتە ئێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتییانەی دەقە ئیسلامییە گەورەکان و بە تایبەتی قورئان. میتۆدی بێلایەن یان میتۆدی بێلایەنگیری (واتە میتۆدێکی سارد و دەرەکی و وەسفگەرایی) کە خۆرهەڵاتناسی کلاسیکی پەیڕەویی دەکات، ناتوانێت لە بارودۆخەکە تێبگات. ئەگەر بیەوێ توێژینەوە زانستییەکەی بەشێوەیەکی کامڵ جێبەجی بکات دەبێ زیاتر و زیاتر ڕۆبچێتە ناو پرۆسەی مەعریفەوە، واتە لێکۆڵینەوەی وەسفی بەس نییە بەڵکو دەبێ تێراو بکرێ بە لێکۆڵینەوەی تەفکیکی - ڕەخنەیی لە پێناوی دەرهێنانی حوکمە گشتییەکان.

2- زانستە مرۆڤایەتییە نوێیەکان لە خۆرئاوادا، سەر لە بەر و لە ڕەگەوە، مەرجەکانی پرۆسیسەکردنی فیکری زانستییان هەڵگێڕاوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا فیکری ئیسلامی (واتە فیکری عەرەبی و تورکی و فارسی و پاکستانی و گشت ئەو فیکرەی بە زمانە ئیسلامییەکانی تر نووسراوەتەوە) بە دەست دواکەوتنێکی گەورەوە دەناڵێنێ و سێ سەدەش تێدەپەڕێنێ (ماوەی جیاوازیی مێژوویی نێوان فیکری ئیسلامی و فیکری ئەوروپی دەگاتە سێ سەد ساڵا، ئێستاکە فیکری ئیسلامی هەست بە ئاسەواری شارستانیەت و ئەو لەرزینە گەورانە دەکات کە لە خۆرئاوا لە سەدەی شانزەهەمەوە دەستیان پێکردووە و ئەو شتەیان بەرهەم هێناوە کە دەشێت ناوی بنێین «بیری نوێ» یان بیری مۆدێرنە). فیکری ئیسلامی بە هەموو کۆپییەکی عەرەبی یان فارسی یان تورکی یان پاکستانی.. هتد تا ئەمڕۆش کەوتۆتە ژێر قورسایی هەژموونی سیستمی بیری سەدەکانی ناوەڕاستەوە، یان بە پێی گوزارشتی میشێل فوکۆ: سیستمی ئیپستیمۆلۆژیی سەدە تاریکەکان، یان ئیپستیم Epistem، و مەبەستمان لە ئیپستیمی سەدەکانی ناوەڕاست ئەمەی

خوارەوەیە:

تێکەڵکردنی ئەوەی ئەفسانەییە/و ئەوەی مێژووییە، نەبوونی قودرەتی جیاکردنەوەی ئەفسانەیی لە مێژوویی، پاشان پۆلێنکردنی دۆگماییانەی بەها ئەخلاقی و ئاینییەکان، ئینجا جەختکردنێکی لاهوتیانەی ئەو گوتەیەی کە دەڵێ کەسی ئیماندار باشترە و لە پێشترە لە کەسی بێئیمان، یان موسڵمان لە ناموسڵمان چاکتر و لە پێشترە، پاشان پیرۆزکردنی زمان و پێداگرتن لەسەر ئەوەی ئەو زمانە لە خوداوەیە و دروستکراوی بەشەر نییە، ئینجا جێگیر بوونی ئەو مانایەی لە ڕێگەی پێغەمبەر و فەرموودەکانیەوە لە خوداوە گەیشتۆتە بەشەر، پاشان باوەڕهێنانێکی ڕەها بەوەی کە ئەو مانایە لە لایەن فوقەهاکانەوە بەشێوەیەکی کامڵ و تەواو ڕاڤە کراوەو ڕوون کراوەتەوەو پارێزراوە و گواستراوەتەوە بۆ وەچەی ئیمانداران بەبێ هیچ ناتەواوی و لابردن و بێئەوەی هیچی لێ ون بێت، پاشان باوەڕهێنان بەبوونی عەقڵێکی نەمر یان عەقڵێکی ئەزەلی و هەتا هەتایی کە هیچ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایەت و هەروەها باوەڕهێنان بەوەی ئەو عەقڵە لە سەرووی مێژووەوەیە یان سنوورەکانی مێژووش جێدەهێڵێ چونکە کانگاکانی خۆی لە گوتەی خوداوە وەردەگرێ. دیسان پێیان وایە ئەم عەقڵە بناغەیەکی ئەنتۆلۆجی وای هەیە بەسەر هەموو مێژووگەراییەکدا بەرز دەبێتەوە (واتە لەگەڵ گۆڕانکاریی زەمەن و سەردەمەکان، ئەو عەقڵە ناگۆڕدرێت و پارێزراوە) ئەمانە ئەو باوەڕە جێگیر و بنچینەییانەن کە هزر و زەینی خەڵکیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا داگیر کردووە. بێگومان بەشی هەرە زۆری تایبەتمەندییە گەورەکانی ئەم ئیپستیمەی سەدەکانی ناوەڕاست تا ئەمڕۆش تەنانەت لە فیکری هاوچەرخی مەسیحی لە خۆرئاواشدا بوونی هەیە و چالاکە، ژمارەیەکی زۆری رووناکبیرە مەسیحییە خۆرئاواییەکان -

هەروەکو ژمارەیەکی گەورەی موسڵمانەکان - تا ئەمڕۆش مێژووگەرایی عەقڵ ڕەت دەکەنەوە و باوەڕیان وایە تێکستەکانیان دوورە لە هەڵە و ئەو تێکستانە پەیوەندییان بە مێژووەوە نییە.

3- بە پێچەوانەی ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکییەوە، ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی لە تێڕوانینێکی ئەنترۆپۆلۆژیی فراوانەوە لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە، ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی وایدەبینێ ئیسلام بریتییە لە یەکێ لە دەرکەوتەکانی دیاردەی ئایینی، دیاردەی ئایینی یان «دیاردەی پیرۆزگەرایی» دیاردەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە بەو مانایەی هیچ کۆمەڵگایەک خاڵی نییە لەو دیاردەیە، سا ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی بێت یان پێشکەوتوو، کۆن بێت یان نوێ. ئەم تێڕوانینە تەنانەت سەبارەت بە فیکری پێشکەوتووی خۆرئاواش تێڕوانینێکی زۆر تازەیە.

لێرەوە، ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی لە ڕەگوڕیشەوە جیاوازە لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی. ئێمە دەزانین ئامانجی ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی -واتە خۆرهەڵاتناسی- بریتییە لە: خستنە ڕووی کۆمەڵێ زانیاریی وەسفی و ورد - واتە زانیاریی دەرەکی و سارد - لە بارەی ئیسلام بۆ جەماوەری خۆرئاوایی کە هیچ شتێ لە بارەی ئیسلامەوە نازانێت. خۆرهەڵاتناسی (یان ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی) ناچێتە ناو لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانەی بەراوردکاری تا ئیسلامیش بەیەکسانی بخاتە بەردەم مەسیحییەت و یەهودیەتەوە. بەڵام ئامانجی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی (واتە مێتۆدی محەمەدئەرکون) بە تەواوی جیاوازە،ئەرکون دەیەوێ لە میانی دوو تێڕوانینی کامڵەوە لە ئیسلام بکۆڵێتەوە کە رەچاوی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە دەکەن:

ا- ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی دەیەوێ بچێتە ناو ڕووبەڕووبونەوەیەکی پڕ لە ململانێوە لەگەڵ کەلەپورێکی درێژ لە تەقلیدی پیرۆزگەرایی کە

دەیەوێ هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئایینەکانی تر جیابکاتەوە، واتە هەڵوێستی هێرشکاری کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە میراث ماوەتەوە، دەبێ لە جیاتی ئەمە هەڵوێستی بەراوردکاری شوێنی بگرێتەوە.ئەرکون وایدەبینێ ئەم ئەرکە ئەوەمان لێدەخوازێ خۆمان بخزێنینە ناو گەورەترین پرۆسەی ڕزگارکردنی ناوخۆیی فیکری ئیسلامی، ئەویش لەو پرەنسیپە ئیپستیمۆلۆژییەوە کە (گاستۆن باشلار) لە بارەیەوە دەڵێ: مومکین نییە فیکری زانستی لە بوارێکدا سەربکەوێت تەنها لە پاش رووخاندنی ئەو زانیارییە هەڵانەدا نەبێت کە لەو بوارەدا باڵا دەستن، سا لەبەرئەوەی ئێمە لە ناو بازنەی ئاینێکی دیاریکراودا پەروەردەبووین پێمان وا دەبێ کە هەموو ئەو شتانەی وەرمان گرتوون راست و دروستن و هەر شتێکی تری دەرەوەی ئەو بازنەیە هەڵە و لە ڕێ لادانە، کەواتە پێویستە یەکەمجار لە خۆمانەوە و لە ناو خۆمانەوە دەست بکەین بە پرۆسەی ڕزگاری.

ب- ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی چالاکییەکی ئاکتیڤی زانستییەو لەگەڵ تێکڕای فیکری هاوچەرخدا هاوکارە، لەبەرئەوە نموونەی ئیسلام وەردەگرێ و لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە هەروەکو لە ئاینەکانی دیکەی وەکو یەهودیەت و مەسیحیەت و بوزیەت و هیندۆسیەتیش دەکۆڵێتەوە، واتە لە تێڕوانینێکەوە کە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئاینیدا بکات (ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی واتە لێکۆڵینەوە لە ئاینەکان لە میانی بەراوردکردنیان و دۆزینەوەو کەشفکردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان)، ئەمە ئەو تێڕوانینە بەرفراوانەیە کە هەلومەرجی تایبەتی ئیسلام تێدەپەڕێنێ و دەگاتە حاڵەتی ئیمانداری و ئایینخوازی بە سیفەتی رەهەندێکی ئەنترۆپۆلۆژی لە رەهەندەکانی مرۆڤ لە هەموو کات و شوێنێکدا (واتە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئایینی یان دیاردەی پیرۆزگەرایی لە میانی گشت ئاینەکانەوە نەک تەنها لە میانی

یەک ئاینەوە، پیرۆزگەرایی و پیرۆزکردن دیاردەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە و هیچ کۆمەڵگەیەکی بەشەری خاڵی نییە لەو دیاردەیە). لەم تێڕوانینەوە محەمەدئەرکون دەستی کردووە بە خوێندنەوەیەکی نری قورئانی پیرۆز و هەندێ لە تێکستە ئیسلامییە کلاسیکییە گەورەکان. بۆچی؟ چونکە ئەو دەیەوێ لە ناو خودی فیکری ئیسلامیدا کۆمەڵێ پرسیاری نوێ بوروژێنێ، ئەو چەشنە پرسیارانەی ماوەیەکی دوورودرێژە سەبارەت بە فیکری مەسیحی پرسیاری زانراو و ئاشنان (بێگومان مەبەست لە فیکری مەسیحی خۆرئاوایە نەک خۆرهەڵات) لەبەرئەوەی فیکری مەسیحی لە خۆرهەڵات تا ئێستاش لەم لایەنەوە پاشکەوتووە ڕێک وەکو فیکری ئیسلامی (بڕوانە بارودۆخی مەسیحییە عەرەبەکان کە ئەمانیش لە هەمان هەستیاریی ئایینخوازیی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین بە پێچەوانەی مەسیحییە ئەوروپییەکان کە لە ناو کەشی مۆدێرنەدا دەژین) ئەمەش مانای وایە ئایین پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵگا و بە پلەی پێشکەوتن یان پێشنەکەوتنی کۆمەڵگاوە.

ئەرکون دەیەوێ فیکری ئیسلامی لە چاو فیکری مەسیحی خۆرئاوایی هەروا بە پاشکەوتوویی نەمێنێتەوە، بۆیەئەرکون قورئانی پیرۆز دەخاتە سەر مەحەکی رەخنەی مێژوویی و بەراوردکارییەوە، پاشان مەحەکی شیکردنەوەی زمانەوانیی ئەفکیکی و لێوردبوونەوەی فەلسەفی کە تەرکیز دەکاتە سەر چۆنێتی بەرهەمهێنانی مانا و مەرجەکانی بڵاوبوونەوەو گۆڕانکاری و لەنێوچوونی ئەو مانایە، مانا هەتا هەتایی و ئەزەلی نییە، بەڵکو ئەویش هەڵدەوەشێتەوەو گۆڕانی بەسەردا دێ، پاشان ئاوا دەبێ هەروەکو چۆن پێدەگات و شکڵدەگرێ، مانا کاتێک هەڵدەوەشێتەوە کە گروهێک لە ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنیدا لەسەری ژیاون.ئەرکون لە ڕێگەی ئەم ڕۆشنکردنەوە تازەیەوە بۆ قورئانی پیرۆز دەیەوێ بگاتە نوێکردنەوەی

فیکری ئایینی بە مانای فراوانی وشەکە، نەک بە تەنها بیری ئایینی لە ئیسلامدا. ئەو دەیەوێ تێگەیشتنی ئێمە بۆ دیاردەی ئایینی تازە بکاتەوە بێگومان لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی میتۆدە نوێیەکان لەسەر لێکۆڵینەوەی ئیسلام هەروەکو چۆن بیرمەندە ئەوروپییەکان ئەو میتۆدە تازانەیان بەسەر لێکۆڵینەوەی مەسیحیەت و یەهودیەتدا پراکتیک کردووە.

## ناکۆکییەکی ئیپستیمۆلۆژی لە نێوان
## ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی و ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی

**ئەم ناکۆکییە، بەپێی تێڕوانینی محەمەدئەرکون، لە مانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ:**

-ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی (یان خۆرهەڵاتناسیی تەقلیدی) بەسیفەتی سیستمێک لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە کە بریتی بێت لە کۆمەڵێ بیری تەجریدی تایبەت بە خۆی وەک بڵێی ئەو بیرانە گەوهەری جێگیر و نەگۆڕن و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت و بە مێژوو نالەوتێنرێن و ملکەچی مێژووگەرایی نابن، ئەمەیە تێڕوانینی مێژووی تەقلیدیی بیرەکان و ئەم چەشنە تێڕوانینە پێی وایە فیکرەکان بە سەربەخۆیی لە دەرەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و هەلومەرجە ماتریالییەکان هەن وەک ئەوەی لە بۆشاییدا و لە سەرووی واقیع و لە سەرووی شتەکانەوە بن.

-بەڵام ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی وەک دیاردەیەکی ئایینی ئاڵۆز لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە لە پەیوەندیدا بە چەند فاکتەرێکی وەکو سایکۆلۆژی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و..هتد. لەبەرئەوە ئیسلامیاتی پراکتیکی میتۆدی ئەم زانستانە بەکاردەهێنێت:

1- میتۆدی شیکردنەوەی دەروونی.

2- زانستی دەروونی فەردی و جەماعی.

3- زانستی مێژوو (واتە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا هاتوون).

4- میتۆدی سۆسیۆلۆجیا (واتە لێکۆڵینەوە لە ئیسلام بە سیفەتی ئەوەی سیستمێکە بۆ کارکردنی مێژوویی یان بۆ پرۆسیسی مێژووگەرایی) وەک سۆسیۆلۆجیستی فەرەنسی (ئالان تۆرین) دەڵێ. ئەمەش واتە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ئیسلام لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی تیایاندا بڵاوبۆتەوە و هەروەها کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایانەش لەسەر ئیسلام. بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئیمانداره تەقلیدییەکان تێیگەیشتوون، ئیسلامیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایانەی دەچێتە ناویانەوەو لێرەدا ئیسلامیش شێوەو ڕەنگی ئەو کۆمەڵگایانە وەردەگرێ (بەم مانایە دەشێت قسە لەسەر ئیسلامی ئیندونوسی و ئیسلامی پاکستانی و ئیسلامی عەرەبی و بگرە ئیسلامی مەغریبی و ئیسلامی مەشریقیش بکرێت... هتد).

بەمجۆرە دەبینین ئیسلام لە میانی گۆشە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە لێی دەکۆڵرێتەوە نەک تەنها لە میانی میتۆدی فیلۆلۆژیی (فیقهی) کە خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکی تەنها لە ڕێگەی ئەم میتۆدەی دوایی لە ئیسلامی دەکۆڵییەوەو تا ئەمڕۆش لێی دەکۆڵێتەوە. ئەم ڕەوتە تازەیەی لێکۆڵینەوە - کە محەمەدئەرکون بە هەموو توانای خۆیەوە بانگەشەی بۆ دەکات - دەیەوێ ئیسلام لە «تایبەتمەندییە ئەزەلییەکەی» دەربهێنێ کە خۆرهەڵاتناسە تەقلیدییەکان تیایدا دیلیان کردبوو تا هیچ بەراوردکارییەک لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەتدا ئەنجام نەدرێت و بە بۆچوونی ئەوان ئیسلام لە ڕەگەزێکی ترەو جیاوازە لە «ئاینە ژیارییەکان»ی

تر و هەر بەراوردکارییەک لە نێوان ئەم دوو ئایینەدا دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی بەهای ئایینی مەسیحی، ئەمە ئەو دیدگا جێگیرە ناوەکییە (چونکە دیدگایەکە بە دەگمەن خۆی بە ئاشکرا دەردەخات) کە تەحەکوم بە کارەکانی ژمارەیەکی زۆری خۆرهەڵاتناسە کۆنزەرڤاتیڤەکان دەکات. بەڵام لێرەدا هەندێ خۆرهەڵاتناسی کراوەو پێشکەوتوو هەن لە چەشنی (ماکسیم رۆدنسۆن) بە تەواوی لە بەرامبەر بەراوردکاریدا کراوەن.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی لە ڕووی کرانەوەی مەعریفی یان ئیپستیمۆلۆژی و میتۆدییەوە خواست و ئامانجێکی گەورەتری هەیە وەک لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی، هەروەها لەوەش تێدەگەین کە رەخنەگرتنی محەمەدئەرکون لە خۆرهەڵاتناسی بە تەواوی جیاوازە لەو رەخنەیەی ژمارەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمان لە خۆرهەڵاتناسیی دەگرن، راستەئەرکون لە خاڵێکدا کۆک و تەبایە لەگەڵیاندا ئەویش «بێنرخکردنی سێنتەریزمی ئێتنیی ئەوروپییە» یان ئەوەی بە «عەقڵی هەژمونگەرا» ناوی دەبات، بەڵام ئارکۆن گرفتەکە لە ئاستی ئایدیۆلۆژیدا ناهێڵێتەوە واتە ناچێتە ناو ئاستی ئایدیۆلۆژییەوە - وەک ئەو رۆشنبیرانە دەیکەن - بەڵکو گرفتەکە دەباتە ناو ئاستی ئیپستیمۆلۆژییەوە، مەسەلەی سێنتەریزمی ئێتنی ئەوروپی بەندە بە قۆناغێکی تەواوی مێژووی فیکری ئەوروپییەوە کە بریتییە لە مۆدێرنەی کلاسیکی، ئەم قۆناغەش لە سەدەی نۆزدەهەمدا - سەدەی پۆزەتیڤیزم و مێژووگەرایی و میتۆدی فیلۆلۆژی - گەیشتە ئەوپەڕی. ئەم میتۆدە بۆ کات و سەردەمی خۆی پاساوی خۆی هەبووە، لەبەرئەوە بێمانایە ئەمڕۆ و لە پاش بەسەرچوونی، لە دژی ئەم میتۆدە بابەت بوروژێنین و تێکڕای بیریارە ئەوروپییەکان بە مەیلداری سێنتەریزمی ئێتنی ئەوروپی تۆمەتبار بکەین، یان بەرەگەزپەرست

تۆمەتباریان بکەین (لەوانە خودی مارکسیش).

لە واقیعدا هەر کولتوورێک کە سەردەکەوێ پتر مەیلی ئەوەی دەبێ لە دەوری خودی خۆیدا خول بخواتْ و خۆی بە چەقی گەردوون بژمێرێ، لەبەرئەوە پێویستە ئەو کولتووره بخەینە شوێنگەی خۆی واتە شوێنگەی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجەی تیایدا ژیاوە، دەبێ دەستکەوتەکان و سەلبیاتەکانی بزانین بەرلەوەی بێنرخی بکەین یان رەخنەی لێبگرین، ئیتر پاش ئەوە دەتوانین لەوە بکۆڵینەوە چۆن ئەو کولتوره لەسەر دەستی میتۆدە تازەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان تەجاوز کراوە، سا لە هەر مرۆڤ و لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێتْ، ئەم میتۆدە نوێیانە زۆر فراوانتر لە میتۆدە کلاسیکییە کۆنەکان، چونکە ئەوانەی یەکەم بەرامبەر بە هەموو کولتوورەکان و ئێکرای کۆمەڵگە بەشەرییەکان کراوەن بەبێ جیاوازی. دەبێ ئەوەش بزانین محەمەد ئارکۆن لە سەرەتای ژیانی کارکردنی زانستیدا لە ژێر کاریگەریی میتۆدی کلاسیکی خۆرهەڵاتناسیدا بووە (واتە میتۆدی فیلۆلۆژی)، بەڵام پاش ئەوەی بە تـەواوی لێی تێگەیشتْ و هەرسی کرد و لایەنە پۆزەتیڤەکانی زانی و ئاگاداری تۆکمەیی لایەنە زانستییەکەی بوو، ئینجا رەخنەی لێگرتْ و میتۆدێکی تری داهێنا، لە راستیدا سەرجەمی میتۆدی فیلۆلۆژی نێگەتیڤ نییە - وەک هەندێ کەس لەو بـاوەڕەدان - بەڵکو ئەمە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا قۆناغی یەکەم و بنچینەیی پێکدەهێنێ. بۆیە لێرەوە دەتوانین بارستایی ئەو جیاوازی و ئەو بۆشاییە گەورەیە بپێوین کە لە ئاستی ئیپستیمۆلۆژیدا هەردوو میتۆدەکە لە یەکتر جیادەکاتەوە.

## ئایین لە فەزای سۆسیۆ مێژووییدا
## د.محەمەد ئەرکون

لێرەدا پێنج گۆڕەپان یان پێنج کایە هەیە دەبێ هەوڵ بدەین بە دیقەتێکی زۆرەوە باسیان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە لە پێناوی ئەوەی بە هێمنی و بەشێنەیی درێژە بە شیکردنەوەکەمان بدەین. ئێستا ئەو پێنج کایەیە دەژمێرم، بێئەوەی پلەدارییەکی هەڕەمییان لە نێواندا بکەم، چونکە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئەمەم کرد ئەوا ئێمە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە خۆمان لەناو یەکێکیاندا دیلدەکەین. کەواتە ئێستا هەرچۆنێک هات بە هەڕەمەکی دەیانژمێرم: (گۆڕەپانی فیکری)، (گۆڕەپانی ئاینی)، (گۆڕەپانی سیاسی)، (گۆڕەپانی ئابووری)، (گۆڕەپانی کولتووری).

ئەم پێنج بوارە یان ئەم پێنج گۆڕەپانە سەرانسەری فەزای کۆمەڵایەتی مێژوویی پێکدەهێنن کە ئەمانە ئەرکی خوێندنەوەی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی مێژووییەیان دەکەوێتە سەرشان. مومکین نییە ئەم خوێندنەوەیەش بە باشترین شێوە ئەنجام بدرێت تەنها ئەگەر زانستی تەئویل بۆ تێگەشتن لە کۆمەڵگاکانی کتێب پراکتیزە بکەین: واتە ئەو کۆمەڵگایانەی لە کتێبی سرووشبەخشەوە بەرهەمهێنراون، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێگەی ئێمە لە ئاوێزانبوون بە جیهان و کارلێککردن لەگەڵیدا پەیوەستە بە

تۆڕێکی دەگمەن لە هەستپێکردن و دەرککردن، ئەو تۆڕە لە لایەن زمانی دایکەوە گەڵاڵە بووە و چەسپیوە. هەموو زمانێکیش بریتییە لە پارچەکردن، یان بڕینی ئەو واقیعەی تیایدا دەژین(. ئەم بڕین و پارچەکردنە -بەبێ خواستی خۆمان- کۆمەڵێ سنوور و کۆمەڵێ دەلالات دەخاتە سەر واقیع، سنوور و دەلالاتێک کە لە لایەن زمانەوە سەپێنراون. لەبەرئەوە دەبینین زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان تا ئاستێک لەوە دەچێ یەقینی نەبن. هەر لەبەرئەوەش خەباتی ئێمە لە پێناوی عەلمانییەت یان عەلمانیکردن لە هەموو شوێنێ زیاتر خۆی دەسەپێنێ، دیسان لەبەر ئەم هۆیە دەبینین زۆر زەحمەتە قسە لەسەر ئایین بکەین.

ئایین، یان ئایینەکان، لەهەر کۆمەڵگایەک، بریتییە لە چەندین ڕەگوڕیشەی درێژ. لێرەدا پێویست ناکات ئاینە پەیگانی (وەسەنی) و ئاینە تەوحیدییەکان (سرووش) جیابکەینەوە، ئەم جیاکردنەوەیە کاتیگۆرییەکی تیۆلۆژی بەزۆر سەپێنراوە و هەمیشە بە شێوەیەکی دوانەیی (دیواڵتی) تۆڕە ئیدراکییەکەی یاخود ڕوانینەکەی خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێ. تێڕوانینی عەلمانی ڕایدەگەیەنێ کە بەرەو قووڵایی شتەکان و بەرەو ڕەگەکان شۆڕدەبێتەوە لە پێناوی ئەوەی ڕوانینێکی دروست و ورد و دادپەروەرانە پێک بهێنێ، بێگومان ئێمە نامانەوێ هەموو شتەکان ئاوەژوو بکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێ لە میانی تێڕوانینێکی دیکەی تازەدا بە هەموو شتەکاندا بچینەوە و سەرلەنوێ هەڵیانسەنگێنین. لە پشتی سنوورە تیۆلۆژییەکانەوە دەبینین هەموو ئاینەکان نەک تەنها ڕوونکردنەوە و تەفسیرەکانیان پێشکەش بە ئینسان کردووە، بەڵکو ئەو وەڵامە عەمەلییانەشیان پێشکەش کردووە کە ڕاستەوخۆ قابیلی پراکتیک کردن و بەکارهێنانن بە تایبەتی لە پەیوەندیماندا بە بوون و بە کەسانی دی و بەو ژینگە فیزیاییەی دەوری داوین، بگرە

تەنانەت بە هەموو گەردوونیشەوە، هەروەها بەو شتانەی کە بە «سەرووی سرووشت» ناودەبرێ، وتە ئەو شتانەی سرووشتی هەستپێکراو تێدەپەڕێنێ. ئاینەکان زۆر لەوە دوورتر دەڕۆن، تا دەگەنە جیهانی سەروو سرووشت یان ئەودیوی سرووشت. ئەم وەڵامە وەکو بڵندگەراییەک و وەکو ڕاستییەک چاوی لێکراوە کە قابیلی گفتوگۆ نییە و هەروەها ئەمە مادەیەک نییە بۆ شیکردنەوەی زانستی لە لایەن عەقڵی بەشەریمانەوە، بەڵکو ئەمە لە بازنەی هەیبەت و هەژموونی عەقڵی مرۆیی دەردەچێ، لەبەر ئەم هۆیە ئێمە تێکەڵ بە هەستیاریی زۆر قووڵی خۆمانی دەکەین، نەک تەنها لە ڕێگەی زمانەوە بەڵکو لە ڕێگەی سرووت و پەرستنەکانیشەوە، واتە لە ڕێگەی ڕاهێنانێکی دیاریکراوی جەستەمانەوە (وەک ئەوەی، بۆ نموونە، لە نوێژکردندا هەیە).

ئێمە دەزانین کاتێک حەقیقەتەکان لەناو خۆماندا بەرجەستەتە دەکەین -بە مانای حەرفیی وشەی بەرجەستە-، واتە کاتێک لە جەستەماندا دەیتوێنینەوە، ئەوسا ئەو حەقیقەتانە بە شێوەیەکی کوللی و کۆتایی پەیوەست دەبێت بە کەینونەی قووڵی ئێمەوە و پاشان پەیوەست دەبێت بەو تۆرە ئیدراکییەی دواجار تەحەکوم بە هەموو بوون و سلوکی ئێمەوە دەکات،کەواتە دەبێ لەم ئاستە قووڵ و ڕیشەدارەدا هەوڵبدەین لە بونیادی گۆڕەپانی ئایینی تێبگەین، هەروەها ئەو ڕێگەیەی کە ئەم گۆڕەپانە ئاینییە لە کۆمەڵگە بەشەرییە جیاجیاکاندا ڕۆڵی خۆی پرۆسە دەکات. بەم مانایە هەموو ئەو شتەی کە بە ئاینەکان ناوی دەبەین (واتە هەموو ئاینەکان بەبێ دەرهاویشتە) تەنها برێتییە لە چەشنگەلێک (انماگ) بۆ ئەو فۆرمیولا سرووتئامێز و پەرستنانەی کە یارمەتیی ئاوێتەکردنی حەقیقەتە بنچینەییەکان دەدات لە جەستەی ئێمەدا، واتە تێکەڵاوکردنی «حەقیقەتە» ئاینییەکان لە

جەستەی مرۆڤدا. ئەو حەقیقەتانەی دواتر تەحەکوم بە سەرجەمی بوونی ئێمەوە دەکەن. بەمجۆرە دەبینین، بۆ نموونە، موسڵمان هەندێ جووڵانەوەی جەستەیی ئەنجام دەداث بۆ جێبەجێکردنی نوێژەکەی. مەسیحییەکیش هەندێ جووڵانەوەی تر جێبەجێ دەکاث و بوزییەکیش جووڵانەوەی دیکە.... هتد. بیناسازییە ئاینییەکانیش لەسەر ئەم پەرستن و سرووتانە دادەمەزرێن. پاشان سیستمە تیۆلۆژییە لاهوتییەکان شکڵیان گرث کە دواتر ئەرکی ئەو سیستمانە بریتی بوو لە تەفسیر و ڕوونکردنەوەی چەشنەکانی پەرستن. بەڵام لێرەدا زۆر گرنگە کە: ئەو چەشنە پەرستنانەی کە لە واقیعدا شتگەلی کولتووریی ئیحتیمالی یان ڕێکەوتئامێزی دروسث دەکاث (واتە ئەو کولتوورەی لە بنەڕەتدا ملکەچی ئەگەر و ڕێکەوتەکانە) جیابکەینەوە لە: ئەو بونیادە ڕێساییە قووڵەی بە فیعلی کارمان تێدەکاث. مەبەستم ئەمانە حەقیقەتی ئێمە پێکدەهێنن، ئێمە وەکو کۆمەڵێ بوونەوەری مرۆیی پەیوەسث بە زمان و بەو تۆڕە هەستیاری و دەرککردنەی زمان لە خۆی دەگرێ.

دەشێث قسەکردنمان لەسەر گۆڕەپانی ئاینی زۆر درێژتر بێتەوە، بەڵام لێرە بەوەندە دەوەستین و دەڵێین: ئەگەر ئێستا هەوڵبدەین ڕووبەڕووکردنەوەیەک یان بەراوردکارییەک لە نێوان گۆڕەپانی ئایینی و گۆڕەپانی فکریی عەقڵی بکەین، دەبینین ئەمەی دواییان چەند فۆرمێک یاخود چەند پێکهاتێکی زۆر جیاواز وەردەگرێ بەپێی هەمەجۆریی کولتوورییە بەشەرییەکان و هەروەها بەپێی چرکەساتە مێژووییە جیاوازەکانی خودی ئەو کولتوورە. با بۆ نموونە لێرەدا بیر لە گۆڕەپانی کولتووریی ئیسلام بکەینەوە. ئەگەر کەسێکی ئەوروپی خۆرئاوایی بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە، ئەوا دەبێ بەر لەهەر شتێک خاوەنی بیرێکی ورد بێث لە بارەی پێکهاتی عەقڵیی کولتوورە تایبەتییەکەی خۆی، چونکە مومکین نییە مرۆڤ بتوانێث

لە پێکهاتەی عەقڵیی کولتوورێک تێبگات ئەگەر خاوەنی مەعریفەیەکی پێشوەخت نەبێ لە بارەی کولتوورەکەی خۆی. ئەمەش شتێکی زۆر پێویستە، چونکە ئەگەر ڕووناکبیر خاوەنی ئەو مەعریفەیە نەبێت ئەوا هەمیشە هەست بە شپرزەیی و هەڵەکردن دەکات.

لە سەرەتادا ئەم تێبینییە بنچینەییە دەخەمە ڕوو: ئەوەی کە بە «عەقڵ» ناوی دەبەین بە هیچ جۆرێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ پرۆسەی کردارەکەی خۆی ناکات، بە پێچەوانەی ئەوەی لە مێژوویەکی دوورودرێژی فەلسەفەو لاهوت لە خۆرئاوای ئەوروپی و هەروەها لە ئیسلامیشدا ئەو وەهمەیان پێداوین. عەقڵ هەمیشە لە پەیوەندیدا بە خەیاڵ و خەیاڵکراو (متخیل Limaginaire) ڕۆڵی خۆی پرۆسە دەکات. ماوەیەکی کورتە تێبینی ئەوەمان کردووە کە مێژوونووسە نوێگەرەکان (بۆ نموونە جۆرج دۆبی) و سۆسیۆلۆژیستەکان دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە لە «خەیاڵکراوی کۆمەڵایەتی» کە یەکێک لە ڕەهەندە یەکلاکەرەوەکانی هەموو بوونێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ. بەڵام هێشتا ئەم فزولە مەعریفییە شتێکی تازەیە و ئەم تێڕوانینە مەعریفییە لە سەیرکردنی شتەکاندا نەچۆتە ناو گۆڕەپانی عەقڵی و فکریی کۆمەڵگای فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەمەریکی. ئێمە لە خۆرئاوادا هەر لە پاش سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ئامێزی «پەرستنی عەقڵانییەت» پەروەردە بووین.

بەمجۆرە دەبینین کاتێ زانایەکی تیۆلۆژی قسە دەکات وامان نیشان دەدات کە بە ناوی عەقڵی باڵاوە قسە دەکات و هەر خۆی کەرەستە و مەنهەجەکانە، پاشان پێمان دەڵێ بە چ جۆرێ کتێبە پیرۆزەکان بە شێوەیەکی گونجاو بخوێنینەوە، ئەمەش لە زمانی لاتینیدا پێی دەوترێ: ئیمانێک بە دوای عەقڵبووندا دەگەڕێ. بەڵام کاتێ دیکارت سەری هەڵدا و فەلسەفە

سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا یان لەژێر چنگی عەقڵی تیۆلۆژی ڕزگاری بوو، کەچی سەروەریی عەقڵ زۆر بە توندی بنجی بەست. پێشتر عەقڵی تیۆلۆژی -لاهوتی لانیکەم دانی دەنا بە زەلیلی عەقڵ، یان خاکەڕایی عەقڵ لە بەردەم پێدراوی سرووش و لە ڕاستیدا عەقڵ لە بەردەم سرووشدا دەچەمییەوە، بەڵام عەقڵی دیکارتی کە زۆر شانازیی پێدەکەین، سەروەریی خود جێگیر دەکات، تەنها سەروەریی خود و جگە لەو شتێکی تر سەروەر نییە. پاشان جۆرێک لە جیاکاری یان جیاکردنەوە دەچێتە ناو ئەو خودەوە؛ جیاکردنەوەی نێوان ئەو بەشە عەقڵانییەی تەرخانکراوە بۆ فکرێکی دادپەروەر و مەعریفەیەکی ڕاست و دروست و نێوان بەشی سۆزداری و خەیاڵی (بەپێی گوزارشتی کانت). لە سەدەی نۆزدەهەمدا -و بگرە تا ئەمڕۆش- ژمارەیەک کتێب لەو بوارەدا چاپکران ئەو کتێبانەی جەخت لەوە دەکەن کە ئێستا لە خۆرئاوادا چیدی خورافە و سیحر و نوشتە نەماوە، ئەوەی کە لە ئەفریقیای ڕەش و هەندێ شوێنی تری دنیادا تا ئەمڕۆش وەکو خۆی ماوەتەوە. ئێستا لە خۆرئاوادا تەنها عەقڵانییەتی زانستی باڵادەستە و هەژموونی هەیە، لە هەموو کاتێکیش زیاتر لە سەردەمی عەلمانییەتدا ئەو عەقڵانییەتە زانستییە هەیمەنەی هەیە. لەم کەشوهەوایەدا و لەم گۆڕەپانە فکریی عەقڵانییەدا ئەو عەلمانییانە سەرهەڵدەدەن کە تەماحی ئەوەیان هەیە حەقیقەت بزانن و بیگەیەننە ئەوانی دی.

لە دوای ئەو هەموو شتەی باسم کردن، بارستایی ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییانەمان بۆ دەردەکەوێ لە گەیشتن بە چرکەساتی ئاخاوتنی مەسیح کە بە زمانی ئارامی قسەی کردووە نەک بە زمانی گریکی، هەروەکو قەبەیی ئەو کێشەو زەحمەتییانەمان لە گەیشتن بە چرکەساتی یەکەمی گوتاری قورئانی بۆ دەردەکەوێ: واتە ئەو ئایەتە قورئانیانەی بۆ یەکەمجار

و  بە گوزارشتێکی زارەکی وتراون لە کۆمەڵگایەکدا نووسینی تێدا نەبووە یان زۆر بە کەمی هەبووە. مەبەستم کۆمەڵگایەک لە بنەڕەتدا پشتی بە نەقڵکردنی زارەکی دەبەست.

پاشان دەبێ کۆششێکی گەورەی دەرککردنی مێژوویی و هەستیاریی مێژوویی ئەنجام بدەین بۆئەوەی کاتیگۆری و بابەتەکانی ئەو مەعریفەیە جێبهێڵین کە پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدە و جۆرێکی دیاریکراو لە جۆرەکانی مارکسیزم بە میرات بۆی بەجێهێشتووین.

هەموو ئەمەش لە پێناوی گەیشتن بە شکڵگرتنی وێنەیەک یان بیرۆکەیەک لە بارەی چەشنی ئەو مەعریفەیەی لە کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا باوبووە، ئەو کۆمەڵگایانەی (سرووش)یان تیادا سەری هەڵداوە. «کۆمەڵگاکانی کتێب» لە خۆرئاوای ئەوروپی و هەروەکو لەلای یەهودی و ئیسلامیشدا لەسەر ڕێسای «خوێندنەوەکان» (یان تەفسیرەکان بە کۆ) بۆ دیاردەی سرووش، ژیاون و کاریان کردووە.

ئەم  دیاردەیەش (دیاردەی سرووش-وەحی) هەندێ جار ئەوەندە بە سادەیی باسی دەکەین وەک بڵێی ئاسان و لەبەردەستبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە واقیعێکمان لە هەموو لایەنەکانیەوە لەژێر دەستدەردەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کە مرۆڤ  لە ڕەهەندە ئاینییەکەیەوە پەنا بۆ سروش دەبات و لەوێوە بۆ شوێنێک دەگەڕێ تا چارەسەرەکانی چنگ بکەوێت، ئەو چارەسەرانەی چیدی کولتوورە هاوچەرخەکانمان پێشکەشی ناکەن، بەڵام ئەوسا خۆمان بە تەنیا دەبینین و لە بەرامبەر دیاردەی سروشدا لە هەموو چەکێ داماڵراوین لە بەرامبەر دنیا و گەردوون: گەردوونی سرووش. ئەو توانایانەی ئەمڕۆ لەبەردەستمانە بۆ چوونە ناو سرووش و تێگەیشتن لێی، زۆر کەمترە لەو توانایانەی کەسانی پێشووی ئێمە -ئەوانەی لە سەدەکانی

ناوەڕاستدا ژیاون- هەیانبووە. کەسانی پێش ئێمە لە زەمەنێکدا ژیاون سیستمێکی مەعریفیی وای تیادا باو بووە کە بۆ ئاتاج و پێداویستییەکانی خۆیان گونجاو بووە. هەروەها ڕەهەندی خوداوەندیی ئیعجازی و سروشت بڕ، بە هیچ جۆرێ نە لە لایەنی سیاسی و نە لە لایەنی عەقڵی ڕووبەڕووی گومان و ناڕەزایی نەبۆتەوە وەک ئەوەی لە سەدەی شانزەهەمەوە تا ئەمڕۆ لە ئەورووپای خۆرئاوادا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

دەبینین لێرەدا گۆڕەپانی سیاسی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێ بە بەراورد لەگەڵا گۆڕەپانی فکری و عەقڵی، هەروەها بە بەراورد لەگەڵا گۆڕەپانی ئاینی. هەروەکو هیچ وەسیلەیەکمان نییە بۆ دانانی پلەدارییەکی هەڕەمی نێوان ئەو گۆڕەپانە جیاجیانە. بە چ جۆرێ دەشێت ئەوە دیاری بکەین کە ئاخۆ هێزی سیاسیی دەوڵەتی خەلیفە پێکهاتی دیاریکراوی گۆڕەپانی فکری و گۆڕەپانی ئاینی ئیسلامی سەپاندووە، یان بە پێچەوانەوە دوو گۆڕەپانەکەی دی (فکری و ئاینی) دەوریان لە شکڵگرتن و سەپاندنی هێزی سیاسیدا هەبووە. لێرەدا دەبینین گرفتی پەیوەندییەکانی نێوان ئایین و سیاسەت بە سەرجەمگیری خۆی دەخاتە ڕوو و ئێمە ناتوانین بە ئاسانی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ بکەین وەک هەندێ کەس ئەمە دەکەن. ئەگەر ئێمە پێشوەختە مەسەلەکەمان یەکلاکردەوە ئەوسا لە زەمینەی شیکاری دوور دەکەوینەوە و ڕاستەوخۆ دەکەوینە ناو ڕووبەری خەیاڵ یان خەیاڵکراو یان ئایدیۆلۆژیاوە.

شتەکان لە خەیاڵدا یان لە خەیاڵکراودا زۆر بە ئاسودەیی مومارەسەی ڕۆڵی خۆیان دەکەن. ئەگەر بڵێم -وەک زۆرجار موسڵمانەکان دەڵێن- لە دنیادا دەسەڵاتێکی سیاسی نییە کە بە دەسەڵاتی خوداوەندییەوە نەبەسترابێتەوە و ملکەچی دەسەڵاتی خودایی نەبێت، ئەوا دەکەومە ئامێزی

خەیاڵکراوێکی (متخیل) بەرین و گەورەوە (واتە من بە تەواوی لە زەمینەی واقیع دوور دەکەومەوە). مرۆڤ هەر ئەوەندەی کەمێک چاوەکانی بکاتەوە یەکسەر بۆی دەردەکەوێ پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، لە ڕاستیدا ڕژێمە سیاسییە گرژ و ستەمکارەکان کە پشت بە هێزێکی سیستماتیزەکراوی مۆدێرن دەبەستن (وەک دەزگای پۆلیس و سوپا و ڕاگەیاندن) لە ڕێگەی ئایینەوە مومارەسەی دەسەڵاتی زۆردارییانەی خۆیان دەکەن. لە واقیعدا ئایین بە فیعلی هەژموونی هەیە بەڵام لە هیچ شوێنێکدا حوکم ناکات، {هێنری سانسۆن لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەم مەسەلەیەی ڕوونکردۆتەوە کە لە بارەی حاڵەتی جەزائیرەوە نووسیویەتی..}، لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری کۆمەڵایەتی دەڵێ خودا یان ئاینی سرووشبەخش حوکم دەکات یان دەبێ حوکم بکات، بەڵام واقیعی حاڵ ئەو گوتەیە یان ئەو گوتارە بە درۆ دەخاتەوە و دەڵێ حاکمە فعلییەکان بە هیچ جۆرێ ملکەچی ئاخاوتنی خودا نین، تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ملکەچی نەبوون.

لێرەوە و ڕێک لەم خاڵەوە دەگەینە بەنێویەکداچوونی بەردەوامی نێوان خەیاڵی و/ عەقڵانی. ئەوەی بە ئاخاوتنی خودا ناوی دەبەین لە واقیعدا بریتییە لە کۆمەڵە دەقێک (لە تەورات و ئینجیلەکان و قورئان) و ئەو دەقانەش بۆ تەفسیرەکانی پیاوانی ئایین و ئەو فوقەهایانە جێهێڵراوە کە مانا و دەلالەتەکانی دیاری دەکەن. بەڵام ئایا ئەو فوقەهایانە کێن و نوێنەرایەتیی چی دەکەن؟ لە قۆناغی کلاسیکیی مێژووی فیکری ئیسلامیدا لایەنگرانی زانستە ئاینییەکان لە بەرامبەر لایەنگرانی زانستە عەقڵییەکان (واتە ئەو فەیلەسووف و کەلامبێژانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئەرستۆتالیسەوە) ڕادەوەستان. ململانێی نێوان ئەو دوو ئاراستەیەش بارستایی و سنووری ئەو شتەی دیاری دەکرد کە من بە (عەقڵی ئیسلامی) ناوم بردووە

و هەروەها دیاریکردنی شێوەی پێکهاتە و میکانیزمی ئیشکردنەکەی. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ زمان و کولتوور و تێکڕای ئەو شتانەی پێشتر لە بارەی چۆنێتیی ئیشکردن و میکانیزمی گۆڕەپانی فیکریی کۆمەڵگایەکی بەشەریی دیاریکراودا وتمان. بە مانایەکی تر، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی زمان و ئەو تەئویل و تەفسیرانەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان درووستیان کردووە، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی لە ململانێدان لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی سیاسی و پاشان دەستگرتن بەسەر گۆڕەپانی فیکریشدا. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین وتنی ئەوەی کە «ئەم یان ئەو حکوومەتە لە کۆنتێکستی (سیاقی) مەسیحی یان ئیسلامی یان هەر سیاقێکی تر، پشتی بە ئیرادەی خودا بەستووە» واتە کەوتنە نێو جۆرێک لە خەیاڵ یان خەیاڵکراو، بەڵام بێگومان ئەمە خەیاڵکراوێکی پێویستە لە پێناوی ڕێکردنی کۆمەڵگە و میکانیزمی ئیشکردن. هیچ کۆمەڵگایەکی بەشەری نییە ڕۆڵی خۆی -بەبێ پێکهێنانی خەیاڵکراوێک- بە شێوەیەکی جیاواز پرۆسە بکات. تەنانەت ڕژێمی کۆماریش پێویستی بە «خەیاڵکراو» هەیە بۆئەوەی کارەکانی بە ڕێکوپێکی بڕوات، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەم ڕاستییە بین و بیهێنینە نێو بازنەی ڕووناکییەوە بە تایبەتی ئەوکاتەی ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئایین و سیاسەت و کۆمەڵگە و هەڵسەنگاندنی ئەو پەیوەندییە دەبینەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێبینییانەی سەرەوەدا پێدەچێ کارێکی بێهودە بێت هەموو جارێ وەکو تووتی ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئیسلام کارکردی سیاسی و کارکردی ڕۆحی لەگەڵ یەکدی تێکەڵدەکات، سەرباری ئەمە، دەبینین ئەم چەشنە وتەیە زۆر باوە و وەک بڵێی عەقیدەیەکی ڕەها بێت، و بگرە پێیانوایە ئەمە وتەیەکی عەقڵانییە! تەنانەت ئەو زانا ئیسلامیناسە خۆرئاواییانەی هاوچەرخی ئێمەن هەمان ئەو وتەیە دەڵێنەوە، بێگومان ئەم

جۆرە تێکەڵکردنەی نێوان فاکتەری سیاسی و فاکتەری ئایینی بوونی هەیە، بەڵام ئەمە بەرهەمی ئیسلامێکی خەیاڵییە لە لایەن فوقەها موسڵمانەکانەوە، کە پاشان خۆرهەڵاتناسەکان دێن و ئەو بیرۆکەیە وەردەگـرن و وەکو خۆی دەیڵێنەوە. ئەم تێکەڵکردنە لە ڕاستیدا -بە شێوەیەکی واقعی و هەستپێکراو- بەرهەمی ئەو بەنێویەکداچوونەی گۆڕەپانی ئاینی و گۆڕەپانی فیکری و گۆڕەپانی سیاسییە کە کۆنترۆڵ نەکراوە. لە واقیعدا کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕەپانانەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن پشت بە سرووشی یەکەم نابەستێ، هەروەکو ناشچێتە سەر جەوهەری هیچ ئاینێک، بەڵکو پشت بەو ڕێگەیە یان بەو شێوازە دەبەستێ کە تیایدا تێگەیشتن لە پەیامێک شکڵ دەگرێ، سا ئەو پەیامە ئاینی بێت یان سیاسی، هەروەها پشت بە شێوەی پراکتیزەکردن و ئاوێزانبوونی لە کۆمەڵگەدا دەبەستێ، کەواتە شتی گرنگ لێرەدا ئەمەیە: دەبێ تەماشای جۆری ئەو مەرجە مێژووییە هەستپێکراوە بکەین کە زەمینەی بۆ ئیسلام خۆش کرد لە کۆمەڵگە بەشەرییە جۆراوجۆرەکاندا ئاوێزان بێت و گەشە بکات. بۆ ئەوەی بە چاکی لەم خاڵەش تێبگەین دەبێ فاکتەرێکی تر بهێنینە نێو شیکردنەوەوە و نهێنییەکانی ڕەگەزێکی تر بکەینەوە کە تا ئێستا ناومان نەهێناوە، ئەویش: فاکتەری ئابووری یان گۆڕەپانی ئابوورییە.

لەم ئاستەدا من بە جۆرێک لە ڕێزگرتن و هاوکات جۆرێک لە وریایی سەیری ڕۆڵی مارکسیزم لە بواری فیکردا دەکەم. لە ڕاستیدا شتێکی پێویستە کە تەرکیز بکەینە سەر فاکتەری ئابووری، دەشتوانین بڵێین کە گۆڕەپانی ئابووری گرنگییەکی گەورەی هەیە، بێئەوەی مەبەستمان ئەوە بێت فاکتەری ئابووری بکەین بە کلیلی کردنەوەی هەموو شتێک. سەبارەت بەم بوارە -واتە بواری ئابووری- دەبێ بە مسۆگەری ئاماژە بۆ بایەخی ئەو دەورە گرنگە بکەین کە بورژوازی بینیویەتی، کە لەناو چینەکانی دیکەدا

چینێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم چینە -واتە بورژوازی- دەورێکی یەکلاکەرەوەی بینیوە لە جێلەقکردنی سنوورەکانی نێوان گۆڕەپانی ئاینی و گۆڕەپانی فیکری و گۆڕەپانی سیاسی لە خۆرئاوای ئەوروپیدا. بەڵام شیکردنەوەکانی ئێمە لێرەدا شیکردنەوەیەکی لاواز و ناتەواوە چونکە ئەو چارەنووسە جیاوازە لەبەرچاو ناگرێت کە بورژوازی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا دووچاری بوو، کەواتە دەبێ لەناو ئێڕوانینی شیکردنەوەیەکی بەراوردکاریدا بین و کۆمەڵگا بەشەرییەکان لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین نەک تەنها تەرکیز بکەینە سەر نموونەی خۆرئاوای ئەوروپی.

دەبێ خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئیسلام قۆناغی لەدایکبوونی چینێکی بورژوازیی دیاریکراوی بینیوە و هەقی ئەوەمان هەیە باسی ئەم چینە بکەین و دەوری لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا پیشان بدەین. ئەو چینە بورژوازییەکی بازرگانیی ناسەرمایەداری بوو -بە مانا خۆرئاواییەکەی- و لە دەوری بازرگانیکردنی شتومەکدا دەجووڵایەوە. ئەم بازرگانییە لە ئۆقیانووسی هیندییەوە تا خوارووی فەرەنسا درێژدەبووەوە و لە ڕێگای بیابانەکانەوە بە ئیسپانیادا تێدەپەڕی، لە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە تا سەدەی پێنجەمی کۆچی (واتە لە نێوان سەدەی نۆیەم و سەدەی یانزەیەمی زاینی) بەردەوام بووە و بووەتە مایەی دەوڵەمەندیی ئابووریی پایتەختە گەورەکانی دنیای ئیسلامی بۆ نموونە: تاران و ئەسفەهان و شیراز لە ئێران، بەغدا و بەسرە لە عێراق، دیمەشق لە سوریە.. هتد.

ئەو بورژوازییەی لە خۆرئاوادا دیمەنی شانۆی فیکری و کولتووریی سەپاند، ئەویش بەروبوومی پێشکەوتنێکی مێژوویی دیاریکراوە. ئەو دیاردە گرنگەی کە شایستەی ئەوەیە لێرەدا تۆماری بکەین ئەوەیە کە: بوژوازی لە ئەوروپای خۆرئاوادا هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە بەردەوامییەکی بێ

پسانەوەی بەخۆوە بینیوە بە پێچەوانەی دنیای ئیسلامییەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر پچڕپچڕ بووە. ئەوروپا لەو کاتەوە سەرهەڵدانی چینێکی کۆمەڵایەتیی چالاکی بەخۆوە بینیوە، لە سەرەتادا بازرگانی بوو پاشان بوو بە چینێکی سەرمایەداری و پیشەسازی و ئیدی ئەو دۆخە تا ئەمڕۆ بەردەوام بووە. بەمجۆرە بورژوازی وردە وردە بازنەیەکی سەربەخۆی بۆ چالاکیی ئابوری کـردەوە. ئەم ڕووداوە تا ئاستێک دیاردەیەکی لۆکاڵی و درەنگوەخت پێکدەهێنێ و دەتوانین وەک ڕووداوێکی لابەلای ناو ڕووداوەکانی مێژوو لێی بکۆڵینەوە، بەڵام مارکس تێکڕای تیۆرییەکەی خۆی لەسەر ئەم ڕووداوە بنیات نا: بەمجۆرە ئەوروپا توانی بازنەیەکی سەربەخۆ (یان گۆڕەپانێکی سەربەخۆ) بۆ ئابووری بکاتەوە و هاوکات مومکین بوو بازنەیەکی سیاسی سەربەخۆ و جیاواز لە بازنەی ئایینی دابمەزرێنرێ، بە تەریبی لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا بازنەیەکی ڕۆشنبیری و کولتووریی زۆر گەورەتر لە بازنەی ئایینی پێکهێنرا. هەموو ئەو بازنە جیاواز و سەربەخۆیانە شتێکیان پێکهێنا کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین: خۆرئاوا. ئەم جیاوازی و ئەم جیاکارییە ئەوەندە بەهێز و ڕوون بوو کە ئیدی نەماندەتوانی ئەم بەشەی دنیا بە دنیای مەسیحی وەسف بکەین و ئەم بەشە پێشکەوتووەی دنیا بە جیهانی مەسیحییەت ناوببەین.

ئەمڕۆ ئەو پرۆسە مێژووییە و ئەو پێشکەوتنە بنچینەییە زۆر بە باشی ناسراوە بە تایبەتی بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی مێژوونووسانی گەورەی وەکو، بۆ نموونە، فیرنان برۆدێل. بەمجۆرە شتێک شکڵی گرت کە ئەم مێژوونووسە گەورەیە (واتە فیرنان برۆدێل) پێی دەڵێ: «شارستانییەتی ماتریالی خۆرئاوا». لە ئاکامی ئەم پرۆسە مێژووییە گرنگەشدا گۆڕەپانی ئایینی ناچار بوو فۆرمێکی تر و پێکهاتێکی تر وەربگرێ، هەروەها ناچار بوو بە شێوەیەکی جیاواز شوێنگەی خۆی بگرێ بە بەراورد بەو گۆڕەپانانەی پێشتر

ناومانهێنان و ئەوانەی کە بورژوازی ئازادی کردن و کردنی بە گۆڕەپانی سەربەخۆ، بە تایبەتی گۆڕەپانی ئابووری و ئەو گۆڕەپانە ئایدیۆلۆژییەی یاوەریی دەکرد.

**• ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (الدکتور محمد ارکون، العلمنة والدین: الاسلام- المسیحیة- الغرب، ترجمة: د. هاشم صالح ، دار الساقي، الطبعة الثالثة- 1996) کە ئێمە وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دوو جار چاپکراوەتەوە، جاری یەکەم لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەساڵی 2005 و جاری دووەم لە پرۆژەی وەرگێڕانی شەست کتێبی رێکخراوە دیموکراتییەکان لە ساڵی 2009 .**

## ڕۆشنكردنەوەی ڕابردوو
## بۆ تێگەیشتنی ئێستاو بنیاتنانی ئاینده

**د. محەمەد ئەركون**

**«گەر من وەک یەزدان دەسەڵاتم ئەبوو**
**چەرخی گەردوونم زوو هەڵگرتبوو**
**سەرلەنوێ ڕەنگی ڕەنگم ئەڕێژا**
**ئازاد بەكامی دڵ بگەن هەموو»**
**عومەر خەیام***

«دەبێ لەسێ گۆشە نیگاوە سەیری زانست بكەین، دەبێ یەكەمجار وەک چالاكییەكی ئازاد چاوی لێبكەین كە تواناو دەسەڵاتێكی خواوەندیانەی عەقڵو خەیاڵی بەشەری ئەنجامی دەدا، دووەم دەبێ وەک ئەو وەڵامە سەیری بكەین كە هەندێ كەس لەسەر داوای ئەو كەسانە پێشكەشیدەكەن، كە دەیانەوێ دەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانیو سەركەوتن بەدی بێت، ئەوەش بێگومان لەبەرامبەر بەدیهێنانی ئاشتیو ئارامیو سەقامگیریدا دابین دەكرێ، سێیەم دەبێ وەک ئەو دۆزینەوە پلە بەپلەییە سەیری بكەین كە مرۆڤ بۆ شوێنو كات و ماددەو جەستەی خۆیو جەستەی هەموو بوونەوەرەكانی

تر کار ی بۆ دەکاث. پاشان -کە ئەمەیان گرنگترە- لەپێناوی لەناوبردنی تاریکیو خراپەکاریی رۆح».

**فریمان دایسۆن**

وا راهاتووم سەرەتا بەو نموونانە دەست پێبکەم کە هانی فیکر دەدەنو دەبنە هۆی کردنەوەی سەرەتایەک بۆ تێڕوانینێکی بەرفراوان، ئەو نموونانەی رێگەی ئەوەمان بۆ دەکەنەوە چاو بەبیرو باوەڕە باوو جێگیرەکاندا بخشێنینەوە.

عومەر خەیام زانایەکی رووناکبیر بوو، لێرەدا بەهەموو ئازادییەکەوە گوزارشت لەهەستی قووڵی خۆی دەکا بەرامبەر بەمۆرکی شتە تێپەڕیو و رزیوەکانی ژیان، هەروەها پەیوەندیی مرۆڤ بەخوداوە. ئایا ئەمە جێی رامـانو بیرکردنەوە نییە کە لەژینگەیەکی تەقلیدیی ئیسلامیو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەوێرێ گوزارشت لەو حاڵەتە بکاث؟ ئەمە دەڵێینو دەشزانین ئەمڕۆکە هەڵوێست وەرگرتنێکی لەو جۆرە، لەزۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، بووە بەشتێکی مەحاڵ، چونکە بەمسۆگەری دووچاری داپڵۆسین دەبێو بەکافر دادەنرێ.

ئایا ئەوەش جێی سەرنجراکێشان نییە کەسایەتییەکی زانستیی پلە بەرز (کەسایەتیی فریمان دایسۆن) جووتبوونێک لەنێوان رەخنەیەکی زانستیی توندو هەستێکی بەرزی مۆڕاڵیدا دروستبکاث، پاشان شێلگیرانە پێ لەسەر «لەناوبردنی تاریکیو خراپەکاری لەرۆحی بەشەریدا»، دادەگرێ؟ فریمان دایسون وەک یەکێ لەگەورە پسپۆڕمەندانی بواری زانستە وردەکان بەهەموو قەناعەتێکەوە ئەم هەستەی خۆی دەردەبـڕێ، دایسۆن یەکێکە لەگەورە زانایانی فیزیک لەقوتابخانەی زانستە سروشتییەکانی سەر بەئەنستیتۆی

خوێندنی باڵای زانکۆی برنستۆن لەئەمەریکا، دەوێرێ بەو سیفەتە باسی زانست بکات کە «پرۆسەیەکی ئازادی توانا خواوەندییەکانی عەقڵو خەیاڵی بەشەرییە».

هەروەها دەڵێ: «زانست لەپرۆسێسە رۆژانەییەکانیدا پتر لەهونەر نزیک دەبێتەوە وەک لە فەلسەفە».

پاشان ئەم پێناسەیە لەڕێگەی میتافۆرێکی تایبەت بەبنیاتنانی بەردەوامی پردێک تەواو دەکاو قسەکانی بەباسکردنی هەستێکی هەڵکشاو کۆتایی پێ دێنێ کە «خەیاڵی سروشت لەخەیاڵی ئێمە زۆر دەوڵەمەندترە». ئەم هەڵوێستە فیکریو رۆحییە بەشێوەیەکی ئاسایی لەگۆڕەپانی زانستە وردەکاندا بڵاوەو پرۆسە کراوە، مەبەستم ئەو هەڵوێستەیە کە رێزی خەیاڵو ئەندێشە دەگرێو پێی وا نییە خەیاڵ دژی عەقڵ بێ.

مرۆڤ تەنیا بەعەقڵ ناژی، بەڵکو بەشێی خەیاڵو بەفەزای بەرفراوانی خەیاڵیش دەژی، بەڵام ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین زانستە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان بەگشتی خەیاڵیان قبووڵ نییەو وەری ناگرن، ئەم زانستانە ئامادە نین عەقڵو خەیاڵ وەک دوو شتی پێکەوە بەستراو ببینن، یان ناتوانن ئەوە قبووڵ بکەن کە دەشێ هەردووکیان - واتە عەقڵو خەیاڵ - پێکەوە هەبن، بەڵکو پێیان وایە ئەمانە دوو شتی دژ بەیەکنو یەکتر نەفی دەکەن. ئەم زانستانە ئامادە نین عەقڵو خەیاڵ وەک دوو تواناو دەسەڵات ببینن کە لەهەموو بوارەکانی مەعریفەدا بەنێویەکدا دەچنو تێکەڵ دەبن، بەڵکو زانستە مرۆڤایەتییەکان گومان لەخەیاڵ دەکەنو بەسەرچاوەیەکی ترسناکی دادەنێن بۆ سۆزی هەڵچوو و شیعرییەتی لیریکیو ئەبستراکتێک کە لەنێو مەتاهەتێکی بێ کۆتاییدا مەلە دەکات. پێیان وایە دەبێ عەقڵ بەتەواوی لەرەگوڕیشەوە خەیاڵ دەربکێشێ یان فڕێی بداتە نێو گۆڕەپانی

ئەو وێناکردنە ئەفسانەیی‌و ئایدیۆلۆژییانەی شایستەی بایەخ پێدان نین. ئەمە ئەو کارە بوو کە فەلسەفەی پەڕگیری پۆزەتیڤیزم‌و تەکنۆکراتیزم لەسەدەی نۆزدەیەمی خۆرئاوادا ئەنجامیدا.

لەمە زیاتر درێژە بەو گفتوگۆ کۆن‌و نوێیە نادەم کە لەبارەی عەقڵ‌و خەیاڵەوە دەکرێ. لەڕاستیدا تائێستا هیچ وەڵامێکی کۆتایی بەدەستنەهاتووە بۆ دیاریکردنی پلەی مەعریفیی هەریەکە لەعەقڵ‌و خەیال. دەشزانین عەقڵ‌و خەیاڵ دوو جۆرە ئەپستیمیان بەرهەمهێناوە لەگەڵ دوو شێوازی جیاوازی زمان بۆ گوزارشت کردن لەعەقڵ‌و خەیاڵ: (شێوازی زانستی/ شێوازی ئەدەبی).

خەمی سەرەکیی ئێمە لەشوێنێکی تردایە، ئێمە دەمانەوێ رادەی بەشداریکردنی زانستە سروشتی‌و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دیاریبکەین لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو دوو ئامانجەی لەناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا راگەیەنراون. دەمانەوێ لەوە تێبگەین: دۆزینەوە نوێیەکانی بواری زانستی بایۆلۆژیاو کیمیاو فیزیاو ماتماتیک‌و گەردوون‌و ئەلیکترۆنی، تا چ ئەندازەیەک کار لەوێناکانی ئێمە بۆ رابردوو دەکەن، هەروەها تا چ ئاستێک کاردەکەنە سەر پەیوەندیی ئێمە بەترادیسیۆن‌و کەلەپوورە جیاوازەکانمان‌و تێگەیشتنمان بۆ ئایین‌و رۆشنبیریمان.

بەمانایەکی تر: دۆزینەوەکانی زانستە سروشتییەکان تا چ سنورێک وێنامان بۆ گشت ئەو شتانە راست دەکەنەوە؟ ئێمە لەکاتێکدا ئەمە دەڵێین، ئـەوەش دەزانین ئەمڕۆکە ترادیسیۆن‌و کەلەپوورو ئایینەکانمان لەلایەن توێژە کۆمەڵایەتی‌و تایەفە پەراوێزکراوو دەسەڵات بەسەردا سەپێنراوەکان، بەئەندازەیەکی گەورە، وەک پەناگەو شوێنێکی ئاسوودە بەکاردەهێنرێن (بڕوانە چۆن بزووتنەوە فەندەمینتالیسنەکان ئایین وەک چەکێکی سیاسی بەکاردێنن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان).

لەکاتێکدا ئێمە لەساڵی دوو هەزار نزیک دەبینەوە، مافی ئەوەمان هەیە ئەم پرسیارە بخەینەڕوو، ئایا ئێستاکە شارستانیی گەردوونی گۆڕانکارییەکی گەورە یان وەرچەرخانێکی رەگوریشەیی بەخۆوە دەبینێ؟ دیسان ئەم پرسیارکردنە بەرەو ئەوەمان دەبات تێبینیی ئەو گۆڕانکارییە خێراو نەوعییانە بکەین کە ئەمڕۆکە بەبەرچاوی ئێمەوە روودەدەن، گۆڕانکارییەک کار لەسەرتاسەری جیهان دەکات نەک تەنیا لەم یان لەو وڵات. ئەمە دەڵێینو دەبێ ئەو بۆشاییو جیاوازییە گەورەیەش لەبەرچاوبگرین کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لەوڵاتە هەژارەکان جیادەکاتەوە، جیاوازیی قووڵی نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکانو وڵاتە تازە گەشەکردووەکان. ئەم گۆڕانکارییانە بەهەمان ئەندازە کاریگەریی بەسەر هەردوولادا نییە، وڵاتە پێشکەوتووەکان دەتوانن دەست بەسەر ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا بگرنو کۆنترۆڵی بکەنو دەتوانن هەرسی بکەنو وەری بگرن، چونکە لەڕاستیدا ئەوان بەرهەمیان هێناوە، هەروەک دەشتوانن بۆ باشترکردنی ئاستی ژیانی خۆیان بەکاری بێنن، بەڵام وڵاتە دواکەوتووەکان ناتوانن دەستی بەسەردا بگرن، لەبەرئەوە ئەو گۆڕانکارییانە، وڵاتە دواکەوتووەکان پتر دەخەنە ناو پاشکۆییو گێرەشێوێنی.

لەم تێڕوانینەوە دەشێ بڵێین شارستانیی گەردوونی، واتە سەرکەوتنی کولتووریی چەشنێک لەژیانی تەکنۆلۆژیی نموونەیی. ئەمەش بەرەو دۆزینەوەی فیکریو رۆحیی ئەو بەشەی رۆحی ئێمە دەبا، مەبەستم ئەو بەشەی ناتوانین بەتەواوی تاریکیو خراپەکاریی تیادا بکوژین،یان لەوانەشە رۆژێ بێ بتوانین تاریکیی رۆح لەناو بەرین. کێ دەزانێ؟ بۆچی خۆمان لەخەونە یۆتۆپییەکان بێبەش بکەین؟ ئایا رۆژێک دێ خراپەکاریو نەزانیو دەمارگیری لەجیهاندا نەمێنێ؟

ئێستا با هەوڵ بدەین ئەم خاڵە لەمیانی سێ نموونەوە رۆشنبکەینەوە،

لەمیانی ئاوێنەی سێ نمونەی مێژوویی تایبەتییەوە: ئیسلام، ئەوروپا، خۆرئاوا.

لەسەرەتادا هەندێ جیاکاریی بەسود لەنێوان ئەوروپاو خۆرئاوادا پێشنیار دەکەم، من ئەوروپاو خۆرئاوا تێکەڵناکەمو بەیەک شتیان نازانم، وەک زۆر کەس بەشێوەیەکی باو ئەم کارە دەکەن.

من ئەوروپاو خۆرئاوا لەیەکتر جیادەکەمەوە تا لەڕووی مێژووییەوە چوارچێوەیەکی رۆشنبیریی راستو دروست بخەمەڕوو، چوارچێوەیەک یارمەتیماندەدا میتۆدێکی رەخنەیی لەچەمکی شارستانیی گشتی وەربگرین.

رووناکبیران بەدرێژایی چەندین سەدە دژکارییان لەنێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات دادەنا، جەختیان لەجیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوانیان دەکرد لەڕووی دوو چەشنە ژیانی جیاواز، هەروەها دوو چەمکی جیاوازی پایەی فەلسەفیو یاسایی بۆ مرۆڤ، مەبەستم، بوونی دوو وێناکردنی جیاوازە لەبارەی مرۆڤ. خۆرئاواییەکان لەو باوەڕەدان تەنیا خۆیان فەلسەفەی مرۆڤایەتییان پەرەپێداوە، فەلسەفەیەک گشت بایەخی خۆی بەمرۆڤ دەدا.

کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لەبوونی ئەو جیاوازیو ناکۆکییانەی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات بکات، بەتایبەتی لەساتی سەرهەڵدانی بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکانی جیهانی عەرەبیو ئیسلامییەوە دژ بەنۆرمی خۆرئاوایی، ئەو ناکۆکییانە گەورەتر بوونەتەوە، من ئەم دژکارییەی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات بەکارەساتێکی راستەقینە دەزانم. بۆچی؟ چونکە پێم وایە هەردوولا سەر بەهەمان ئەو مەرجەعە رۆشنبیرییە قووڵەن کە خۆی لەهزری گریکیو ئایینە تاکخوداییەکان (مۆنۆتیزم)دا دەبینێ. پاشان پێداگرتنو جەختکردن لەناکۆکیی نێوان ئەو دوو رۆشنبیرییە یاخود ئەو دوو شارستانییەداو بگرە گەورەکردنو قەبەکردنەوەی ناکۆکییەکان، لەڕاستیدا بەرهەمی نەزانینی

دامەزراوی هەردوو لایەنەکەیە (واتە لایەنی عەرەبی - ئیسلامی/ لایەنی خۆرئاوایی)، جیهانی عەرەبی خۆرهەڵاتی نییە بەڵکو خۆرئاوایە، خۆرهەڵاتی راستەقینە بریتییە لەخۆرهەڵاتی دوور کە چینو ژاپۆنو هیند دەگرێتەوە، لەوێدا چەند مەرجەعێکی رۆشنبیریی تەواو جیاواز هەیە لەمەرجەعییەتی خۆرئاوایی، واتە لەمەرجەعی هزری گریکیو ئایینە یەکخواییەکان، بەڵام ئەو دژکارییەی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات لەشێوەی چەند دامەزراوێکی زانستی یان زانکۆییدا بنجی داکوتاوەو ئەم وتەیە «خۆرئاوا خۆرئاوایەو خۆرهەڵاتیش خۆرهەڵاتەو بەیەکتر ناگەن..» دنەی دەدات، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تەنانەت هەندێ لەمامۆستایانی زانکۆش کەنیازێکی پاکیان هەیە، وەک راستییەک ئەو دژکارییە قبووڵ دەکەن کە قابیلی گفتوگۆ نییە، بەڵکو ئەو تێکەڵکردنە ئایدیۆلۆژیو جوگرافی-ستراتیژییەی نێوان ئەوروپاو خۆرئاواش قبووڵ دەکەن ئەگەرچی ئەوروپاو خۆرئاوا جیاوازیشن، قبووڵکردنی ئەو تێکەڵبونە ئەوکاتە پتریش دەبێ کە ئیسلام (یان یەکێتی سۆڤێتی جاران) دەبێتە لایەنی دوژمنو ناکۆکی بەرامبەر، لەوەدەچێ ئیسلام لەنائاگایی ئەواندا شوێنی کۆمۆنیزمی گرتبێتەوە کە وەک داهۆڵێکی ترسناک لەسەری دەژین.

بەڵام ئەوروپییەکان لەنێو خۆیاندا هەست بەجیاوازی دەکەن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە بەبێ ئەو، چەمکی خۆرئاوا ناتەواوە، وەک دەشزانرێ شارل دیگۆل ئەمەرکیای بە «کچی ئەوروپا» ناودەبرد.

با لێرەدا -بۆ ساتێکیش بێ- ئەوە بەبیر بهێنینەوە چۆن فەرەنسە لەوتوێژەکانی «گات»داو لەکاتی رووبەڕووبونەوەی لەگەڵ ئەمەریکادا، داکۆکیی لە «تایبەتمەندیی فەرەنسەیی» دەکرد، پاشان دەبێ جیاوازی لەنێوان (ئەوروپا) و (خۆرئاوا)دا بکرێ، ئەمانە سەرباری هەموو شتێک،

جیاوازن، واتە ئەوروپاو خۆرئاوا جووت نین، مسۆگەریش نییە کە ئەمەریکا لایەنگری پێکهێنانی یەکێتی ئەرووپی بێ.

کەواتە بەتەواوی «خۆرئاوا» چییە؟ من بۆ پێناسەی خۆرئاوا ئەم شتە پێشنیار دەکەم: خۆرئاوا ئەو حەوت دەوڵەتە گەورەیەیە کە لەساڵی (1989) بەدواوە هەموو ساڵێکو بەڕێکوپێکی کۆدەبنەوە، ئەمانە گروپێکی «جوگرافی - سیاسی» و «جوگرافی - ئابوری» و «جوگرافی - بانکی»ن‌و لەم دەوڵەتانە پێکدێن: ئەمەریکا، ژاپۆن، کەنەدا، فەرەنسە، ئیتالیا، ئینگلتەرە، ئەڵمانیا. ئەم حەوت دەوڵەتە گەورەیە لەئیرادەیەکی جوگرافی - ستراتیژی نوێوە باڵیان بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوە لەپەرەپێدانی ئەو پرەنسیپە سیاسی‌و ئابوورییانەی کە دیموکراتیزمی لیبراڵی‌و ئاڵوگۆڕی ئازادی بازرگانی دادمەزرێنن، قبووڵکردنی ژاپۆن لەم یانە گەورەیەی خۆرئاوادا بۆمانی دەردەخات چۆن پێوەرە کولتووری‌و فەلسەفییەکان لەبەرچاو نەگیراون، بەڵکو گرنگ هێزی ئابووری‌و تەکنەلۆژی‌و داراییە.

کەلەپووری ژاپۆنی لەکەلەپوری ئەوروپی یان ئەمەریکی جیایە، پاشان پێوەرە کولتوورییەکان بۆ هەر دەوڵەتێک جێهێڵراوە کە بەگوێرەی مەرجەعی مێژوویی‌و شوناسی نەتەوەیی سنوری بۆ دەکێشرێ. تێبینیی بڵاوبوونەوەی هەمان هەڵوێستیش دەکەین لەپێوەندیدا بەدەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپی، ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێ لەڕووی سیاسی‌و یاساییەوە فەزایەکی بەرفراوان‌و یەکگرتووی ئەوروپی دەستەبەر بکەن، بەڵام چەندین بەربەست لەڕێی ئەم ڕێچکە قورسەدا دەوەستن، گرنگترینی ئەو بەربەستانەش بریتییە لەدەمارگیری تەسکی ناسیونالیستانەی فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و ئەڵمانی.. لێرەشدا دەبینین «تایبەتمەندییە کولتوورییەکان» بەردەوام بەڕووی «دەسەڵاتی بیرۆکراتی»ی ڕێکخراوی برۆکسێل (کە سەنتەری بڕیاری ئەوروپی لەوێدایە) دەوەستنەوە،

لەڕاسنیدا دەمارگیریی ناسیونالیستی، بەپێکهێنانی یەکێتی ئەوروپی، نەمرد. فەرەنسییەکی ناسیونالیستی دەمارگیر مومکین نییە ببێ بەکەسێکی ئەوروپیی راستەقینە.

ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات چۆن مەسەلە فەلسەفییە گەورەکان -کە دەبێ کار لەچارەنووسی گشت کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بکات- لەبەرنامەی کاری سەرکردەی نەتەوە گەورەکاندا، لابراوە. دەشزانین ئەم مەسەلانە، بەئەندازەیەکی تراژیدیی گەورەتر، کار لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دەکات کە بۆ گەیشتن بەکاروانی شارستانی، پێویستییان بەهەرسکردنی شۆڕشە کولتوورییە راستەقینەکان هەیە.

پاش ئـەوەی لەباسەکەماندا گەیشتینە ئەم خاڵە، دەبێ هەندێ گریمانەی گرنگ بخەینەڕوو، لەپێناوی پێکهێانی مێتۆدێکی نوێو بەتواناى وا کە بتوانین رابردوو رووناک بکەینەوەو لەئێستا تێبگەینو ئایندەیەکی باشترو مرۆڤانەتر بنیات بنێین، گریمانەکانیش ئەمانەن:

1- خۆرئاوا (وەک پێشتر دیاریمان کرد) لەهەموو بوارێکی ئابوریو بانکیو زانستیو تەکنەلۆژیدا، (هەژموونێکی) تەواوی بەسەر جیهاندا هەیە. دەبینین لەناو حەوت دەوڵەتە گەورەکەدا ئەلتەرناتیڤێک بۆ رابەرێتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نییە، نە فەرەنسە دەتوانێ کێبەرکێی ئەمەریکا بکات نەژاپۆن.

2- ئەم هەژموونە پتر بایەخ بەکاروباری ئابوری دەداو ئەم دەسەڵاتە پتر دەگەڕێتەوە بۆ کاروبارە ئابوورییەکان، تێگەیشتنی بنەڕەتیی ئەم هەژموونە جەخت لەپێکهێنانی چەند کوتلەیەکی نوێی بازرگانی دەکاو کۆنترۆڵیان دەکات. بۆ نموونە دەبینین ئەو ململانێیانەی لەیۆگۆسلاڤیای پێشوو، یان

لەیەکێتی سۆڤێتی جاران، یان تەنانەت لەتورکیاشدا هەڵگیرساون، بەهەمان ئەو ڕێگەیە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێ کە لەگەڵ ململانێکانی دوورگەی عەرەبیدا دەکرێ، یان لەگەڵ ململانێکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا. لێرەو لەوێ، پێوەرە جوگرافی - ستراتیژییەکان، جیاوازن (واتە بەدوو پێوەر کێشانە دەکرێن نەک بەیەک پێوەر)، پاشان ناکرێ بڵێین سیستەمی نوێی جیهان دادپەروەرترە لەوانەی پێش خۆی.

3- ئێستا لەخۆرئاوادا گوتارێکی سیاسیی باو هەیە لەبارەی دیموکراتیزمو مافی مرۆڤو پشتگیریی مرۆیی بۆ میللەتانی چەوساوە یان بۆ کەمە نەتەوەییە چەوساوەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەی لەسەدەی نۆزدەیەمەوە لەلایەن دەسەڵاتە ئەوروپاییەکانەوە بەزۆرەملێ سنوریان بۆ دانراوە، بەڵام ئەم گوتارە، کە لە رواڵەتدا سەرنجڕاکێشەو بێگومان سوود بەخشیشە، وەک سەرپۆشێکی «مۆراڵی» بۆ سیستەمی نوێی جیهانی بەکاردەهێنرێ، یان با بڵێین بۆ هاوسەنگیی نوێی جیهان کە دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان کۆنترۆڵیانکردووە، سەرباری ئەمەش رایەکی گشتیی جیهانی هەیە لەسەر پێویستیی بڵاوبوونەوەی دیموکراتیزم لەگشت شوێنێکداو هەروەها ڕێزگرتن لەرێسای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئازاد، دەشێ ئەم ستراتیژە لەماوەیەکی دووردا ببێتە هۆی سەرکەوتنی ئەو نموونە سیاسیو فیکرییەی کە ئەوروپا لەسەدەی حەڤدەیەمو هەژدەیەمدا، لەدوای شۆڕشی ئینگلیزیو شۆڕشی فەرەنسی، پەرەی پێداوە، ئەمە وەک هەندێ لەتیۆریستە خۆرئاواییەکانی لەچەشنی (فۆکۆ یاما) باوەڕیان پێ هەیەو بەتایبەتی لەپاش شکستی یەکێتی سۆڤێتیدا پتر متمانەیان بەلیبرالیزمی دیموکراسیی ئازادی خۆرئاوایی پەیدا کرد.

4- ئەو سیناریۆ مێژووییەی پەیوەستە بەئایندەی نزیک، مەسەلە فەلسەفیو ئەنترۆپۆلۆژییەکان لەبەرچاو ناگرێ، لەبەر ئەم هۆیە ناچار دەبین

لەم شیکردنەوە رەخنەییەماندا جەخت لەئەوروپا بکەین نەک لەخۆرئاوا، بۆچی؟ چونکە ئەوەی بۆ ئەوروپا رەخسا، بۆ هیچ شوێنێکی دی نەڕەخسا، مەبەستم: ئیمتیازێکی مێژوویی وا بۆ ئەوروپا رەخسا کە ببێتە یەکەم شوێن لەجیهاندا، بگرە تاکە شوێنێکە کە رووبەڕووبونەوەیەکی خوێناویو دوورودرێژو یەکلاکەرەوە لەنێوان دوو نموونەی مێژوویی روویدا، نموونەی یەکەم ئایین بەسیفەتی لوتکەیەکی رۆحیی دەسەڵات کە ئەرکەکەی بریتییە لە پرۆسێسەکردنی دەسەڵاتو حوکمکردن لەدەوڵەتدا، نموونەی دووەم سیاسەتی دنیاییە کە لەدەنگدانی گشتیو دەسەڵاتی میللیدا بەدوای رەوایی دەسەڵاتدا دەگەڕێ. کۆتایی ئەو ململانێیە سەرکەوتنی نموونەی دووەم (یان سیستەمی دووەم) بوو کە بەسیستەمی تازەگەری «مۆدێرنیزم» ناودەبرێ، لەئەوروپادا، هەر تەنیا لەئەوروپا فەیلەسووفانی رۆشنگەری بەسەر پیاوانی ئاییندا سەرکەوتن، کەچی ئێمە تا ئەمڕۆ دژایەتییەک لەنێوان تازەگەریو کەلەپوور دادەمەزرێنین، هەروەک دژایەتی لەنێوان فەلسەفە/تیۆلۆژیا، یان لەنێوان جیهانگری/ ئایین یان لەنێوان دنیایی/ پیرۆز، یان لەنێوام ماتریالیزم/ رۆحانیزم دادەمەزرێنین، ئەمەریکا سەرباری ئەو هێزو توانایەی ئێستا هەیەتی مومکین نییە لەگەڵ ئەوروپادا بەراورد بکرێ، چونکە ئەزموونی ئەمەریکا کۆن نییەو بگرە زۆر نوێشە، هەروەها ئەمەریکا - وەک دیگۆل دەڵێ: «کچی ئەوروپایە». ئێستا لەزمانە بیانییە بنچینەییەکان چەند مەرجەعێکی قەبەو گەورەمان لەبارەی شۆڕشەکانی ئینگلیزیو ئەمەریکیو فەرەنسی لەبەردەستە، پێویست ناکا لێرەدا بگەڕێینەوە سەریان، بەڵام دەکرێ بڵێین لایەنە هەرە گرنگەکانی ئەم شۆڕشانە تا ئێستاش ئەو ئەزموونە بەپیتو دەوڵەمەندە رەتدەکەنەوە، واتە ئەزموونی تازەگەریی ئەوروپی، ئەم رەتکردنەوەیەش بەڕاستی جێی داخەو هۆیەکەیشی روون نییە.

**شتێکی باشە لێرەدا جەخت لەم مەسەلە گرنگانەی خوارەوە بکەین:**

1-ئایا گواستنەوە لە سیستەمی ئاینییەوە بۆ سیستەمی عەلمانی تەنیا ئەنجامێکی سروشتیی ئەو ململانێو رووبەڕووبونەوە گەورەیە بوو کە لەنێوان دوو هێزی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و کولتووریی گەورەدا روویـدا؟ یان جگە لەمانە ئەنجامی بنەما فەلسەفییەکانیش بوو؟ لێرەدا مەبەستمان لەو دوو هێزە گەورەیە: هێزی کڵێسەی مەسیحی لەلایەک/ هێزی بورژوازیی عەلمانیی هەڵکشاو لەلایەکی تر.

2-بۆچی ئەم دیـاردە مێژووییە تایبەتییە لەخۆرئاوای ئەوروپای مەسیحیدا روویداو لەهیچ فەزایەکی ئاینی دیکە لەجیهاندا رووی نەدا؟ بۆ نموونە لەچین‌و هیندو مەسیحییەتی ئەرتۆدۆکسی‌و ئیسلامدا؟ بۆچی تەنیا ئەوروپای گرتەوە؟

3-بارودۆخی ئیسلام چەند مەسەلەیەکی تایبەتیمان بۆ دەخاتەڕوو کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیارییاندەکەین:

*لەنێوان سەدەی نۆیەمی زایینی‌و سیانزەیەمی زاییندا (سەدەی سێیەمی کۆچی‌و حەوتەمی کۆچی)، لەشارە ئیسلامییە گەورەکاندا، چەند هێزێکی عەلمانی دەرکەوتن، دەرکەوتنی ئەم هێزانە پتر لەهەردوو ناوچەی ئێران‌و عێراقدا بوو (لەنێوان سەدەی دەیەم‌و یانزەیەمی زایینی - چوارەم‌و پێنجەمی کۆچی).

*هەر لەو ماوەیەدا فیکری ئیسلامی چەندین گفتوگۆی عەقڵانیی بەپێتی بەخۆوە بینی لەنێوان عەقڵی فەلسەفیی گریکی/ عەقڵی ئایینی کە پشتی بەسروشتی خودایی قایم بوو. پاشان ئەم گفتوگۆو وتوێژە بەپێتانە گواسترانەوە بۆ ژینگە مەسیحییە لاتینییەکان لەئۆکسفۆردو سۆربۆن‌و پۆڵۆنیاو ناوچە ئەوروپییەکانی تر (لەپاش سەدەی سیانزەیەم) و لەوێدا زۆر بەباشی

وەرگیرانو پێشوازییان لێکرا. (بڕوانە چۆنێتیی گواستنەوەی فیکری گریکی (لەسەدەکانی ناوەڕاستدا) لەعەرەبەوە بۆ ئەوروپاییەکان، هەروەها بڕوانە چۆن بیری عەرەبی - ئیسلامی بوو بەمەرجەعێکی بنچینەیی بۆ هەموو رۆشنبیرانی ئەوروپا، لانی کەم بەدرێژایی چوار سەدە، واتە لەسەدەی دوانزەیەمەوە بۆ سەدەی شازدەیەم).

*ئەو پرسیارەی ئێستا دەخرێتەڕوو، ئەوەیە: بۆچی، لەپاش سەدەی سیانزەیەمەوە، هێزو تەوژمە عەقڵانییەکان لەناوەندی ئیسلامیدا لاوازبوون، پاشان بەیەکجاری ون بوونو مردن؟ بۆچی لەهەمان کاتدا لەلایەن ئەوروپای خۆرئاوایی مەسیحیدا پێشوازییەکی گەرمی لێکراو بوو بەهۆی بەپێنکردنو پەرەپێدانی فیکری ئەوروپی کە پاشان چەند دابڕانێکی گرنگ لەگەڵ رابردوو و سەدەکانی ناوەڕاست بەرپابوون؟ هەروەها بەشدارییەکی چالاکیان لەرێنیسانسی ئەوروپیدا کرد؟

*بەپێی ئەو پێدراوە مێژووییانە، ئایا موسڵمانە هاوچەرخەکانی ئەمرۆ مافی ئەوەیان هەیە «بەخۆرئاوایی کردن» رەتبکەنەوە؟ ئایا مافی ئەوەیان هەیە، تازەگەریی ئەوروپی رەتبکەنەوە بەرلەوەی پشکنینێکی رەخنەیی هەمەلایەنو قووڵ لەنموونەی ئیسلامیدا ئەنجام بدەن؟ ئاخۆ ئەوە هەڵە نییە موسڵمانە کۆنزەڤاتیڤەکان هەڵوێستێکی زۆر نێگەتیڤانە لە بەرامبەر مۆدێرنیزمی ئەوروپی وەربگرن؟

بەرلەوەی بگەینە پشکنینی نموونەی ئیسلامی، دەبێ یەکەمجار ئەو مەسەلە فەلسەفییە گەورەیە روون بکەینەوە، کە پێش تۆزێ باسمان کرد. ئەو مەسەلەیەش لەم پرسیارەدا خۆی دەنوێنێ: ئایا ئەو دابڕانەی لەئەوروپادا لەنێوان (سیستەمی عەلمانی/ سیستەمی ئایینی) روویدا، پشتی بەچەند بنچینەیەکی فەلسەفیی توندو پتەو بەستبوو، یان لەبەرئەوەی

چەند سیمایەکی زانستیی پراگماتیی هەبوو و کۆمەڵێ سوودی ئیجابیی هەبوو؟ بەمانایەکی تر: ئایا رازی بوونی میللەتە ئەوروپییەکان بە سیستەمی عەلمانی لەبەرئەوەبوو کە پرنسیپەکانی ئەم سیستەمە راستو دروستن؟ یان لەبەرئەوەی سیستەمی عەلمانی کۆمەڵێ سوودی عەمەلیو بەروبوومی ئیجابیی لەئاستی ژیانی ئابوریو مادیو سیستماتیزەکردنی کۆمەڵگەدا هەیە؟

بەم جۆرە دەبینین وا پێویست دەکات وەڵامێکی روونمان بۆ ئەم مەسەلە بنەڕەتییە گەورەیە هەبێ، ئەمە مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەیە، بگرە مەسەلەی مەسەلەکانەو دەکەوێتە ناو کرۆکی ئەو ململانێیەی ئێستا لەنێوان ئیسلامو خۆرئاوادا بەڕێوەدەچێ. یان ئەگەر نەتوانین وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی ئەم مەسەلەیە بدەینەوە، ئەوا لانی کەم دەبێ گفتوگۆیەک لەقووڵایی ئەم مەسەلەیەدا بکەینەوە.

دەبینین گەورەترین بیانوو کە عەقڵی ئایینی لەدژی عەقڵی عەلمانی بەکاری دەهێنێ، ئەو بیانووەیە کە گوایە، ئەو دابڕانەی ئەوروپای خۆرئاوا سەپاندوویەتی، دابڕانێکی زۆرەملێو کاتییەو پەیوەستە بەهەلومەرجێکی ناوخۆیی لۆکاڵی، پتر ئیرادەیەکی دەسەڵاتدارییە بۆ زاڵبوون وەک لەوەی ئیرادەی گەڕان بێ بەدوای ماناو مرۆڤایەتییەکی زیاتر.

ئەگەر بەوە رازی بوین کە گفتوگۆکە فراوان بکەینەوەو بیخەینە ئاستێکی بەرزی رووبەڕووبونەوەی فیکریو فەلسەفی، ئەوسا لەو پێکهاتنە ئایدیۆلۆژیو لەو شەڕە قسە نەزۆکانەی گوتارە ئوسوڵییە هاوچەرخەکان رزگارمان دەبێ. ئەوسا ئەو وەهمەمان لەلا دروست نابێ کە «خۆرئاوا» هیچ خەمێکی نییە دژایەتیکردنی ئیسلام نەبێ، (وشەی «خۆرئاوا»م خستە ناو دوو جووت کەوانەوە، چونکە ئەم وشەیە سەبارەت بەبزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان - ئوسوڵییەکان، بووە بەشتێکی ترسناک، بووە بە

«شەیتانی گەورە»). بەم جۆرە ئیسلامی بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان دەکەوێتە ناو تەڵەی ناوزڕاندنی خودی خۆیو لە بەرامبەر شارستانییەتی خۆرئاوایی نوێدا خەمو بێزاری دایدەگرێ. ئەمەش دواجار دەگاتە ڕێگەیەکی داخراوو ناتوانێ پرۆژەیەک بۆ ئایندە پێشکەش بکات.

### گەڕانەوە بۆ مەسەلەی «نائامادەیی بیرۆکەی خواوەند» یان بەرتەسکبوونەوەی پیرۆزکردن لەکۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا

بەئەنقەست ئەم زاراوە نیتشەوییەم بەکارهێنا تا ئەوە بهێنمەوە بیری مامۆستایانی زانکۆ خۆرئاواییەکان کە ئەوان بەبێ هەق ئەو گفتوگۆ فەلسەفییەیان لەگۆڕەپانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لابرد،پاشان بۆئەوەی ئەوە بە بیری موسڵمانەکان بهێنمەوە کە ئەم مەسەلەیە - مەسەلەی بەرتەسک کردنەوەو ئاشکراکردنی پیرۆزکردن - ئێستاکە سەبارەت بەفیکری ئیسلامی، بەرەنگارییەکی گەورە دروستدەکات، بگرە دەکەوێتە ناو بازنەی ئەو رووبەرانەی مەحاڵە بیریان لێبکرێتەوە، بەو واتایەی ئێمە ئەنانەت ناوێرین بیانخەینەڕوو. ئەمە لەکاتێکدا بیری ئەوروپی لەسەدەی نۆزدەیەمەوە گفتوگۆی لەسەر کردوون.

لەڕاستیدا زەحمەتە بۆ ئێمە ئەو وتە نـاودارەی نیچە: «مەرگی خوا: La mort de Dieu وەربگێڕینە سەر زمانی عەرەبی، تەنیا وشەی «خواوەند» نەبێ، ئەویش دەکرێ بەنابەدڵییەوە وەربگیرێ، بەڵام وشەی «خوا» بەهیچ جۆرێک ناشێ لەم وتەیەی نیچەدا بەوجۆەر وەربگێڕدرێ. بۆچی؟ لەبەرئەوەی وشەی خوا لەگۆڕەپانی ئیسلامیو عەرەبیدا، بوونێکی گەورەو مەزنی هەیە، دیسان لەبەرئەوەی گوتاری قورئانی ئەم وشەیەی کردووە بەوشەیەکی زیندوو، بەهێز، بەتواناو دەسەڵاتدار، هەروەها ئەم

وشەیە لەناخی هەموو باوەڕدارێکدا ریشەی داکوتاوەو ژیانی رۆژانەی پڕکردۆتەوە بەچەشنێ ناتوانێ ئەو وتەیەی نیچە وەربگرێ، بەڵکو لەناوەوەو بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەر هەستەکانی دەکەوێ، ئەوسا کاردانەوەو وەڵامی ئەو کەسە ئیمانداره زۆر توندو بێڕەحمانە دەبێ. چۆن دەکرێ وێنای جیهانێک بکەی خودای تیادا نەبێ؟ ئەمە شێتییە. دەکرێ ئەوەش بڵێین کە بیرۆکەی نەبوونی خودا لەجیهاندا، تەنانەت لەلای ژمارەیەکی زۆری ئەو جولەکەو مەسیحییانەش قبوڵناکرێ کە لەئامێزی کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا دەژین‌و خزاونەتە نێو کولتوورو تازەگەرییەکەیەوە.

تائێستاش لەو کۆمەڵگانەدا توێژێکی گەورەی باوەڕداران - بەمانای تەقلیدیی وشەکە - هەن. دەتوانین بڵێین نیچە کە قووڵترین ئەرکیۆلۆژیای فەلسەفی‌و جینالۆجیی بۆ چەمکی نەبوونی خودا داناوە، بەهیچ جۆرێ مەبەستی ئەوە نەبووە نکۆڵی لەبوونی خودا بکا وەک مەرجەعییەتێکی بەرز کە لەهەموو رۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەکاندا بوونی هەیە (هیچ کۆمەڵگەیەکی بەشەری نییە خاڵی بێ لەپیرۆزکردن)، هەروەها نیچە مەبەستی ئەوەش نەبووە بیباوەڕییەکی دۆگمایی (ئاتەئیزم، یان ئاتیزم) بسەپێنێ‌و بیکاتە بەرێبازێکی رەسمیی دەوڵەت، وەک چۆن دواتر ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم لەیەکێتیی سۆڤییەتدا کردی، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەوە بووە بەرتەسک بوونەوەی ئەو بیرۆکەیە - بەدارِشتنە تەقلیدییەکەی - لەرووکاری کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا پیشانبداتە. نیچە تیۆرێکی فەلسەفیی پەیوەست بەبوونی مێژوویی‌و کولتووریی پەرەپێدا. ئەوەی کە مرۆڤ بە «خودا» ناوی دەبەن.

توێژینەوە جینالۆجییەکەی نیچە تەنیا جەختی لەپەرەسەندنی بیرۆکەی خودا لەسەمتی پەیگانی (وپنی، Idolatry) دا نەکردووە، بەڵکو بۆ یەکەمین جار چووە سەر سەمتی (یەکبوون)یشەوە. ئەمەش بوێریی نیچە دەردەخا

بەتایبەتی لەسەردەمەکەی خۆیدا. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کلێسەی مەسیحی لەدژی وەستان، وەک چۆن پێشتر (کنێست)ی جوولەکەکان لەدژی سپینۆزا وەستان، کۆمەڵەی ئیسلامیش (یان کۆمەڵەی زانایان لەپیاوانی ئایین) لەدژی هەر هەڵوێستێکی فەلسەفیی لەئیسلامدا دەوەستان بەتایبەتی لەدوای ئیدانەکردنی ئیبن روشد (کە لەساڵی 1198-ی زاینیدا کۆچی دوایی کردووە). ئەمە لەهەموو شوێنێکدا چارەنووسی ئەو رووناکبیرە ئازادانەیە کە پێش سەردەمەکەی خۆیان دەکەون.

هەمیشە لەئیسلامدا، هەروەک لەمەسیحیەتو یەهودییەتیشدا، شڵەژانێکو بگرە بۆشاییەکی گەورە دروست بووە لەنێوان ئەو کەسانەی داکۆکی لەبیرۆکەی خودایەکی سروشبەخش دەکەن، لەگەڵ ئەو فەیلەسووفانەی هەوڵ دەدەن تەعالیمی ئایینی لەبارەی خواو گەردوونو چارەنووسی بەشەری لەناو چوارچێوەی لۆجیکیو میتافیزیکیدا تێکەڵ بکەن کە لەئەفلاتونو ئەرستۆو زانستی گریکییەوە وەرگیراون (بڕوانە ململانێی نێوان فیلۆلۆژیستەکان و فەیلەسووفەکان). ئەو هەوڵە ئاڵۆزانەی بۆ گونجاندنی نێوان زانستەکانی سروشی ئایینیو زانستەکانی فەلسەفەی گریکی دراون، لەلای موسڵمانەکان لەئیبن روشد-ەوە دەستی پێکردووە (لەساڵی 1198ز کۆچی دوایی کردووە)، لەلای یەهودییەکانیش مووسا بن مەیموون (لەساڵی 1204ز کۆچی دوایی کردووە)، لەلای مەسیحیە کاسۆلیکیەکانیش تۆمای ئەکوینی (لەساڵی 1274ز کۆچی دوایی کردووە).

کەلەپوری سوننی ئەو هێڵە فیکرییەی رەت کردەوەو پتر جەختی لەوێنەی ئیسلامی برایەتیو هاوسۆزیو سرووتی ئایینیو میللی دەکرد.

بەڵام کەلەپووری شیعی رێبازی فەلسەفەی ئیشراقی یان سۆفیزمی - ناوەکی گرتەبەر کە دەچێتە ناو قووڵایی خەیاڵاتەوە. جوولەکەش لەئایینی

(حاخامی)دا پەنایەکیان دۆزییەوە کە کەم‌و زۆر کاریگەربوو بەسۆفیزمی ناوەکیی نەزعەی پێشینیی (القبلانیە) (واتە راڤەکردنی جوولەکە بۆ تەورات لەڕووی سۆفی‌و هێماییەوە بەگوێرەی ئەو نەریتانەی پێشتر دەکران).

بەتەنیا مەسیحییە خۆرئاواییەکان لەکاروانی بەرەو پێشەوەچووندا بەردەوام بوون لەڕێگەی وەرگرتنی ئەو سەرکەوتنە زۆرانەی لەبواری توێژینەوەی فەلسەفی‌و دۆزینەوە زانستییەکاندا ئەنجام دەدران، بەم جۆرە بیروباوەڕی ئایینی ئەوان هەمیشە نوێ دەبۆوە، ئەوەی کە بۆ جوولەکەو موسڵمان‌و مەسیحییە خۆرهەڵاتییەکان نەڕەخسا. پاشان (مارتن لۆسەر) دەرکەوت‌و جیابوونەوەیەکی لەناو مەسیحییەتدا بەرپاکردو سنوورێکی بۆ بیروباوەڕی مامۆستاییانەی کاسۆلیکی داناو مافی ئەوەی بەتاکی مەسیحی بەخشی تا بۆ خۆی تەئویلی کتێبی پیرۆز بکات (واتە بەبێ ئەوەی بەهەرەمییەتی کڵێسەو پیاوانی ئاییندا بڕوات). مێژوونوسان وایدەبینن مەزهەبی پرۆتستانتی یەکەم قۆناغ پێکدەهێنێ بۆ دەرچوون لەئایینی کەهنووتیی تەقلیدی، یەکەم قۆناغی گەیشتنە بەسیستەمێکی باوەڕداریی زانستی‌و عەقڵانی. ماکس ڤیبەر- یش هەر لەم تێڕوانینەوە تیۆرە ناودارەکەی لەبارەی پەیوەندیی نێوان مۆڕاڵ‌و پرۆتستانتی‌و سەرهەڵدانی سەرمایەداری داناوە (واتە پێکەوە گرێدانی سەرمایەداری‌و مەزهەبی پرۆتستانتی).

پاشان رووناکبیرێکی فەرەنسی دەرکەوت (مارسیل گوشێ) و سەرلەنوێ برەوی بەزاراوە ناودارەکەی (ڤیبەر)دا: «لەدەستدانی جیهان» (واتە جیهانی ئەوروپی بوو بەجیهانێکی هیوابڕاو لەدوای پاشەکشەی پیرۆزکردن، واتە لە پاش بەرتەسک بوونەوەو پاشەکشەی مەسیحییەت‌و هەڵکشانی عەلمانییەت).

گوشێ لەکتێبەکەیدا جەختی لەو تێزە کرد کە: مەسیحییەت تاکە ئایینێکە کە بوار بۆدەرچوون لەروانینی ئاینی وجود دەڕەخسێنێ (یان ئەو ئایینەی رێگە بەلایەنگرانی دەدا رۆژێ لەرۆژان لەروانینی ئایینی دەربچن). ئەمە لەکاتێکدا ئایینەکانی دیکەی وەک ئیسلامو جولەکە رێگەی ئەوە نادەن. بێگومان ئەم تێزە هەمیشە شوێنی جیدالو گفتوگۆیە، بەڵام ئەوەمان بۆ دەردەخا چۆن ئەو تازەگەرییە فیکرییەی لەلایەن زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنراوە، پتر دەیەوێ خۆی لەرەهەندی ئایینی رزگار بکا.

دەبینین مارسیل گوشێ، ئایینەکانی دیکەی غەیری مەسیحی لەبەرچاو ناگرێ، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە رووناکبیرە خۆرئاواییەکان لەناو سێنتەری ئەتنیی خۆیاندا، خۆیان داخستووە، نەیارانی ئۆرێنتالیزمیش ئیدانەی ئەو بۆچوونانەیان کردووە. خۆئەگەر گوشێ لەچەند ئایینێکی دیکەی، بۆ نموونە وەک ئیسلام، بکۆڵیبایەوە، یان بەراوردێکی لەنێوان ئیسلامو مەسیحییەتدا بکردبایە، ئەوسا تێزەکەی راستگۆییەکی گەورەتری بەخۆوە دەگرت. مادامەکی ئیسلام، لەلای توێژەرە خۆرئاواییەکان، وەک نموونەیەکی دژ لەبەرامبەر مەسیحییەکان چاوی لێدەکرێ، واتە ئەو ئاینەی بەهیچ جۆری جیاوازی لەنێوان ئایینو سیاسەتدا ناکات، ئەوا باشتر وا بوو ئیسلامی لەبەرچاو بگرتبایە،بەڵام من دواتر هەڵەی ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئیسلام دەخەمەڕوو، ئەو تێڕوانینەی ئەمڕۆکە لەلایەن فەندەمینتالیستە ئیسلامییەکانەوە بەسەرماندا سەپێنراوە، هەروەها لەلایەن ئەدەبیاتی ئۆرێنتالیزمیشەوە (بەتایبەتی ئەدەبیاتی سیاسی کە لەم دواییەدا لەفەرەنسەو ئەمریکادا لەبارەی «ئیسلامی رادیکاڵی» بڵاوبۆتەوە، ئەم ئەدەبیاتە پشتگیری ئەو بیروبۆچوونە دەکا کە دەڵێ ئیسلام برتییە لە «ئایین» و «دنیا» بەشێوەیەکی لێکدانەپچڕاو. ئەمەش بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان - لەبەر

هەر هۆیەک بێ - پێی لەسەر دادەگرن. ئەدەبیاتی سیاسیی ئەوروپیش ئەم بۆچوونەی ئیسلام بەناتەواوییەک دەزانن کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتندا، کەچی بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان ئەمە بەنیشانەی کامڵبوونی ئیسلام دەزانن کە پێش مەسیحییەتیش دەکەوێ). ئیسلام - بەڕای من - ڕێگە بەعەلمانی کردنو ئازادیو جیاوازیی نێوان ئایینو سیاسەت دەدا بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی پێیان وایە ئەمانە لەئیسلامدا مومکین نین.

تائێستاش ئەو گفتوگۆیەی لەبارەی نائامادەیی بیرۆکەی خواوەند ئەنجام دەدرێ (یان بەرتەسک بوونەوەی پیرۆزکردنی تەقلیدی لەرووکاری کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا) ئەمڕۆکە لەدوو ئاراستەدا بەردەوامیی هەیە. دەشزانین هەڵوێستی نیچە، تەنانەت لەم دواییەدا لەلایەن مامۆستایانی کاسۆلیکی زانکۆییشدا پشتگیری لێکراوە، بۆ نموونە بابە پۆل ڤالادیێ، پێی وایە کتێبی (زانستی خۆشنوودی)ی نیچە بانگەشەیەکی حەماسییانەیە بۆ رۆیشتن بەرەو ئەودیوی مێژووی فریودەری ئەفسانەیی کە لەپێناوی داپۆشینی بەهای مۆراڵیو رۆحیی ساختەدا چەمکی خودا بەکاردەهێنێ. نیچە دەیـووت: «هەموو یەکێ لەئێمە بەشداریی کردووە لەون بوونی بیرۆکەی خواوەند یان نائامادەیی ئەو بیرۆکەیە لەگۆڕەپانەکەدا»، واتە هەموو یەکێ لەئێمە لەلابردنی پیرۆزکردن لەئاسمانی ئەوروپیدا بەشداریی کردوە. بەم جۆرە نیچە لەبینینێکی جینالۆجییەوە ئەم قسەیەی کردوەو بەدوای رەچەڵەکی شتەکاندا دەگەڕاو بۆ نموونە یەکەم جار کەی سەریهەڵداوە (لەوانە چەمکی خوداو چەمکی پیرۆزکردنو چۆن بۆ یەکەم جار لەکۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا سەری هەڵداوە).

وەک دەزانین نیچە داهێنەری میتۆدی جینالۆجییە کە دەچێتە نێو قووڵایی ئارکیۆلۆژیای شتەکانو رەگوریشە شاردراوەکانی دەپشکنێ، نیچە

ئەم مینۆدەی بەکارێکی زۆر شیاوو گونجاو دەزانێ بۆ رەخنەگرتنێکی فەلسەفییانەی سودبەخش لەدیاردە ئایینیو ئاکاریو مێژوویو سیاسیو هونەرییەی ترادیسیۆنەکانی رابردوو، بەم جۆرە ناتوانی لەهەر شتێک رزگارت بێ، ئەگەر رەگوریشە شاردراوەکانی لەرابردوودا ئاشکرا نەکەیت، ئەمەش لەشیکردنەوەی دەروونی دەچێ کە بەدوای ریشەی گرێ دەروونییەکانی ناو قووڵایی ناخدا دەگەڕێ.

لەڕاستیدا نیچە لەتەک مارکسو فرۆیددا بەشداربووە لەگەشەپێدانی مینۆدی گومان، بەو مانایەی دەبێ عەقڵ هەمیشە گومانی لەدروستیو متمانەی بەرهەمە کولتووریو ئەپستیمییەکانی خۆی هەبێ، واتە دەبێ هەمیشە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە بەخۆیدا بچێتەوە. مێژوونووسە هاوچەرخەکانیش جەختیان لەدروستیی مینۆدەکەی نیتشەو پێشبینییە فەلسەفییەکانی کردووە، لەڕاستیدا نیتشە پێش فرۆیدیش کەوتووەو رێگە خۆشکەر بووە بۆی، بەڵگەش بۆ ئەمە نووسینەکانی زانای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن مامۆستا (جان بوتیرو)یە کەپسپۆڕی شارستانێتییەکانی (دۆڵی رافیدەین) بوو بەهەموو بـاوەڕو سـرووتو ئەدەبیاتی ئەکەدیو سۆمەریو بابلی، (بوتیرو) بۆ یەکەمجار لەمێژوودا کتێبێکی لەبڵاوکراوەکانی گالیمار لەپاریس بەناونیشانی «دەرکەوتنی بیرۆکەی تاکخودایی» چاپ کرد، بەرلەوەش فرە خودایی باوبوو نەک تاکخودایی (مۆنۆتیزم)، هیوامان وایە مرۆڤایەتی لەئایندەیەکی نزیکدا بگاتە پوختەی مێژووی دوورودرێـژی ئەو بیرۆکەیە لەنێوان دەرکەوتنی چەمکی تاکخودایيو ونبوونی ئەو چەمکە لەگۆڕەپانەکەدا.

بەڵام ئاراستەی دووەمی ئەو گفتوگۆیانە لەو نووسینە زۆرانەدا دەردەکەوێ کە لەهەموو لایەکەوە بەسەرماندا دەبارێن، بەتایبەتی لەپاش بڵاوبوونەوەی بزووتنەوە فەندەمێنتالیزمەکانی دنیای عەرەبیو ئیسلامی، ئەو

نووسینانەش بەزۆری لەلایەن توێژەرانی بیانی لەبواری زانستە سیاسییەکان دەنووسرێن، لەبەرئەوە لەلایەن هۆیەکانی راگەیاندنی خۆرئاواییەوە بەڕادەیەکی گەورە لەسەریان دەنووسرێ، ئەوان چێژ لەشێواندنی ئیسلامو موسڵمانان وەردەگرن، بگرە هەندێ لەو کتێبانە تا ئەندازەیەکی گەورە رەواجیان پەیدا کردووە، زۆرجاریش ئەم چەشنە ناونیشانانە لەخۆدەگرن: «گەڕانەوەی سەرلەنوێی ئایین بۆ گۆڕەپانەکە»، «بەئاگاهاتنی ئیسلام»، «تۆڵە سەندنەوەی خودا لەخۆی»، «لایەنگرانی خودا».. تاد، بەڵام لەراستیدا ئەو جۆرە نووسینانە پتر بابەتی خێراو کاتین وەک لەوەی تێڕوانینێکی قووڵ بێ بۆ دیاردەی فەندەمینتالیزم، ئەو مەسەلە بنەڕەتییە فەلسەفییەی لێرەدا مەبەستمانە، پەیوەندیی بەو نووسەرو توێژەرانەوە نییە، ئەمە دەڵێین بێ ئەوەی نکوڵی لەجدییەتی هەندێکیان بکەین، بەڵام هەموو چەشنەکانی گوتارو هەموو دەرکەوتنە جەماعییەکان لەگۆشەی ئەو رووداوە سیاسیو کۆمەڵایەتییانەوە لێیان دەکۆڵرێتەوە کە پەیوەستن بەتوێژی فەندەمینتالیستەکان کە دەیانەوێ بەها «ئایینییەکان» بگەڕێننەوە، یان بەدەربرینێکی تر دەیانەوێ نموونەی «ئایینی» بۆ سیستماتیزەکردنی کۆمەڵگە بگەڕێننەوە (وشەی «ئایینی»م خستە ناو دو جوت کەوانەوە چونکە مەسەلەکە پەیوەندیی بەتێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی هەیە بۆ ئایین نەک تێڕوانینێکی رۆحیو راستەقینە). پاشان چارەسەری «ئۆرینتالیستە نوێیەکان» بۆ دیاردەی فەندەمینتالیزم پتر چارەسەرێکی خێراو سیاسیی رووکەشانەیە، ناچێتە ناو قووڵایی شتەکانەوە.

بێگومان دیاردەی فەندەمینتالیزم کە ئێستا لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا بڵاوبۆتەوە، دیاردەیەکی ئاڵۆز دەنوێنێو شایستەی چارەسەرکردنێکی قووڵە، ئەو بزووتنەوانە فەرهەنگی دێرینی ئایینیو

سرووت‌و پرنسیپە ئایینیەیکان لەپێناوی رەواپێدانی چالاکییە سیاسییەکانیاندا بەکاردەهێنن‌و بەرەنگاریی رژێمە تاک حزبیەیکان دەکەن، ئەو رژێمانەش بەگشتی لەپاش سەربەخۆیی دەرکەوتن‌و بۆماوەیەکی دوورودرێژ وتائێستا دەسەڵاتیان مۆنۆپۆڵ کردووە. لێرەدا ناچمە ناو شیکردنەوەیەکی وردی ئەو هێزە نوێیە کۆمەڵایەتی‌و دیمۆگرافی‌و ئابوورییانەی کە دیاردەی فەندەمینتالیزم پشتیان پێدەبەستێ‌و وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژیی نوێی بەهەندێ لەئایینەکان بەخشیوە. من تەنیا ئەوە دەڵێم ئەو کتێبانەی لەخۆرئاوادا لەبارەی زانستە سیاسییەکانەوە دەردەچن و بایەخیان بەو دیاردەیە داوە، یەکێ لەلایەنە بنەڕەتییەکانی ئەو دیاردەیەیان فەرامۆش کردووە، ئەویش، ئەو ئایینانەی وەک چەکێکی ئایدیۆلۆژی بەکاردەهێنرێن لەپێناوی بەدیهێنانی مەرامە سیاسییەکاندا، نرخێکی رۆحیی گران دەدەن. کاتێ ئایین دەکرێ بەئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی، ئەوسا رۆحانییەتی بڵندی لەدەست دەدا و پاکی‌و بڵندیی ئەو ئایینە دادەگرێ بۆ زەمینەی ململانێ رۆژانەییەکان‌و مانۆرە سیاسییە ناجێگیرەکان، ئەمەش شایستەی ئایین نییە. بەم جۆرە بەناوی ئایینەوە هەندێ شتی دیکە دەردەکەون کە هیچ پەیوەندییەکیان بەئایینەوە نییەو ئایینیش بەو شتانە رازی نییە. لێرەدا بەرپرسیارییەکی خۆرئاوایی لەم بارودۆخە هەیە، مەبەستم خۆرئاوا بەرپرسیارە لەتەقینەوەی بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکان لەجیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیدا. ئەو دەستەبژێرە سیاسی‌و ئابوورییەی لەپاش سەربەخۆیدا حوکمی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی گرتە دەست‌و هەندێ بەشی مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی قۆستەوە، لەهەمان کاتدا ناچاربوو دروشمی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستیی بەسەرچوو و هەندێ کلێشەی وشکی شوناس بەکاربێنێ. لەپاش سی ساڵ حوکم کردنیش بۆشاییەکی گەورە کەوتە نێوان ئەوان‌و جەماوەری بەرینی میللی بێ ئەوەی لەهیچ مەسەلەیەکدا

راپرس بەمیللەت بکاو بێ ئەوەی میللەت بەشدارییەکی راستەقینە بکا!.
لەگەڵ ئەوەشدا خۆرئاوا بەردەوام مامەڵەی لەگەڵ ئەو رژێمانەدا دەکرد ئەگەرچی لایەنگریی میللەتی خۆیانیشاین لەدەست دابوو.

ئەمە سەبارەت بەلایەنی سیاسیی خێرای قەیرانەکە، بەڵام ئەگەر لەقووڵاییەوە تەماشای مەسەلەکان بکەین، دەتوانین بڵێین ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەو شۆکە دەروونییە ترسناکەی کە هۆشیاریی ئیسلامی لەپاش هاتنی مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی بۆ ناو وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکان، دوچاری بوو.

پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار چەند رەگەزێکی ئەو مۆدێرنیزمە لەسەمتە ئەورووپییەکەیدا گواسترایەوە بۆ وڵاتانی ئێمە، پێکدادانێکی لەگەڵ کولتووری لۆکاڵیو بونیادە تەقلیدییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرپاکرد، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەو گواستنەوەیە بەشێوەیەکی کتوپڕو بەبێ زەمینە خۆشکردن ئەنجام درا. دەکرێ بڵێین وەرگرتنی مۆدێرنیزمی ئەورووپی لەدەرەوەی ئەورووپادا، شایانی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیو دوورودرێژە، بگرە شایانی پشکنینی مەیدانیو لێکۆڵینەوەی تیۆریو پراکتیکیی بەرفراوانە تا لەوە تێبگەین چۆن میللەتانی دی ئەو مۆدێرنیزمەیان وەرگرتووە کە لەسەمتێکی ترو لەناو مێژوویەکی تری غەیری مێژووی خۆیان لەدایک بووە. بەڵام زانستە کۆمەڵایەتییە ئەورووپییەکان تائێستاش ئەم مەسەلەیە فەرامۆش دەکەن، چونکە هەمیشە سەرقاڵی خەمو کێشەی کۆمەڵگەکانی خۆیانن‌و کاتی ئەوەیان نییە گرنگی بەکەسانی دی بدەن، جیهانی سێیەم هەمیشە دوورو بێبەش بووە.

بێگومان شۆکی مۆدێرنیزم (صدمة الحداثة) پێشترو ئێستاش لەیەکێ لەلایەنەکانیدا فۆرمولەیەکی تیرۆری - ئیرهابی - وەرگرتووە.

سەپاندنی مۆدێرنیزم بەشێوەیەکی کتوپڕو کاڵ، بەشداریی کردووە لەبەرهەمهێنانی رەوتێکی دژکارو ئیرهابی لەپاکستان‌و ئێران‌و عێراق‌و لوبنان‌و جەزائیرو میسرو.. تاد. بەڵام ئایا هەندێ لەئۆرێنتالیستەکانی خۆرئاوایی وەک (بێرنارد لویس) چ ناوێک لەم رەوتە دەنێن؟ ئەوان بە «گەڕانەوەی ئیسلام» ناوی دەبەن، وەک بڵێی گشت ئیسلام لەتەوژمی تیرۆرو توندڕەویدا کورت دەکرێتەوە! کەواتە کەلەپووری درێژو پانی فیکری‌و رۆحانی‌و مرۆڤانەی ئیسلام لەکوێیە؟ لەڕاستیدا مەسەلەکان لەمە ئاڵۆزترن. لەپشتی ئەم توندڕەوییە تراژیدییەدا کە لەتیرۆری لۆکاڵی‌و نێودەوڵەتیدا دەردەکەوێ، چەندین هۆی دیکەی پانوپۆڕو فرە لق هەن. پێویستە لەسەر بیرمەندە خۆرئاواییەکان (یان توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان) بایەخێکی گەورە بەو شتە بدەن کە من بە (توندوتیژی بونیادی) ناوی دەبەم (مەبەستم ئەو توندوتیژییەیە کە هۆیەکی قووڵ بەرهەمی دێنێ‌و تەنیا بەلەناوبردنی ئەو هۆیە قووڵە ئەویش لەناودەچێ)، ئەم توندڕەوی‌و توندوتیژییە چۆتە ناو پێکهاتەی خودی دەوڵەتە دروستکراوەکانەوە، یان چۆتە ناو بونیادی شکڵەگەڕاییانەوە، لەبەرئەوە ناوی (توندوتیژیی بونیادی)م لێناوە، واتە پابەندی بونیادی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بەرهەم هاتوون‌و هێزە گەورەکانیش بەئارەزووی خۆیان پەرت‌و جیایان کردوونەتەوەو رەواییەکی یاسایی دەوڵەتییان پێ بەخشیوون، بەڵام بەبێ ئەوەی پێکهاتە راستەقینە ناوەکییەکەیان لەبەرچاو بگرن.

دەتوانین بڵێین ئەو نەخشە جوگرافی-سیاسییەی جیهان کە لەیاڵتادا رەسم کراوە (ئەمە بۆئەوەی باسی پەیماننامە ئەوروپییەکانی پێش ئەوە نەکەین) بووە هۆی چاندنی تۆوی توندوتیژی بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ لەزۆربەی وڵاتەکانی دنیادا. خۆرئاوا خۆیشی بەرپرسیارە بەرامبەر بەو

توندوتیژییەی کە هەر خۆیشی ئیدانەی دەکاو گلەیی لێدەکا. توندوتیژی لەبونیادی دامـەزراوو دامودەزگـای ئەو وڵاتانەدا چێنراوە کە لەچەند رەگەزێکی دژ بەیەک دروست کراون بەبێ رەچاوکردنی فاکتەرە جوگرافی‌و کولتووری‌و ئایینیەیکان، لەبەرئەوە هەر کە سیستەمی یاڵتا (واتە سیستەمی پێشووی جیهان) کۆتایی پێهات، ئیدی توندوتیژی لەزۆربەی ناوچەکانی دنیادا تەقییەوە (تەماشای حاڵەتی یۆگۆسلاڤیا بکە). توندوتیژی بەدرێژایی ماوەی شەڕی سارد لەهەناوی ئەو کۆمەڵگایانەدا خەزن کرابوو و چاوەڕێی دەرفەتێکی رەخساوی دەکرد تا گوزارشت لەخۆی بکات، تا بتەقێـتەوە. ئێساکە ئەوە دەزانین چۆن لەسەردەمی شەڕی سارددا گەمە بەو توندوتیژییە دەکرا، چۆن رژێمە تاک حزبیەکان لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا سودیان لەکێبەرکێی نێودەوڵەتیی هەردوو دەوڵەتە گەورەو بەهێزەکە وەردەگرت تا لەسەر دووپەت یاری بکەن‌و چاوچنۆکیی خۆیان‌و ئەو چینە مشەخۆرە بیرۆکراتییە تێر بکەن کە پەیوەست بوو بەرژێمی تاک حزبییەوە.

پێدراوە مێژووییەکانی نیوەی دووەمـی سـەدەی بیستەم یەکێ لەدەردانەکانی (افرازات) تازەگەری دەنوێنێ، تازەگەری لایەنی نێگەتیڤیشی هەیەو هەموو لایەنەکانی پۆزەتیڤ نین، تازەگەری لەژێر دەستەوانەیەکی لەحەریر دروست کراودا نینۆکی تیژی هەیە. نابێ بەهیچ جۆرێ ئەوەمان لەیادبچێ ئەم پێدراوە مێژووییانە دوو مەدلولیان هەیە، یان بڵێ دوو شتیان لـێ بەرهەم هاتووە: یەکەمیان برینییە لەئارەزووی ئەوروپا کە ببێ بەخۆرئاوا، لەگەڵ خۆرئاوا گرێ بدرێ‌و لەجیهانی ناوەڕاست، واتە لەجیهانی عەرەبی - ئیسلامی، دووربکەوێتەوە، دووەمیان زیادبوونی (توندوتیژیی بونیادی)یە کە لەهەناوی کۆمەڵگە تەقلیدی‌و وێران‌و ماندووەکاندا خەزن کرابوو، دەتوانین زۆربەی وڵاتە ئیسلامی‌و عەرەبییەکان لەم خانەیەدا پۆلێن بکەین.

بۆئەوەی (توندوتیژی بونیادی)ی شارراوە، بەڵام چالاکو ئەکتیڤ، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئاشکرا بکەین، ئەوەندە بەسە لەبارەی ئەو هەژموونە کولتوورییە قسە بکەین کە خۆرئاوا پرۆسەی دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیەش، ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە دەهێنمەوە:

لەپاش تێکشکانی یەکێتی سۆڤێت، فرانسیس فۆکۆیاما کتێبە ناودارەکەی بەناوی «کۆتایی مێژوو» چاپ کرد، لەپاش ئەو کتێبە بەچەند ساڵێک، مامۆستای زانکۆیی (سامۆئیل هنتنگتۆن)ی ئەمەریکی کتێبی «پێکدادانی شارستانێتییەکان»ی چاپکرد، هنتنگتۆن لەم کتێبەدا تێڕوانینێکی رەشبینانەی ترسناکی لەبارەی ئەو پێکدادانەوە هەیە. دەبینین ئەم دوو کتێبە راڤەکردنێک بۆ پەرەسەندنی گشتیی جیهان دەخەنەڕوو کە تەنیا لەتێڕوانینی خۆرئاواییەوە دەست پێدەکەنو بەهیچ جۆرێکیش لەگۆشەی میللەتانی تر یان رۆشنبیرییەکانی تردا شوێنێک ناگرن، بەڵکو بە تەواوی ئەو تێروانینە مێژوویی‌و ئیتنۆگرافی‌و فەلسەفەییەی فیکر پیشان دەدەن کە هەر لەسەدەی هەژدەیەمەوە لەئەوروپادا نەشونمایان کردووە. ئەو دوو نووسەرە، وەک بیروباوەڕێکی ئەپستیمیی رەها، پشت بەو هزرە دەبەستن. مامۆستایانی شـارەزا لەزانکۆکانی خۆرئاواشدا هەر هەمان هەڵوێستیان لەمەسەلەی حەقیقەتی زانستیدا هەیە.

دەبینین ئەو دوو روناکبیرە تێڕوانینێکی تر لەبەرچاو ناگرن: ئەوەی کە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری بنچینەی بۆ داڕشتووەو بەپێی ئەوە مافی قسەکردن بەگشت کولتوورە مرۆڤایەتییەکان دەدا بێ ئەوەی لەیەک تێڕوانینەوە - واتە تێڕوانینی کولتووری خۆرئاوایی باڵادەست - لێیان بپێچێتەوە. ئەو دوو رووناکبیرە لەروانینی خۆیاندا بۆ شارستانییەتە مرۆییەکان، سوودیان لەو وانەیە وەرنەگرتووە (واتە مافی قسەکردن بۆ گشت کولتوورە مرۆڤایەتییەکان

- و.ک-). لەبەر ئەم هۆیە باسی ئیتنۆگرافیام لەتەک مێژوو و فەلسەفەی کلاسیکیدا کرد تا تێڕوانینی هەردووکیان کورت بکەمەوە، ئەو تێڕوانینەی لەڕووی ئەپستمۆلۆژییەوە بەسەرچووە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە تا ئێستاش برەوی هەیە.

دەبێ میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیای بەراوردکاری بگرینەبەر بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو رووبەڕووبونەوە مێژووییەی لەنێوان سەمتی ون بوونو نائامادەیی خودا و سەمتی گەڕانەوەیدا (یان لەنێوان سەمتی بەرتەسک بوونەوەی پیرۆزکردنو گەڕانەوەیدا) بەرپا بووە، ئێستاکە دەبینین بابەتی پیرۆزکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا کە لەوێدا بۆشاییەکی رۆحیی گەورە هەیە، چونکە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژی بەتەنیا گرنگی بەو حەقیقەتو ناوو رووداوانە نادات کە بەرۆژی رووناک روودەدەن، بەڵکو گرنگی بەلایەنە لێڵو شاراوەکانی مێژووی بەراوردکاریی ئایینو رۆشنبیریو شارستانێتییەکانیش دەدا، هەروەها گرنگی بەوەزیفەی رەمزیو پرۆسەکانی داهێنانی مەجازیو بەئەفسانەکردنو چاوشارکێی حەقیقەت وبەئایدیۆلۆژیکردن وپیرۆزکردن وبڵندگەرایی (التعالی) دەدا. گشت ئەم میکانیزمانە پەیوەستن بەخەیاڵ یان خەیاڵکراو، پتر لەوەی پەیوەست بن بەعەقڵ یان بەتەکنیڤو کاریگەریی عەقڵانی. ئەم میکانیزمانە لەگشت کولتوورەکاندا هەن بەجیاوازی ئایینو زمانەکانیان. لەبەرئەوە وتمان میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژی باشترین میتۆدە بۆ بەکارهێنانو سوود لێوەرگرتن، چونکە لەهەموو رۆشنبیرییە مرۆییەکان دەکۆڵێتەوەو بەراوردیان دەکاو هیچیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا ناسەپێنێ.

بەڵام دەشێ کەسێ لاریی لەم قسەیە هەبێو پێی وابێ ئەم تێڕوانینە دیالێکتیکیو مێژوویيو ئەنترۆپۆلۆژیە، بەها جەوهەریو ئەزەلیو ترانسدێنتاڵە میتافیزیکییەکان (وەک رۆحانییەتو پیرۆزکردنو حەقیقەتی

خودایی..) دەگۆڕێ بۆ بەهای ڕێژەیی یان بۆ چەند شتێکی بگۆڕو نێرمی کاتیو هەنووکەیی. ئەم لارییەش لەلای ئەو کەسانەوە دەردەچێ کە هەست بەوە دەکەن لەبیراوباوەڕی ئایینییاندا هەڕەشەیان لێدەکرێ جا سەر بەهەر کولتوورو کۆمەڵگەیەک بن (واتە ئیمانداره تەقلیدییەکانی هەموو ئایینەکان لارییان لەو قسەیە هەیە).

لەڕاستیدا جیاوازیو جودایی لەم بوارەدا پتر دەروونیە وەک لەوەی ژیاری بێت، واتە باوەڕدارێکی مەسیحی یان یەهودی کە لەرۆما یان لەشیکاگۆدا دەژی، ڕووبەڕووی ئەو میتۆدە ئەنترۆپۆلۆژییە دەبێ کە لێرەدا پێشنیاری دەکەم، هەروەک چۆن ڕووبەڕووی ئەو موسڵمانەش دەبێتەوە کە لەقاهیرە یان لەجاکارتادا دەژی، پاشان ئەم باوەڕدارانە ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردکاریو ئاسۆ فراوانانە بەکورتکاریی زانستی تۆمەتبار دەکەن. گومانیشی تێدا نییە ئەوکاتەی لەسەدەی نۆزدەیەمدا نموونەی عەلمانی شوێنی نموونەی ئایینی گرتەوە، هەڵوێستێکی کورتکاری (اختزالی) هەبووە، ئەوان رۆحانییەتی ئایینییان لەناوبرد، یان با بڵێین رەهەندی رۆحانییان پەراوێزکردو تەنیا گرنگییان بەرەهەندی ماددیو تەکنۆلۆژی دەدا.

بەڵام ئەمە هەڵوێستی ئێمە نییە، ئێمە کورتکاریی پۆزەتیڤیزمی - یەقینی (الاختزالية الوضعية) وەرناگرین، بەڵکو میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیای بەراوردکاری وەردەگرین کە لایەنە رۆحیو هێماییەکان لەبەرچاو دەگرێ هەروەک چۆن لایەنە ماددیو عەقڵانییەکان وەردەگرێ. ئێمە شتەکان بۆ ماددەیەکی بێ گیان کورت ناکەینەوە، یان عەقڵێکی وشکو بێ خەیاڵ وەرناگرین، ئەوەی کە پۆزەتیڤیزمی پەڕگریی باو لەخۆرئاوادا دەیکا. دەوڵەتە عەلمانییە نوێیەکانیش ئەم لایەنە زانستیو سیاسییەیان گرتەبەرو بەسەر سیستەمی گشتیی فێرکردندا پراکتیزەیان کرد کە ئائێستاکەش چەندین

ململانێی گەرم لەگەڵ سیستەمی ئایینیی فێرکردندا بەرهەم دەهێنێ.

دەمەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم لەهیچ سیستەمێکی فێرکردنی دنیادا بابەتێک نییە بەناوی مێژووی بەراودرکاری ئاینیەکان.

ئەوەی کە هەیە یان فێرکردنێکی تەقلیدییانەی ئایینی رەسمییە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانی پێدانراوە (وەک حاڵەتی وڵاتە ئیسلامیو عەرەبییەکان)، یان هەڵگرتنی تەواوی هەر ئایینێک (وەک حاڵەتی سیستەمی عەلمانیی فەرەنسی کە تەنانەت دان بەمەسیحییەتیشدا نانێ).

ئەم دوو هەڵوێستە هەموو پرۆژەیەکی پەرەپێدانی چەمکی رۆحانییەتو مۆراڵییان پەکخستووە کە لەسەمتی زارەکیو ئەفسانەیی کۆنی کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا باوبوون. ئەمە سەمتێک بوو لەگشت ئەو کۆمەڵگەیانەدا، تا سەرهەڵدانی شارستانییەتی عیمرانیو پیشەیازیی نوێدا، هەبووە. لەوکاتانەدا لەلایەن خەڵکیدا فەرهەنگێکی تەواوی موفرەداتە رۆژانەییەکان هەبووە، وەک: رۆحانییەتو دەروونو جاویدانیو باوەڕو پیرۆزکردنو دەرکەوتە سرووت ئامێزەکانی ئاینو سروشو هەروەها دڵیش وەک سەنتەرێکی دەروونیی ژیانی رۆحیو تەڵقینی سۆفییانە. پاشا پۆزەتیڤیزمی پیشەسازی هات، تا ئەم موفرەداتانە لەمانا ئۆریجیناڵو دەوڵەمەندەکانی خۆیان دابڕێو فڕێیان بداتە ناو شتە فەرامۆش کراوەکان یان بیانخاتە ناو گۆڕەپانی بیروباوەڕە تەقلدییە بەسەرچووەکان. ئێستا هەندێ کەس هەوڵ دەدەن ئەو موفرەداتانە زیندوو بکەنەوەو لەوتارو نووسینی تیۆلۆژی (لاهوتی) و فێرکردنی مۆراڵییەوە بەکاری بێنن، بەڵام لەوە دەچێ زیاد لەپێویست ئەبستراکتیو ئایدیالیو کۆن بێ، هەروەها زۆر دوورە لەنۆرمی ژیانی نوێو ناتوانێ قەناعەت بەخەڵکێکی زۆر بهێنێ. لەکاتێکدا ئەم شتانە دەڵێم بێگومان مەبەستم لەکۆمەڵگە ئەوروپییە نوێیەکانە نەک کۆمەڵگە

ئیسلامیو عەرەبییەکان کە دیاردەی بەعەلمانیکردن یان پۆزەتیڤیزمی پیشەسازیی بەخۆوە نەبینیوە. تەنیا کۆمەڵگە ئەوروپییەکان توانییان دابڕانێک لەگەڵ باوەڕی تەقلیدیدا ئەنجام بدەن، تەنیا ئەوان «نائامادەیی خوا»، یان بەرتەسکبوونەوەی پیرۆزکردنیان بەخۆوە بینی. کەسێکی ئاینپەروەر کە لەناو سۆزێکی ئایینیو باوەڕداریدا پەروەردە بووە، لەدوای شۆڕشە نوێیەکان، بووە بەکەسێکی بێلایەنو لەلایەن یاساوە پارێزگاریی لێدەکرێ، ئەمەش گۆڕانێکی چۆنایەتیی گەورەیە، ئەو کەسە دەتوانێ کارەکانی خۆی لەخزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا بەکاربێنێ بێ ئەوەی بیر لەهەر شتێکی تری سەرووی خۆی بکاتەوە. بگرە دەتوانێ واز لەهەموو هاوکارییەکی خێزانی بهێنێ (ئەمە بەزۆری لەوڵاتە پیشەسازییە نوێیەکاندا روودەدات، لەوێدا مرۆڤ تەنیا بایەخ بەخۆی دەدا، تەنیا لەهەندێ بۆنەدا یان لەجەژنەکاندا سەردانیی دایکو باوکی دەکات، ئەمە ئەگەر بیکات).

ئەم پاشەکشە مۆراڵیو کۆمەڵایەتییە لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکانیشدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام ئاکامەکانی ئەم جۆرە هەڵوێستە لەم وڵاتانەدا مۆرکێکی تراژیدی تر وەردەگرێ لەچاو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بۆچی؟ لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەمدا دەوڵەتی یاسا بوونی نییە، هەروەها دامەزراوو دامودەزگای دەوڵەتی بوونی نییە کە بەرپرسیاربێ لەدۆزینەوەی کارو وەزیفە بۆ هاوڵاتی، هەروەها بیمەی تەندروستی بونی نییە بەوجۆرەی لەئەوروپادا هەیە. مرۆڤ لەئەوروپادا دەتوانێ لەخێزانو خزمایەتیی عەشایەری جیابێتەوە، لەبەرئەوەی دەوڵەت دەیپارێزێ، بەڵام ئەگەر کەسێ لەکۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا نەخۆش بکەوێ یان بێکاربێ.. تاد. کێ پارێزگاریی دەکا؟ لەم جۆرە کەشوهەوایەی هەژاریو مەینەتیو نەبوونی ئارامیو ئاسایشدا، گەڕانەوەی ئایین ئاتاجێکی دەروونیو

کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی هانی بڵاوبوونەوەی فەندەمینتالیزمی داوە چونکە خاکێکی باشو لەباری بۆ سازکراوە، بەڵام لەم هەلومەرجە کولتوورییە دارماوەدا پتر زەوتکردنی کۆمەڵایەتی دەڕەخسێ لەتک ئازادییەکی زۆر کەمی تاکە کەسی.

جێی خۆیەتی لێرەدا بەراوردێکی ئەو پاشماوانە بکەین کە لەدوای شۆڕشی فەرەنسیو لەدوای شۆڕشی «ئیسلامی»ی ئێرانەوە بەرهەم هاتوون، لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەبینین کەسایەتییە کاریگەرە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان بەجۆرێ رەفتاریان کردووەو بڕیاریان وەرگرتووە وەک بڵێی هەموو شتێک بزانن لەبارەی وەزیفە سەلبیو ئیجابییەکانی ئەوەی تائێستاش بەئایین ناوی دەبەین. ئەوان ئەو شتانەیان کردووە بێ ئەوەی دەرک بەو ئیلتباسە ترسناکە بکەن کە دەشێ لەو چەمکەدا هەبێ.

لەگشت ئەو تێبینیانەی پێشووەوە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی، کە پێکدادانی شارستانێتییەکان - کە سامۆیل هنتنگتۆن باسی کردووە - لەنێوان شارستانێتییەکان روونەداوە، بەڵکو هەندێ شتی نێگەتیڤی روویانداوە. کە بەجۆرێکی تر ئەنجامێکە لەئەنجامەکانی مۆدێرنیزمی زانستیو ئابووری خۆرئاوایی کە لەسەر بنچینەی کۆنترۆڵێکی پترو دەوڵەمەندیو هەژموونێکی پتردا پەرەی سەندوە، پتر لەوەی گەڕان بێ بەدوای ماناو یەکسانیو پێشکەوتنی هاوبەشی گشت مرۆڤایەتی، مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی مرۆڤی جیهانی سێیەمی هەژاری دووچاری حەپەسان کرد، جا لەبەرئەوەی جیهانی سێیەمی هەژار نەیتوانی بچێتە ناو مۆدێرنیزمو نەیتوانی سوود لەلایەنە گەشەدارەکانی وەربگرێ، ئیدی لەدژی وەستانو نەفرەتیان لێکرد.

لێرەدا جارێکی تر جەخت لەم مەسەلەیە دەکەینەوە، جێهێشتنی دژکاریی نێوان شارستانێتییەکان لەڕێگەی بانگەشەکردنی رۆحانییەتو

مۆڕاڵییەوە ئەنجام نادرێ. ئامۆژگارییە مۆڕاڵییەکان هیچ شتێک چارەسەر ناکەن، بێگومان دوای ئەوەی هەموو ئەو شتانەی پێشتر باسمکردن، دەڵێم ئەمە هەڵوێستی من نییە، مەسەلەکە لەڕێگەی ئامۆژگاریی مۆڕاڵی یان لەڕێگەی بەرۆحانی کردنی شارستانییەتی نوی چارەسەر ناکرێ وەک هەندێ کەس پێیان وایە. من ئەم قسەیە لەبەرئەوە ناکەم کە دژی رۆحانییەتو ئاکارم، بەڵکو لەبەرەئوەی ئێستاکە پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ شکڵگرتنی فەلسەفەیەکی نوێ لەپێناوی گەیشتن بەرۆحانییەتێکی نوێو مۆڕاڵێکی زانستیی هەستپێکراو کە بشێ تێکەڵ بەپرۆسە سیاسیو ئابووریی‌و یاساییەکانمان بێ. لەڕاستیدا رۆحانییەتو مۆڕاڵی تەقلیدی بەسەرچوونەو ناتوانن کاریگەرییان بەسەر ژیانی نوێدا هەبێ. بەتایبەتی لەئەمڕۆدا کە بەرەو فەزایەکی نوێی مەعریفەو تەئویلو پرۆسێسی زانستی دەڕۆین.

دەبێ ئەوە بزانین فیزیاو زانستی مەعلوماتی (کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت) و بەشێوەیەکی تایبەتیش بایۆلۆژیا ئێستاکە لەقۆناغێکدان دەتوانن بوونی مرۆڤایەتی بگۆڕن، بگرە دەتوانن پێناسەی بەشەر بگۆڕن، ئەمەش بەتایبەتی لەو گفتوگۆیانەدا دەردەکەوێ کە ئێستاکە لەئەوروپاو گشت خۆرئاوادا ئەنجام دەدرێ، بەتایبەتی لەبارەی چەند بابەتێکی وەک: لەباربردن، منداڵبوونی دەستکردو زۆر مەسەلەی دیکە کە لەدۆزینەوە بایۆلۆژییەکاندا لقیان لێبۆتەوە.

ئێمە ئێستاکە ئەوە دەزانین پرنسیپە تەقلیدیەیکانی ئایین لەبارەی: مەرگو ژیان، سێکس، وەچە خستنەوە، ژنهێنانو شووکردن، ئازادیی سێکسی، پایەی ئافرەت لەکۆمەڵگەدا، لەلایەن بایۆلۆژیای نوێوە گۆڕاونو بەتەواوی لابراون.

لەبەر ئەم هۆیە لەچەندین وڵاتی خۆرئاواییدا چەند لیژنەیەک

بۆ ڕەوشـت دامەزرێنراون بۆ گەڵاڵەکردنی ڕەوشتێکی نوێ کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیی کۆمەڵدا بگونجێو بتوانێ مرۆڤ بپارێزێ، من شەرەفی ئەندامێتیم لەیەکێ لەو لیژنانەدا هەیە: «لیژنەی نەتەوەیی فەرەنسی بۆ ڕەوشت»، لەمیانی بەشداری کردنم لەگفتوگۆکانی ئەو لیژنەیەدا لەگەڵ چەند زانایەکی دیکە لەهەموو پسپۆڕییەکاندا، دەتوانم لەبارەی زەحمەتیی گەڵاڵەکردنی ڕەوشتێکی نوێ بدوێم کە لەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگە نوێیەکاندا بگونجێ. ئێمە بۆ گەڵاڵەکردنی یەک ڕێسای مۆڕاڵی، ناچارین چەند مەرجەعێکی کولتووریو ئایینی جیاواز لە بەرچاو بگرین بۆئەوەی لەگەڵ هیچ یەکێ لەو مەرجەعانە دوچاری دژایەتیو پێکدادان نەبین، دیسان ئێمە ناچارین ڕاگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو بگرین، هەروەها ئەو جیاوازیو بۆشاییە گەورەیەی لەنێوان کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانو کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووە دواکەوتووەکاندا هەیە.

**ئایا فەندەمینتالیزم چارەسەرو ئەلتەرناتیڤە؟**

ئێستا لە لێکۆڵینەوەی حاڵەتی خۆرئاواییو جیهانییەوە دەگوازمەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەحاڵەتی ئیسلامیو عەرەبی، لەتێڕوانینی ڕەخنەی مێژوویيو ئەنترۆپۆلۆژیی ئاسۆفراواندا تەماشای ئەم مەسەلەیە دەکەم. تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانە نادەمەوە کە پێشتر وروژێنران، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەبوونی نموونەی عەلمانی لەسەمتی ئیسلامیدا، بەڵکو هەوڵ دەدەم ڕەخنەیەکی گشتی لەعەقڵی ئایینیی نموونەی ئیسلامی بگرم، دواتر عەقڵی ئایینیو عەقڵی ڕەخنەیی لەیەکتر جیادەکەمەوە، با لەسەرەتادا لەهەندێ پێناسەوە دەست پێبکەین کە پێویستە بخرینەڕوو.

عەقڵی ئایینی بەدوای چەند راڤەکردنێکی پێکەوەبەستراو دەگەڕێ لەناو سنوورە ئەستوورەکانی چەندین ئایینی جیاواز کە لەهەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، دەشێ ئەم ئایینانە بەو سیفەتە دیاری بکەین، کە بریتین لە چەند سیستەمێکی دۆگمایی/ نادۆگمایی (واتە باوەڕی بەکۆمەڵێ شت هەیەو جگە لەوانە ئەوانی دی نەفی دەکا)، لێرەدا مەبەستمان لەئاینیەکان گشت ئاینەکانی بەشەریەتە لەهەموو قۆناغەکانیدا، سا فرەیی بێ یان تەوحیدی، چاوگێکی زارەکی هەبێ یان نوسراو، لەکۆمەڵگە دێرین‌و سەرەتاییەکاندا باوبێ یان لەکۆمەڵگە نوێ‌و «عەقڵانی»یەکان. عەقڵی ئایینی لەگشت حاڵەتەکاندا هەر ئەو عەقڵەیە، واتە لەڕێگەی هەمان میکانیزمی ناوەکییەوە کاردەکات، پێکهاتە خەیاڵییەکان وەردەگرێ‌و لەناو دەریایەک لەحەقیقەتە خەیاڵییەکاندا مەلە دەکا، لەگەڵ بوونەوەرو هێزە هێماییەکان یاخود لەگەڵ خەیاڵی بێ سنووری چیرۆکەکاندا مامەڵە دەکات، ئەم عەقڵە پێی وایە دەتوانێ دەست بەسەر گەردووندا بگرێ‌و.. بەپێی لۆجیکی مەعریفەی ئەفسانەیی دەتوانێ چەندین موعجیزە بەرهەم بهێنێ. لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەین ئایین بریتییە لەسیستمێک لە عەقیدە/ ناعەقیدە، یان سیستمێک لەباوەڕ/ ناباوەڕ: لێرەدا باوەڕ (یان ئیمان) بەوە پێناسە دەکەین وەک ئەوەی حاڵەتێکی دەروونییەو پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ تا هەموو متمانەی خۆی بخاتە سەر کەسێک یان شتێک، زۆر بەساکاری دەتوانین وای پێناسە بکەین کە بریتییە لەخۆبەستنەوەیەکی فیکری بەعەقیدەیەک بەبێ توێژینەوەو گەڕان بەدوای هۆیەکانی ئەو خۆبەستنەوەیە (ئەمە لەڕاستیدا خۆبەستنەوەیەکی هەڕەمەکیانەی بێ بیرکردنەوەیە، خۆ بەستنەوەیەکی سۆزدارییەو لەڕێگەی دڵەوە ئەنجام دەدرێ، نەک لەڕێگەی سەر یان عەقڵەوە)، ئەگەرچی باوەڕهێنان هەڵوێستێکی بنچینەییە یان

هەڵوێستێکی پێویستە بۆ گشت دەستپێشخەرییە مرۆڤایەتییەکان، بەڵام لەحاڵەتی تەعالیمە ئاینییەکاندا شوێنێکی گەورەتر دەگرێ، ئاینییەکان بەتەنیا داوای ئەوە لەلایەنگرانی خۆیان ناکەن کە بچنە سەر کەسایەتیو رووداو ئەو راستییانەی لەدەرەوەی سنوری هەموو دیسپلینێکی عەقڵانیدان، بەڵکو بەشێوەیەکی توندتریش ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنن، کە بەهاو هێماو تەئویلاتی دژی ئەوان رەتبکەنەوە.

ئایینەکان توانیویانە لەرێگەی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی جیاوازیو خۆجیاکردنەوەدا تایبەتمەندیو سەربەخۆیی خۆیان پتەوو جێگیر بکەن، هـەروەک، یەسووعی ناسری لەبەرامبەر کەلەپووری یەهودیدا ئەمەی کردووەو پێغەمبەری ئیسلامیش لەبەرامبەر عەقیدەو سرووتەکانی یەهودیو مەسیحیدا هەمان کاری کردووە. ئەگەر مەسیحییەتو ئیسلام ئەم کارەیان نەکردایە نەیاندەتوانی جێپێی خۆیان قایم بکەن، دەبێ جیاواز بیتو تایبەتمەندیی خۆت هەبێ تا بوونت هەبێو کەسایەتیی خۆت دابین بکەیت.

ناکرێ بڵێین عەقڵی رەخنەیی لەناو ئایینەکاندا بەتەواوی ونە، تەنانەت لەو ناوەندانەشدا کە ئەرتۆدۆکسە ئاینییە زۆر توندڕەو داخراوەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، جۆرێک لەپەراوێزی رەخنەییان تێدایە، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین گوتاری قورئانی پڕیەتی لەناڕەزایی ئۆپۆزیسیۆنە مەکییەکان لەدژی پێغەمبەر، کۆمەڵێ ناڕەزایی رەخنەگرانە لەمەعریفەیەکی هەستی یان تەقلدییەوە ئاراستەی پێغەمبەر دەکران، کە بەر لەسەرهەڵدانی ئیسلام لەمەککەدا باوبوون، محەمەدیان بەشاعیر یان بەشێت تاوانبار دەکرد.

زانستی ئیپستمۆلۆژیای مێژوویی ئەو زانستەیە کە لەخەباتو تێکۆشانی (عەقڵ لەمێژوودا) دەکۆڵێتەوە لەپێناوی دۆزینەوەی ناوچە نوێیەکانی واقیعدا کە تائێستاش نەزانراون، ئەم زانستە لەرێگەی خستنەڕووی چەند

گریمانەیەکی نوێوە ناوچە نوێیەکانی واقیع دەدۆزێتەوە هەوڵ دەدا ئەو گریمانانە بخاتە ناو ئەزموونەوەو لەواقیدا کاریان پێبکا تا رادەی راستگۆیی یان نادروستیی ئەو گریمانانەیان بۆ دەربکەوێ. ئەگەر تەماشایەکی مێژوو بکەین دەبینین فەلسەفە بۆ ماوەیەکی دوورودرێـژ رووبـەڕووی تیۆلۆژیا وەستاوەتەوەو بەربەرەکانیی لەگەڵدا کردووە لەپێناوی دەسەڵاتی عەقڵانی بەسەر حەقیقەتدا. فەلسەفە کۆششێکی گەورەی عەقڵیی نواندووە لەپێناوی گەیشتن بەسەربەخۆییەکی تەواو لەکارە رەخنەییەکانیدا (بێگومان بەپێوانە لەگەڵ ئایینداڵ، کە لەپووری ئایینی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاتیگۆرییەکانی خۆی دەسەپاندو عەقڵی ئیفلیج دەکرد، تا ئەوکاتەی فەلسەفە هەستایەوەو توانی عەقڵ لەکۆتو پێوەند رزگار بکات) ئەمە لەچەرخی کلاسیکیی ئەورووپی لەسەر دەستی دیکارتو سپینۆزاو کانت دا ئەنجام درا.. دواتر زانستە مرۆڤایەتییەکان سەریانهەڵداو یارمەتیی فەلسەفەیان دا ئەو رۆڵە ببینێ، بەڵکو لەم دواییەدا خەریک بوو شوێنی فەلسەفەش بگرنەوە، لەدواییدا تیۆلۆژیاش ناچاربوو کارتیگۆری‌و میتۆدەکانی عەقڵی رەخنەیەیی بەکاربێنێ تا لەبزووتنەوەی سەردەم دانەبڕێ (بڕوانە پەرەسەندنی تیۆلۆژیای مەسیحی لەئەورووپا لەسەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئەمڕۆ، هەموو ئەمانەش لەژێر پاڵەپەستۆی زانستە سروشتی‌و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بوو، ئەمە لەکاتێکدا تیۆلۆژیای ئیسلامی تائێستاش غەرقی ناو کەشوهەوای سەدەکانی ناوەڕاستە..)، کاتێکیش بابەتی تیۆلۆژیستە گەورەکانی ئەورووپا دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت بابەتی فەیلەسووفە راستەقینەکان دەخوێنیتەوە، بەڵێ تیۆلۆژیا بەعەقڵانی بووە.

دوای ئەوەی ئەورووپا لەسیستەمی ئایینیی (بوون)ەوە گواسترایەوە بۆ سیستەمی عەلمانیی (بـوون)، چەمکی «ئایینی حەق» بەشێوەیەکی

ڕەهـا ون بـوو. بۆچی؟ چونکە حەقیقەتی ئایینیش هــەروەک هەموو حەقیقەتەکانی تر دوچاری (ڕێژەیی) بوو، (دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێ، ئێمە لەسەردەمی ئەنیشتاینو تیۆری ڕێژەییدا دەژین). پاشان حەقیقەتی ئایینی پێویستی بەسەرلەنوێ تەئویلکردنو هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوە هەبوو تا بتوانێ لەتەک پەرەسەندندا بڕواتْ. لەلایەکی دیکەوە دەبینین ڕەخنەی ئەنترۆپۆلۆژی بەهەمان ئاراستە دەڕواو مافی قسەکردن بەگشتْ ڕۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەکان دەدا نەک بەتەنیا ڕۆشنبیریی ئەوروپی، دەیەوێ سیستەمێکی مەعریفیی سەرجەمگیری بۆ هەموو ڕۆشنبیرییە مرۆییەکان دامەزرێنێو لەسەر گریمانەکانی عەقڵی ڕۆشنکار خۆی قایم بکاتْ، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو هەژموونە کولتوورییەی کە فیکری ئەوروپی هەر لەسەدەی هەژدەوە پرۆسەی دەکرد، لەناوەوە ڕەخنەی لێدەگیرا (بڕوانە ڕەخنەگرانی ئێستای مۆدێرنیزم لەخۆرئاوادا)، لەبەرئەوە ماوەیەکە باسی عەقڵی پۆستْ مۆدێرنینە دەکەن، من دەستەواژەی - سەرووی مۆدێرنیزم -م پێ باشترە، واتە ئەو عەقڵەی مۆدێرنیزمی خۆرئاواییو ئەوانی دیش دەگرێتەوە، ئەو عەقڵەی بەسەر هەموو ئەو ئەزموونو تاقیکردنەوانەدا بەرز دەبێتەوە کە تائێستاکە ڕوویانداوە، لەوانە مۆدێرنیزمی ئەوروپییش، بەم جۆرە دەبینین عەقڵی سەروو مۆدێرنیزم (یان پۆستْ مۆدێرنیزم) تا درووترین سنوور فراوانەو دەتوانێ هەمووان لەخۆبگرێ، بێ ئەوەی کەسێ فەرامۆش بکا.

ئێستا ئەم پرسیارە دەیخەینەڕوو: فیکری ئیسلامی، لەچاو گشتْ ئەو پێشکەوتنو پەرسەندنە نوێیانەی بەسەر فیکری جیهانیدا هاتوون، لەکوێدا دەوەستێ؟ چۆن بەرامبەر بەو بەرەنگارییە گەورەیە دەوەستێ؟ ئێستا وەڵامێکی سۆسیۆلۆژیو فیکری هەیە کە لەگۆڕەپانی عەرەبیو ئیسلامیدا شوێنێکی فراوان دەگرێ: ئەویش وەڵامی فەندەمێنتالیستە، فەندەمێنتالیزم

ماوەیەکی درێژە ڕەواجی هەیە (لەکاتی مردنی جەمال عەبدولناسر لەساڵی 1970، پاشان بەشێوەیەکی تایبەتیتر لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی لەساڵی 1978–1979)، بەشێکی گەورەی موسڵمانە فەندەمێنتالیستەکان بەهەموو هێزێکو بەشێوە قسەکردنێکی فەرمان کردنەوە پێت دەڵێن «ئیسلام» پێویستی بەکەس نییە، ئیسلام کەرەستەی زانستیو سیستمی فیکریو مەعریفیی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستیی بەوە نییە هیچ شتێک لەخۆرئاواوە فێربێت یان هیچ شتێک لەمێتۆدە عەلمانییەکانی خۆرئاوا بخوازێ. ئەمە ئەو وەڵامە سۆسیۆلۆژییە قەبەیەیە کە ئەمڕۆکە بەملیۆنان کەس لەفەندەمێنتالیستەکان پێشکەشی دەکەن (دەبینین وشەی ئیسلامم لەناو دوو جووت کەوانە داناوە وەک دەلالەتێک بۆ وێناکردنی فەندەمێنتالیزم بۆ ئیسلام نەک وێناکردنی مێژوویی‌و واقیعی بۆ ئیسلام، بێگومان جیاوازییەکی گەروە لەنێوان ئەو دوو وێناکردنەدا هەیە). تەنیا زانستەی وردو سروشتییەکان نەبێ کە بەڕەوای دەزانن لەخۆرئاوای وەربگرن، چونکە سودێکی زانستیو تەکنۆلۆژیی هەیە.

فەندەمێنالیستەکان کەئەم هەڵوێستە ریشەیە لەمۆدێرنیزم وەردەگرن، بێگومان پشت بەئەرتۆدۆکسییەکی زۆر ئاسانکراو دەبەستن (واتە پشت بە تێگەیشتنێکی زۆر تەسکو ئاسانکاری ئیسلام دەبەستن). ئەوان لەڕاستیدا لەو زیندەگیو بزووتنەوە جوانە دابڕاون کە فیکری کلاسیکیی ئیسلامی تیایدا دەژیا، هەروەها لەفرەیی تیۆلۆژی –فیلۆلۆژی دابڕاون، بەڵام بەئەندازەیەکی گەورەتر دابڕاون لەفیکری ئەوروپی (یان خۆرئاوایی)، پاشان لەمۆدێرنیزم. لەبەر ئەم هۆیە هەوڵ دەدەین لەدروستیی ئەم هەڵوێستە عەقڵییەیان لەمۆدێرنیزم و فیکری هاوچەرخ، بپێچینەوە.

دەبێ یەکەمجار ئەم پرسیارە بخەینەڕوو: لەکۆمەڵگە هاوچەرخە ئیسلامییەکاندا رۆشنبیران کێنو لەکوێدا دەیاندۆزینەوە؟ ئەگەر لەسەر

ئەو پێناسەیە کۆک بین، کە رۆشنبیر ئەو کرێکارەیە خزاوەتە ناوکاری مەعریفییەوەو بەپێویست دەبێ عەقلێکی رەخنەگرانە بەکاربێنێ، ئەوا ناچارین رۆشنبیران - بەمانای نوێی وشەکە - و پیاوانی ئایینو زانایان - واتە زانایانی فیزیاو کیمیاو.. لەیەکتر جیابکەینەوە. گومانی تێدا نییە پیاوانی ئایین عەقڵ بەکاردێنن، بەڵام پراکتیزەکردنی میتۆدە رەخنەییەکان بەسەر ئەو عەقیدە دۆگماییانە رەتدەکەنەوە کە بەتێپەڕبوونی کات پیرۆز کراوە.

پاش ئەوەی گەیشتمە ئەم خاڵە، دەبێ ئەوە بڵێم کە: یەک فەقیهی هاوچەرخ یان پیاوێکی ئایینی ناناسم ئەوەی قبووڵ بێ مەسەلەی قورئان وەک «ئاخاوتنێکی دروستکراو» لەلایەن خواوە باس بکرێ، هیچ کەسێ ئەوەی قبووڵ نییە ئەم مەسەلە گرنگە لەبەر رۆشنایی زانستی نوێو میتۆدە نوێیەکانی زمانەوانیو مێژوویی چارەسەر بکرێ. ئەمە دەڵێینو دەشزانین موسڵمانەکان لەسەردەمی کلاسیکیو گەشەکردنی عەقڵانییەت لەرۆژگاری موعتەزیلەکاندا، ئەم کارەیان کردوە. کەچی ئێستاکە ئەم کارە قەدەغەیەو بەتەواوی حەرامکراوە. ئیتر چۆن لەگۆڕەپانی عەرەبی یان ئیسلامیدا رزگاری دێتە دی؟ هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆریش فوقەهاکانو پیاوانی ئایین پەنایان بردۆتە بەر بەندکردن یان دەرکردنی رووناکبیرانی وەک تەوحیدیو ئیبن روشدو زۆری تریش.

پاشان تەنیا مەسیحییەکان رووناکبیرانی خۆیان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا نەچەوساندۆتەوە. ئیسلامی فەندەمینتالیستو کۆنە پارێزی ئەمڕۆ زۆر لەئیسلامی چەرخی کلاسیکی تەسکتر بیردەکەنەوە، تەنانەت موسڵمانانی پسپۆڕیش لەبواری زانستە سروشتیو وردەکاندا پراکتیزەکردنی میتۆدە رەخنەییە نوێیەکان بەسەر کەلەپوردا رەت دەکەنەوە. ئەوان پراکتیزەکردنی ئەو میتۆدانە لەدەرەوەی پسپۆرە زانستییەکەی خۆیان (بۆ

نمونە فیزیاو کیمیاو..) ڕەتدەکەنەوە، لەوانەش سەیرتر زۆربوونی ژمارەی فەندەمینتالیستەکانە لەناو ئەندازیارانو پزیشکانو فیزیاییەکاندا.. تاد. ئێمە لەو باوەڕەدابووین وەرگرتنی پسپۆرییەکی زانستی دووردەکەوێتەوە لەدەمارگیری، کەچی دەبینین بەپێچەوانەوە نزیک دەبێتەوە. لێرەدا مەبەستمان لەوشەی فەندەمینتالیست ئە وکەسەیە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەگرتن لەئوسوڵی «ئیمان» ڕەت دەکاتەوە. من وشەی - ئیمان -م خستە ناو دوو جوت کەوانەوە، چونکە ئەم وشەیە بەزۆر شت بارگاوی کراوە. (ئیمان بەمانای تەقلدیی یان تەسلیمی جیایە لەئیمان بەمانا نوێیەکەی، ئیمانی بەر لەرەخنەی مێژوویی جیایە لەئیمانی پاش رەخنەی مێژوویی. ئیمان بەمانا نوێیەکەی واتە: عاقڵ بوون بەر لەئیمان یان ئیمان بەر لەعاقڵ بوون. باوەڕدارێک گشت ئەو شۆڕشە زانستییانەی هەرس کردبێ کە لەم چەند سەدەیەی دواییدا بەرپا بوون، جیاوازە لەباوەڕدارێک ئائێستاش بەهەستەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بارگاوی کراوە، واتە ئیمانی بەر لەمۆدێرنیزمو بەر لەزانست. کەواتە لێرەدا «ئیمان»یش مێژووی خۆی هەیە..).

ئەوە ماوە باسی رۆشنبیرە نوێیەکانو شوێنیان لەکۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییە هاوچەرخەکاندا بکەین کە بێگومان ئەو رۆشنبیرانە بوونیان هەیە، چەندین نووسەرو شاعیرو توێژەر هەن هەڵگری بیروباوەڕی ئازادیو پێشکەوتن و تازەگەرین، ئەوان هۆشیارن بەکاری رەخنەگرانەیانو بەترسناکیی ئەو ئەرکەی لەئەستۆیانە، بەڵام لەکۆمەڵگەکەی خۆیان دابڕاونو دوچاری فشارێکی گەورە دەبنەوە، ئیدی ناوێرن لەبابەتە زۆر هەستیارەکان نزیک ببنەوە لەبەرئەوەی لەلایەن ئایدیۆلۆژیای رەسمی یان لەلایەن رای گشتی پارێزگارییان لێدەکرێو ئەو بابەتانە بەبابەتی حەرامکراوەکان (تابوو) دادەنرێن. ناشبێ پاڵەپەستۆی رای گستیی دەوروبەر بەکەم وەربگرن، چونکە

دەشێ ئەوانە لەدەسەڵات ترسناکتر بن، بگرە لەوانەیە دەسەڵات رێگە بەهەندێ شت بدات، بەڵام «رای گشتی» رێگەی پێ نەداو قبووڵی نەکات. تائێستا یانەو ناوەندو دەزگای سەربەخۆو ئازاد بۆ رۆشنبیران پێک نەهێنراوە کە بودجەی تایبەتیی خۆیان هەبێ وەک چۆن ئەمە لەئەوروپا لەسەردەمی رۆشنگەریدا هەبوو. ئەمە تاکە رێگەیەکە بۆ پێکهێنانی رایەکی گشتیی نوێ جیابێ لەدەسەڵات، بگرە بتوانێ رۆژێ فشار بخاتە سەر دەسەڵات، وەک چۆن فەیلەسووفانی رۆشنگەریی وەک ڤۆڵتێرو مەوسوعییەکان توانییان رای خۆیان بەسەر دەسەڵاتداران بسەپێننو فیکری لێبوردنو ئازادیی ئایینیو چەمکی هاووڵاتیی بڵاوبکەنەوە.

من زۆربـەی ئەو جەنگانەم بینیوە، کە لەپێناوی سەربەخۆییدا دەکرانو لەپەنجاکانو شەستەکاندا بەشداریی خەونە گەورەکانی وەچەکانم کردوە، لەپاش سەربەخۆیی سیاسی، متمانەو ئاسوودەییەکی زۆر لەلای خەڵکیدا دەرکەوتن.

ئەوکاتە نەماندەتوانی ئاوڕ لەرابردوو بدینەوە تا لەتێڕوانینێکی رەخنەگرانەوە مێژووی خۆمان بنووسینەوە نەک تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی. هەموو خەڵکی سەرقاڵی خەباتو کاروباری سیاسی بوون. خۆ ئەگەر بمانتوانیایە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە مێژووی خۆمان بنووسیبایە، ئەوسا وەچەکانی داهاتوومان لەفیکری ئایدیۆلۆژیو پیرۆزگەرایی کەلەپوور زرگار دەکرد، کەچی لەجیاتی ئەوە وێنەیەکی مێژووییمان لەبارەی کەلەپوور خستە بەردەست. هەموو ئەو شتانە لەکاتی خۆیاندا کاریان بۆ نەکراوە بۆیە ئێستا دەبینین بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکان گەشە دەکەن. لەبەرئەوە باسی رزگارکردنی دووەم دەکەم لەگشت وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا، بەوپێیەی رزگارکردنی یەکەم روویداوە (مەبەستم سەربەخۆیی سیاسییە، بەڵام ئێستا

پێویستیمان بەسەربەخۆیی فیکری هەیە. ئەم ئەرکەش لەساڵانی داهاتوودا لەئەستۆی ئێمەیە).

جا لەبەرئەوەی سەربەخۆیی فیکری ئەنجام نـەدراوە، دەبینین فەندەمینتالیزم توانی لەڕووی میللیەوە سەربکەوێو شوێنی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی بگرێتەوە. ئێمە ئەمڕۆ خۆمان لەبەرامبەر ئەرکی گەورەدا دەبینین کە حیسابی گەورەی بۆ دەکرێ. ئێمە ئائێستاش خۆمان بۆ ئەوە سازنەداوە بچینە ناو ئەرکە گەورەکەوە کە خۆی لەخوێندنەوەیەکی رەخنەیی- مێژوویی بۆ کەلەپوری عەرەبیی ئیسلامیدا دەنوێنێ. دەکرێ ئەم کارە لەزمانە بیانییەکاندا بکەین، کەچی زەحمەتە بتوانین لەزمانە بنچینەییەکانی ئیسلامیدا ئەم کارە ئەنجام بدەین بەتایەبتی زمانی عەرەبی. مەسەلەکان گەیشتوونەتە پلەیەکی وا ناتوانین بەوەندە رازیبین «ریفۆرمی ئایینی» لەچوارچێوە تەقلیدییەکانی ریفۆرمی سەدەی نۆزدە ئەنجام بدەین. نەخێر، ئێمە ئێستا پێویستیمان بەشۆڕشێکی فیکریی راستەقینە هەیە، بچێتە ناو قووڵایی شتەکانەوەو تێڕوانینمان بۆ کەلەپوور لەرەگو ریشەوە بگۆڕێ. بەم جۆرە لەجیاتی ئەوەی کەلەپوور وەک هێزێکی رێگر بەردەوام بێو هەموو جارێ بۆ دواوە رامانبکێشێ، دەبێتە هێزێکی رزگاری بەخشو پتر لە شارستانیەتمان نزیک دەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەبێ مەسحێکی گشتگیری مێژوویی بۆ کەلەپوور، ئەنجامنادرێ. من خۆم سی ساڵ پترە لەمیانی پرۆژەکەمدا ئەم کارە دەکـەم، پـرۆژەی: «رەخنە لە عەقڵی ئیسلامی» (بەمانای زمانەوانیو مێژووییو ئەنترۆپۆلۆژیو فەلسەفیی وشەی رەخنە).

بەداخەوە دەڵێم ئێستاکە خۆرهەڵاتناسە گەورەکان توێژینەوەی زانستی لەبارەی کەلەپووری عەرەبی - ئیسلامی پێشکەش دەکەن، ئەوان بەشێوەیەکی زۆر باشتر لەموسڵمانەکان ئەو کارە ئەنجامدەدەن.

دەبێ ئەم شتە بزانرێو بوترێ. ئەوەندە بەسە تەماشایەکی بەرهەمە ئۆرێنتالیزمەکان بکەین (بەتایبەتی بەزمانی ئەڵمانیو ئینگلیزیو پاشان فەرەنسی) تا لەم قسەیە دڵنیابین، من دەزانم ئەم قسەیە ژمارەیەکی زۆری ئەو موسڵمانانە بێزار دەکا کە ناتوانن بگەنە ئەو بەرهەمە زۆرانەی بواری ئۆرێنتالیزم کە بەزمانە بنەڕەتییە ئەوروپییەکان نوسراون. ئەگەر بیانتوانیایە بگەنە ئەو بەرهەمانە ئەوسا دەیانزانی چ جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی یان پیرۆزگەرایی بۆ کەلەپوورو خوێندنەوەی زانستی یان مێژوویی. ئەو کەسانەی داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ نۆرمی ئیسلامیی سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشدین (ساڵانی 622-661ز) هەمان ئەو هەڵە ئایدۆلۆژییە دووبارە دەکەنەوە کە بزووتنەوەی ناسیونالیزمو کۆمۆنیزم بەدریژایی شەڕی سارد تێی کەوتبوون.. جا بەهۆی زاڵبوونی ئاگایی ئەفسانەیی بەسەر ئاگایی مێژوویی لەلای فەندەمینتالیستەکانی ئێستادا، ئەوان لەو باوەڕەدان دەشێ رابردوو وەک خۆی بگەڕێنرێتەوە.. گومانی تێدا نییە ئیسلام (هەروەک ئایینە گەورەکانی تر) بەدرێژایی چەندین سەدە هەموو لایەنەکانی بوونی مرۆڤی فۆرمولە کردووە، مەبەستم لایەنی رۆحیو، روانینی تیۆلۆژی-لاهوتی بۆ وجودو، لێوردبوونەوە فەلسەفییەکانو، خەیاڵگەی سیاسیو، رێسای حوکمو، یاساکانی شەریعەتو، شێوەی بنیاتو ئاوەدانیو، شێوازە هونەریەیکانو.. تاد. ئیسلام کاری لەهەموو ئەو لایەنانە کردووە لەوکاتەی چەندین رەگەزی لەرۆشنبیریو ترادیسیۆنە لۆکاڵییەکان هەرس کردووە (واتە ترادیسیۆنی ئەو کۆمەڵگانەی ئیسلامیان تیادابڵاوبۆوە بوو بەئایینی زۆرینە. واتە ئیسلام تەنیا کاری لەو ترادیسیۆنانە نەکردووە، بەڵکو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەوانیشەوە پاش ئەوەی مۆرکی ئیسلامیی خستە بەرچەند ترادیسیۆنێکی دێرینی نائیسلامی تا قبووڵی بکەن. بڕوانە

ئیسلامی ئەندەنووسی، یان ئیسلامی هیندی، یان ئیسلامی فلیپینی، یان ئیسلامی ئەفریقیای رەش.. تاد).

بەڵام ئەگەر ئیسلام بەدرێژایی چەندین سەدە هەموو لایەنەکانی ژیانی بەمۆرکی خۆی داڕشتبێ، ئایا ئەمە مانای وایە ئەوەندە بەسە چاکسازییەکی کەم لەدامەزراوو عەقیدە کۆنەکان بکەین تا بۆ کۆمەڵگەکانی سەدەی بیستو یەکەم باشو گونجاو بێت؟ ئایا مانای وایە دامەزراوی خەلافەت یان تیۆلۆژیای ئەشعەری یان جەعفەریی شیعی یان راڤەکردنەکانی (تەبەڕی) و (ئەلڕازی) یان یاسای ئیبن سینا بۆ نوژداری یان روانینی فارابی بۆ شاری یۆتۆپی (المدينة الفاضلة) یان کۆمەڵگەی شارستانیی دیمەشقو ئیستەنبۆڵی سەدەی حەڤدەیەم، ئایا ئەمانە بەکەمێک دەستکاریو چاککردنی ساکارو سادەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دەگونجێن؟ بێگومان نا، ئەمە وەهمو سەرابە.

گشت کۆمەڵگە هاوچەرخەکان ناچارن لەمیانی هەمیشەگۆڕانێکی مێژوویی زۆرەملێوە بچنە ناو سلکی شارستانیی گەردوونی، تەنیا ئەو کۆمەڵگایانە دەتوانن بمێننو بژین کە بتوانن سەرکەوتوو بنو بەشداربن لەشارستانییەتی گەردوونیدا، جگە لەمانە ئەوانی تر لەناودەچنو دەمرن. شوێنێک بۆ ئەو کەسانە نەماوەتەوە نازانن چۆن خۆیان بگونجێننو شتێک پێشکەش بەمرۆڤایەتیی مرۆڤ بکەن. دیسان ئایندەیەک بۆ گوتارەکانی فەندەمینتالیزم نییە کەپڕن لەتاوانبارکردنو رقو کینە بەرامبەر بەجیهانی نوێو پێیان وایە ئەم جیهانە نوێیە بنەمای هەموو خراپەکاریو مەینەتییەکە. شوێنێک بۆ ئەو کەسانە نەماوەتەوە کە بەردەوام بەرپرسیاری دەخاتە ئەستۆی ئەوانیدیو لەهەموو شتێکدا خۆیان بە بێگوناهو بێگەرد دەزانن یان پێیان وایە پێویستیان بەگۆڕانکاریو پەرەپێدانو رەخنەلێگرتن نییە. ئێستاکە

فیکری ئیسلامی پێویستیی بەنەشتەرگەرییەکی قووڵ هەیە، نەشتەرگەرییەک لەقووڵاییدا.

بۆچی لەوە دەچێ ئاسۆی فەندەمینتالیزم داخراوبێ؟ چونکە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان کە بەرپرسیاریی کولتووریو ئازادیی فیکرییان هەڵگرتووە، مومکین نییە بە رژێمە تۆتالیتاریو ستەمکارەکان رازی بن. ئەگەر کۆمەڵگەیەک بەو جۆرە رژێمە رازی بێت هەرگیز شارستانییەتێکی سەرجەمگیرو گەردوونی نابینێ. بەم پێیە دەبێ کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکان گۆڕانکارییەکی ناوەکیی قووڵ بەسەر خۆیاندا بهێنن تا بتوانن بگەنە کاروانی شارستانیی جیهانی، دەنا بەتەواوی دەخرێنە پەراوێزەوە. ناشبێ بەبێ پاساوێکی ماقووڵو رۆشن خۆرئاوا یان خۆرهەڵات تاوانبار بکرێ. ئێمە بەم ستایلە ناتوانین پێشبکەوینو ناتوانین سەرکەوتوو بین لەدەرچوون لەو قەیرانە ترسناکەی ئەمڕۆ گیرۆدەی بووین.

ناتوانم لێرەدا کۆتایی بەقسەکانم بهێنم بێ ئەوەی ئەوە شیبکەمەوە بۆچی بەرپرسیاریی فیکری، پێش بەرپرسیاریی مۆڕاڵیو بگرە تەنانەت پێش بەرپرسیاریی رۆحیش دەکەوێ. لەڕاستیدا رزگاری نایەتەدی ئەگەر لەرەگوریشەوە رابردووی گشت نەتەوەیەک یان گشت تایەفەیەکی ئایینی هەڵنەوەشێنینەوە لەپێناوی تێگەیشتن لێیانو سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنیان، پاشان بۆئەوەی شتە بێ کەڵکەکانی لێلابەرینو تۆخمە ئیجابییەکانی بهێڵینەوە، ئەو تۆخمانەی دەشێ لەبنیاتنانێکی نوێدا بەکاربهێنرێن. بۆیە دەڵێم ئێستا ئەولەوییەت بۆ پراکتیزەکردنی رەخنەی مێژووییو زمانەوانیو سیمیۆلۆژیو ئەنترۆپۆلۆژییە بەسەر کەلەپووردا. تەنیا لەدوای ئەو نەشتەرگەرییە ترسناکە دەتوانین کەلەپوور لەو بەربەستە ناوەکییانە رزگار بکەین کە ئێستا ئیفلیجی کردووین. ئەگەر پێداچوونەوەیەکی گشتی بۆ سەرجەم

کەلەپوورە مێژووییەکان ئەنجام نەدرێ ئەوسا رووبەڕووبونەوەیەکی بەپیتو سودبەخشیش لەنێوان سەرجەم کەلەپوورە مرۆییەکان روونادات، بەتایبەتی لەنێوان کەلەپووری عەرەبی- ئیسلامیو/ کەلەپوری ئەوروپی. ئەگەر ئەمە روونەدات ئەوسا لەبری ئەوە «پێکدادانی شارستانییەتەکان» روودەدات وەک سامۆئیل هنتنگتۆن دەڵێ. ئەوسا دوژمنکاری لەنێوان ئیسلامو/ خۆرئاوا یان لەنێوان عەرەب/ خۆرئاوا تا بێکۆتایی بەردەوام دەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هیچ کەسێکدا نییە، چونکە دەشێ پەیوەندییەک دابمەزرێ دووربێ لەپێکدادانو دوژمنایەتیی هەمیشەیی. دەکرێ پەیوەندییەک لەسەر بنچینەی دیالۆگی بنیاتنەرو بەسوود لەنێوان رۆشنبیرییە مرۆییە جیاوازەکاندا دابمەزرێ لەسەر بنەمای یەکێتی رەگەزی مرۆییو شارستانیی گەردوونیی سەرجەمگیر.

لەبەرئەوە دەڵێم ئایندەیەک نییە بۆ ئەو هێزانەی لەناو خودی خۆیاندا لوولیان خواردووەو دەیانەوێ بگەڕێنەوە دواوە. ئایندەیەک بۆ ئەو هێزانە نییە گشت بەرنامەی خۆیان لەسەر دوژمنکاریی ئەویتر دادەمەزرێنن سا ئەو هێزانە سەر بەلایەنی ئیسلامی بن یان سەر بەلایەنی ئەوروپی یان خۆرئاوایی (بڕوانە بزووتنەوە راستڕەوە توندڕەوەکان لەئەوروپادا). لەڕاستیدا شۆکە رۆشنبیرییەکان رەوایـی بەخەبات، لەپێناوی «شوناسە رۆشنبیرییە» خەیاڵکراوو بەئەفسانەکراوو بەئایدیۆلۆژی کراوەکان دەدا. توندڕەوەکان بەشێوەیەکی بابەتی پشتی یەکتر دەگرن. لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان وێناکردنی ئایدیۆلۆژی بۆ شوناسی رۆشنبیریی عەرەبی - ئیسلامیو/ وێناکردنی مرۆییو کراوەو عەقڵانی - مێژوویی.

بێگومان مرۆڤ بـەردەوام دەبێ لەشێواندنی ئایینەکان لەرێگەی داگرتنو کەمکردنەوەی پاکیی ترانسندێنتاڵی ئایین بۆ ناو گەرمەی ململانێ

مرۆییەکانو پێکدادانی بەرژەوەندیو سیاسەتەکان. مێژوو پێشترو دواتریش شایەتی ئەم حاڵەتەیە. لەبەرئەوە دەبێ بەڕەی ژێر پێی بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکان رابکێشریو جیاوازی بکرێ لەنێوان ئاستی رۆحیو ترانسندێنتاڵی ئایینو/ ئاستی ئایدیۆلۆژیی باوی ئێستا، بەڵام خەڵکە سادەکە ناتوانن ئەم جیاوازییە ببینن ئیدی بەوتەو دروشمەکانیان فریو دەدەرێنو ئایینی راستەقنیەو بەئایدیۆلۆژی کردنی ئایین تێکەڵ دەکەن، بەڵکو رۆشنبیرانیش ناتوانن هەمیشە ئەم جیاوازییە ببینن. بەم جۆرە خەڵکی فریو دەدرێنو ئایینیش دەبێ بەسیستەمێکی ئایدیۆلۆژیو ئامانجی بریتی دەبێ لەگەیشتن بەدەسەڵات ئایین بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی زیاتر. ئیدی ئامۆژگاریو وەعزدادانی ئەخلاقی بۆ بەسوپاکردنی هۆشیارییەکی هەڵەو ساختە بەردەوام دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی «بەها» تەقلیدییەکان. ئەم وەعزو وتارانە ئێستا لەرێگەی هۆیەکانی راگەیاندنی نوێوە بڵاوبۆتەوەو بەشێوەیەکی زۆر گەورەتریش لەنێوان جەماوەری میللیدا بڵاوبۆتەوە (بڕوانە ئەو هەموو کاسێتی ریکۆردەرانەو رۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای فەندەمینتالیزم). تۆ خەیاڵی قەبارەی ئەو زیانە گەورانە بکە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای رابردوو لەناو ملیۆنان گەنجدا.

لەبری رزگارکردنی کەلەپور یان پتربوونی ئاگایی مێژوویی بۆ کەلەپوور کەچی ئەو کەلەپوورە بەشێوەیەکی فراوان بڵاودەبێتەوە.

پتربوونی بێشوماری دیموگرافیی ئەم سی ساڵەی دوایی لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، نەبوونی دەرفەتی کارکردن، نەدۆزینەوەی کار بۆ ئەو ژمارە زۆرەی گەنجانی سەرەرۆو سەرلێشێواو، گشت ئەمانە دەوریان لەبڵاوبونەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا هەیەو لەبەرامبەر ئەمەشدا فیکری رەخنەگریی لەگۆڕەپانی کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامیەکاندا پاشەکشەی

کردوە، بەم جۆرە خۆمان لەئاستەنگێکی بێ کۆتاییدا دەبینین. پاشان جگە لەمانە، تۆڕی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی - بەتایبەتی کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی خۆرئاوا - دەوری هەبووە لەزیادبوونی پێکدادانی نێوان ڕۆشنبیرییەکانو فراوانکردنی کەلەبەرو رووبەرەکانی نێوانیان (بڕوانە چۆن میدیاکانی خۆرئاوا وێنەی خۆی لەبارەی جیهانی عەرەبیو ئیسلامی پیشان دەدات)، هەستی دوژمنکارانەی نێوان ئەو دوو لایەنە پتر دەکاتو بەنزین بەئاگردا دەکات و سەربازگەی هەردوولا بەهێز دەکات کە دەبوایە بەپێچەوانەوە هەوڵی بدایە ململانێیەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە سووک بکاو کەشێکی گونجاو بۆ دیالۆگی کولتووری بخوڵقێنێو هەستی بەرپرسیاریی فیکریی لەهەردوولا پەرە پێ بدایە.

دواجار دەبێ بوترێ دیموکراتیزمی خۆرئاوایی کە هیوایەکی گەورەی بەرزگاریی سەرجەمگیریی بەشەر داوە، لەخەیاڵی سیاسیدا لاوازییەکی سەرسوڕهێنەر ئاشکرا دەکا. مەبەستم ئەوەیە دیموکراتیزمی خۆرئاوایی تائێستاش تێڕوانینێکی تەسک یان خۆپەرستانەی هەیەو لەسنووری تایبەتیەکانی خۆی دەرناچێ، بایەخ بەوڵاتانی تر - وڵاتانی باشوو- نادات تەنیا لەڕێگەی دابینکردنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی نەبێ. ئەمەش بەڵگەی لاوازیی ئاسۆی سیاسی یان خەیاڵی سیاسییە. جا لەبەرئەوەی هەموو جیهان پێکەوە بەستراون، لەبەرژەوەندیی خۆرئاوادا نییە هەلومەرجی جیهانی سێیەم لەمە خراپتر بێ، دەنا زوو، یان درەنگ بەسەر خۆیدا قڵپ دەبێتەوەو پڕیشکو پارچەی بەردەکەوێ. ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکرد پشتگیریو هاوکارییەکی پتری میللەتە داماوو هەژارەکان بکات. ئەی ئەوە خۆرئاوا نییە باشترینو کۆنترین ئەزموونی دیموکراسی لەجیهاندا نمایش دەکا؟ ئەی لێرەدا بەرپرسیارییەک لەئەستۆی لایەنی بەهێزدا نییە بەرامبەر بێ هێز؟

نابێ لانی کەمی هاوکاریو مامەڵەی مرۆڤانە لەپەیوەندییە دەوڵەتییەکاندا دەستەبەر بکرێ؟ بەدیهێنانی سیستەمێکی نوێی نێودەوڵەتی کە لەسەر هاوسەنگیو دادپەروەری دامەزرێ، کارێکی زۆر سەختە. ئەمە کاروانێکی دوورودرێژەو پڕیەتی لەبەربەستو رێگر بەهۆی سروشتی مرۆڤ کە پتر مەیلی بۆ خۆپەرستیو سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کەسانی تردا دەچێ. بەڵام ئەو سیستەمە تەنیا رێگەیەکە بۆ دەرچوون لەرابردوویەکی قورسو بۆ دۆزینەوەی توانای نوێ بۆ ئایندەیەکی باشتر.

**سەرچاوە:**

محمد ارکون/ قضایا فی نقد العقل الدینی - کیف نفهم الاسلام الیوم؟، ترجمە وتعلیق: هاشم صالح، دار الطلیعە للطباعە والنشر - بیروت - الطبعە الاولی - 1998.

*محەمەد ئەرکون چوارینەیەکی خەیامی نووسیوەتەوە، من لێرەدا چوارینەیەکی ترم لەوەرگێڕانەکەی (سەلام)دا هەڵبژاردووە. هەڵبژاردنەکەی من لەبەر دوو هۆ بوو: یەکەم - لەوەرگێڕانەکەی (سەلام) و (گۆران) و (هەژار) بۆ چوارینەکانی خەیام، ئەو چوارینەیەم نەبینی کە ئەرکون لە سەرەتای باسەکەیدا هێناویەتیەوە. دووەم- ئەوەی من هەڵمبژاردووە لەچوارچێوەی مەبەستەکەی ئارکۆن دەرناچێ. ئەو چوارینەیەی ئەرکون هەڵیبژاردووەو من وەرم نەگێڕاوە، بەمجۆرەیە: «ونحو تلک الکاس المقلوبە التی تدعی السماء/ التی تحتها نعیش ونموت کالحشرات/ لاترفع یدیک طلبا للعون/ فهي ایضا مغلوبة علی امرها مثلي ومثلک».

## شیکردنەوەی هەندێ چەمکی ئەرکونیزم

دەشێت گرنگترین چەمکەکانیئەرکون ئەمانەی خوارەوە بن:

ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی

ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی

میتۆدی فیلۆلۆژی

ئەوەی بیری لێکراوەتەوە/ئەوەی بیری لێنەکراوەتەوە

ئەوەی مەحاڵە بیری لێبکرێتەوە

مێژووگەری

ئەقڵی تازە دەرکەوتوو (مۆدێرنە)

دیاردەی قورئانی و دیاردەی ئیسلامی

دەسەڵاتی باڵا یان مەشروعیەتی باڵا

فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست

سیاجی دۆگماتیزم (پەرژینی داخراوی دۆگماتیزم)

دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی

کۆمەڵگاکانی کتێب

ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی

سۆسیۆمێژوویی

**سایكۆلۆژیای مێژوویی**
**میتۆدی هەڵوەشاندنەوە**
**بەعەلمانیكردن**
**خەیاڵ و خەیاڵدان (خەیاڵگە)**
**سێگۆشەی (توندوتیژی/ پیرۆزی/حەقیقەت)**
**هیومانیزم**

**یەكەم: ئەوەی بیری لێكراوەتەوە/ئەوەی بیری لێنەكراوەتەوە**
**ئەوەی مەحاڵە بیری لێبكرێتەوە**
**المفكر فیە/ اللامفكر فیە**
**المستحیل التفكیر فیە**

ئەمە یەكێكی ترە لە چەمكە سەرەكییەكانیئەركون، لەراستیدائەركون ئەم چەمكە دوالیزمیەی لە هەندێ بیریاری خۆرئاوایی خواستووە، بەتایبەتی لە (مارتن هایدگەر) و هەروەها لە (میشێل فۆكۆ) كە هەریەكەیان لە لێكۆڵینەوەی رەخنەییاندا دەربارەی تێكستی كەلەپوری مەسیحی ئەو دوو چەمكەیان بەكارهێناوە، بەتایبەتی فۆكۆ لە كتێبی (وشەكان و شتەكان) دا رەخنە لەوە دەگرێت كە ئەقڵانیەتی خۆرئاوایی كە لەسەر ئەقڵانیەتی دیكارتی دامەزراوە، بریتییە لە پەراوێزخستنی ناوچەی تری ژیانی ئینسان و كورتكردنەوەی بۆ یەك رەهەند كە بریتییە لە رەهەندی تیۆریی موجەڕەد كە لێرەدا رەهەندی تر لەبیردەكات بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە لایەنی سۆزداریی ئینسان و لایەنی نائەقڵانیەتەوە هەیە، بۆیە فۆكۆ دەڵێ ئینسان تەنها بە عەقڵ ناژی، كاتێكئەركون ئەم چەمكانە دەگوازێتەوە بۆ ناو فیكری عەرەبی-ئیسلامی ئەركەكەی هەم جیاوازو هەم قورسترو گەورەتر

دەبێت بەو پێیەی تێکستی کەلەپوری ئیسلامی خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە بەپێی میتۆدو چەمکەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەو دەگاتە چەمکی تری وەک (ئەوەی مومکینە بیری لێبکرێتەوە/ ئەوەی مەحاڵە بیری لێبکرێتەوە) (الممكن التفكير فيه/ المستحيل التفكير فيه).

ئەرکون دەڵێ» ئەوەی بیری لێنەکراوەتەوە بوارێکی ئێجگار گەورەو فراوانە لە کەلەپوری عەرەبی-ئیسلامیدا کە دەبێ بەپێی میتۆدی مێژووگەرایی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەوسا کۆمەڵێ لایەنی تەمومژاوی روون دەبێتەوە، ئەوەی بیری لێنەکراوەتەوە زۆر گرنگترە، چونکە زەمەنێکی زۆر دورودرێژە داخـراوەو هەمیشە تەئجیل کراوەو کەڵەکە بووە، ئەم کەڵەکە بوونەش مەسەلەی (مەحاڵبوون)ی قەبەتر کردۆتەوە بەهۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی...

**دووەم: چەمکی مێژووگەری**

**مفهوم التاريخيه**

ئەم چەمکە یەکێکی ترە لەچەمکە هەرە سەرەکیەکانی پرۆژە رەخنەییەکەیئەرکون کە بریتییە لەخوێندنەوەی مێژویی کەلەپوری عەرەبی-ئیسلامی، چونکە پێی وایە هیچ پرۆژەیەکی رەخنەیی بەبێ مەسحی مێژوویی دەرەنجامی گرنگ بەدەستەوە نادات، لێرەدائەرکون بۆ ئەم چەمکە پەنا دەباتە بەر گۆڤاری سالآنەی فەرەنسی (حەولیاتی فەرەنسی) یان قوتابخانەی ئەنالیس- حەولیات کە لە ڤیکۆوە ئیلهام وەردەگرێت، (ڤیکۆ) بەر لە مارکس لەسەدەی هەژدەیەمدا یەکەم کەسە دەڵی مرۆڤەکان خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن نەک هێزێکی دەرەکی، ئەمە کاردەکاتە سەر تێزەکانی هیگڵ و کرۆتچێ و هەروەها دواتر سان سیمۆن.. پاشان لوسیان فیفەر

بایەخ بە بەرهەمە رەمزییەکانی ئینسان دەدات وەک حیکایەتی خورافی و ئەفسانەو ئەنانەت کەرەستەکانی نانخواردن و کارکردن و هەموو ئەو شتانەی دەچنە ناو چەمکی (کولتور) بە مانا ئەنترۆپۆلۆژییەکەی.

ئەرکون بەشێوەیەکی راستەوخۆتر سوود لە قوتابخانەی سالانەی فەرەنسی (ئەنالیس) و بەتایبەتیش لە (فێرنان برۆدێل) وەردەگرێت، یەکێ لەو زاراوانەی فێرنان برۆدێل (1902–1985) لە قوتابخانەی سالانەی فەرەنسیدا دایهێناوە، بریتییە لە: (ماوەی مێژوویی دورودرێژ) و (ماوەی مێژوویی مامناوەندی) و (ماوەی مێژوویی کورت) کە بەسەر مێژووی مەسیحی و ئەوروپیدا پراکتیزەی کردون، برۆدێل دەڵێ پێویستە توێژینەوەی مێژوویی رەچاوی ماوەی زەمەنیی دورودرێژ بکات، بارودۆخ و هەلومەرجەکان لە سیاقی خۆیاندا ببینێت، بۆ نموونە ئەگەر توێژەرێک بیەوێت لێکۆڵینەوەیەک لەسەر دیاردەی توندوتیژی یان لەسەر تیرۆریزم بکات، ئەوا دەبێت ماوەی دورودرێژی مێژوو رەچاو بکات، برۆدێل لەم چەمکە تازەیەدا ماوەی زەمەنی هەریەک لەو سێ دابەشکردنە دیاری دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- ماوەی کورتی مێژوویی: لە چەند ساڵێکەوە تا بیست ساڵ یان زیاتردەگرێتەوە.

2- ماوەی مامناوەندیی مێژوویی: لە پەنجا ساڵ تا سەدەیەک دەگرێتەوە.

3- ماوەی دورودرێژی مێژوویی: لە چەند سەدەیەکەوە تا هەزار ساڵ و پتریش دەگرێتەوە.

دواترئەرکون سەرسامیی خۆی بۆ ئەو قوتابخانەیە راگەیاند، خۆیشی هەوڵی دا بەپێی مێتۆد و شیکردنەوەکانی ئەو قوتابخانەیە، توێژینەوە لەسەر مێژووی شارستانیەتی عەرەبی-ئیسلامی بکات.

چەمکی مێژووگەرایی دەیەوێ (ئەفسانەیی) لە (مێژوویی) جیا بکاتەوەو لەو ڕووداوانـە بکۆڵێتەوە کە بەفیعلی ڕوویانداوە، بێگومان لەڕێگەی هەڵدانەوەی دۆکیومێنت و دەستنوسە کۆنەکان و کتێبە کەلەپورە قەدەغەکراوەکان.

ئامانجی ئەم چەمکە دواجـار بۆ ئەوەیە بگاتە ڕێی حەقیقەت نەک حەقیقەتی ڕەها، چونکە حەقیقەتی ڕەها پێچەوانەو دژی تێڕوانینی مێژووگەراییە کە پتر پشت بە (تەفکیک) و (تەشکیک) دەبەستێت.

## سێیەم: ئەقڵی تازە دەرکەوتوو (مۆدێرنە)
## العقل المنبثق حديثا

لەم چەمکەوەئەرکون ڕەخنە لە مۆدێرنەی کلاسیکی دەگرێت، واتە سەرباری دەستکەوتە گەورەکانی مۆدێرنە بەڵام زۆر شت لەبیرکرا یان پەڕگیری تیا کرا، بۆ نموونە (پۆزێتیڤیزم) کە ڕەهەندی ڕۆحیی ئینسان فەرامۆش دەکات.

هەروەهائەرکون وەک بیرمەندی ئەڵمانی (هابرماس) ڕەخنە لە چەمکی (پۆست مۆدێرنە) دەگرێت و ڕەتی دەکاتەوە، چونکە مۆدێرنە پرۆژەیەکە تەواو نەبووەو بەردەوامەو هەمیشە بەردەوام ئەبێت.

## چوارەم: فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست
## الفضاء العقلي القروسطي

ئەرکون بەرادەیەکی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ماوە مێژووییەی بە سەدەکانی ناوەڕاست دەژمێردرێت، ئەمە لەوبەر دەریای سپیی ناوەڕاستەوە واتە ئەوروپاو خۆرئاوا، بەڵام لەم بەری دەریای سپیدا واتە دنیای عەرەبی-

ئیسلامی ئەوە بیرێکی رۆشنگەری بوونی هەبوو کە میسکەوەیە و تەوحیدی و رازی و ئیبن روشدو ئیبن عەرەبی و زۆری تر نوێنەرایەتییان دەکرد.

ئەرکون دەڵێ لەو بەینەدا سێ بیریاری گرنگ ژیاون کە خاڵی جیاکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست و رێنیسانس پێکدەهێنن (بەینی سەدەی 12 و 13):

تۆمای ئەکوینی لە دنیای مەسیحی

موسا بن مەیمون لە دنیای یەهودی

ئیبن روشد لە دنیای ئیسلامی

ئەمانە کاریان لەسەر پەیوەندیی نێوان (ئیمان و عەقڵ) یان (دین و فەلسەفە) کردووەو چۆن بتوانن گونجاندنێک لەنێوان ئەو دوو رەهەندەدا بکەن.

بۆچی لەدنیای خۆرئاوایی و ئەوروپیدا ئەم قۆناغە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەگاتە رێنیسانس و ریفۆرمی ئایینی و رۆشنگەری و مۆدێرنە، بەڵام لە دنیای عەرەبی-ئیسلامیدا شکستدەهێنێت و پتر بیری داخراوی دۆگمایی زاڵ دەبێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیەئەرکون لە زوربەی کتێبەکانیدا لێکۆڵینەوەی لەسەردەکات و رەخنەی لێدەگرێت، هەوڵدەدات بیری عەرەبی-ئیسلامی لەبیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست رزگار بکات، وەک هەوڵێک بۆ دەرچوون لە پەرژینە داخراوەکانی دۆگماتیزم (الخروج من السیاجات الدوغمائیە المغلقە).ئەرکون لە میانی (سۆسیۆلۆژیای شکست-فەشەل) و (سۆسیۆلۆژیای سەرکەوتن) لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە.

### دوا چاوپێکەوتن لەگەڵ د.محەمەد ئەرکون:

# ئاشتبوونەوەی ئیسلام لەگەڵ مۆدێرنەی جیهانی

و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

بیرمەندی ناسراوی بواری فیکری عەرەبی و ئیسلامی د.محەمەدئەرکون، خاوەن قوتابخانەیەکی فیکریی دەگمەنە، هەروەها خاوەنی پرۆژەیەکی فیکری و رۆشنگەریی بەرفراوانە کە دەتوانین ئەو پرۆژەیە لەژێر ناونیشانێکی سەرەکیدا کۆ بکەینەوە، ئەویش بریتییە لە: رەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی. ئەرکون داوا دەکات شۆڕشێکی میتۆدی لەبواری فیکری عەرەبی-ئیسلامیدا ئەنجامبدرێت و خوێندنەوەیەکی زانستی و میتۆدی بۆ کەلەپوور و تێکستی ئایینی بکرێت، لەم خوێندنەوەیەشدا پشت بە میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت. دەیان کتێبی بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی چاپ کردووەو بەشی هەرەزۆری ئەو کتێبانە لەلایەن هاشم ساڵحەوە کراون بە عەرەبی، بۆ نموونە: الفكر الاسلامی قراءة علمية، الفكر الاسلامی نقد واجتهاد، قضايا فی نقد العقل الدينی، معارک من اجل الانسنه فی السياقات الاسلاميه، الفكر الاصولی واستحالة التاصيل.

**• ئەو پرەنسیپە سەرەکییانە چین رێگەمان دەدەن بەشێوەیەکی باشتر ئیسلام بناسین بۆ دژایەتیکردنی ئەو وێنە حازربەدەستانەی لەسەر ئیسلام هەن؟**

-لێرەدا زیاد لە رۆشنبیرییەک هەیە زمانی عەرەبی بەکاردەهێنن، لێرەدا مەرجەعیەتێکی هاوبەش هەیە کە بریتییە لە زمانی عەرەبی، مومکین

نییە مەرجەعیەتی ئایینی لەو رۆشنبیرییانە جیابکەینەوە، کە زمانی عەرەبی بەکار دەهێنن، لێرەوە بایەخی پەرەپێدانی رۆشنبیریی عەرەبی دەردەکەوێت، هەروەها پەیوەندیی نێوان رۆشنبیریی عەرەبی و رۆشنبیرییەکانی جیهان، واتە دەبێ سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە رۆشنبیریی عەرەبی بهێنینە ئاراوە تا سنووری ئەو رۆشنبیری و بیرکردنەوانە جێبهێڵێت کە لەچوارچێوەی تاقە دەوڵەتێکدا خۆیان قەتیس کردووە، ئەمە لەبەر ئەوەی رۆشنبیریی عەرەبی بەو هەموو گەنجینە دەوڵەمەندەیەوە دەتوانێت شتی باش پێشکەش رۆشنبیرییەکانی تر بکات، بەشێکیش لەو رۆشنبیرییانە بریتییە لە ئایین، ناشبێت رۆشنبیری بەجیاکردنەوەی لە ئایین بخنکێنین، ئایین تێکستی ئازادو کراوەمان بۆ دەهێنێت، هەموو کتێبە ئاسمانییەکان کراوەن، لەهەموو ئاینێکیشدا رەوت و تەوژمی خاریجی هەیە، تێکستەکان کۆت بەسەر ئینساندا ناسەپێنن، بۆیە دەبێ دووربکەوینەوە لە رێگەی دەمارگیری، پێویستە لەو بازنەیە بێینە دەرێ، لێرەدا چەندین جۆری رۆشنبیریی عەرەبی هەیەو چەندین تایبەتمەندی هەیە دەبێ رێزیان لێبگرین و پەنایان بۆ بەرین، پێویستە دیالۆگ لەگەڵ ئەویدیدا بکەین، ئەمەش وامان لێدەکات لەرووی رۆشنبیری و کولتوورییەوە دەوڵەمەندتر بین و شارستانیەتێکی چەشناوچەشنمان هەبێت.

**• بە چ شێوەیەک دەکرێت کولتورێک دیالۆگ لەگەڵ ئەویدیدا بکات؟**

– وەرگێڕان وامان لێدەکات سنوورەکانی داخران و خۆداخستن جێبهێڵین، دەبێ دان بە داهێنانی کولتورەکانی دیکەدا بنێین و باوەڕمان بە جیاکردنەوەی شارستانیەتی خۆرهەڵاتی و شارستانیەتی خۆرئاوایی نەبێت،

واتە نابێت ئەو دوو ژیارە لێکدی دابڕێن، دەبێ بەچەشنێکی وا لە ژیارەکان بڕوانین وەک ئەوەی شێوەیەکی نامۆ نییە بە ئێمە، بۆیە بانگەشەی یەکێتیی مرۆڤایەتی دەکەم دوور لە دەمارگیریی ئاینی و مەزهەبی و ئیتنی و ئایدیۆلۆژی، دیالۆگ و گفتوگۆ بریتییە لە کرانەوەو متمانەبەخشین بە ئەویدی.

**• چۆن بتوانین ئەم بارودۆخەی ئێستامان جێبهێڵین و بچینە ناو مۆدێرنەوە؟**

– بۆ ئەوەی لەم قەیرانەو لەم تەنگژە مێژووییەمان دەربچین، دەبێ بچینە قۆناغی رۆشنگەرییەوە تا بە مینۆدی نوێ کەلەپووری ئاینیمان رۆشن بکاتەوە، ئەمە لەپێناوی ئاشت بوونەوە لەگەڵ مۆدێرنەی گەردوونی، با ئەوەت بیر بخەمەوە کە مەیلی مرۆگەرایی لە کەلەپووری عەرەبیدا زۆر کۆنە، بەڵام گرفتی ئەو مرۆگەراییە بە کۆن و نوێیەوە ئەوەیە کە بەردەوام پەلامار دەدرێت، لەلایەن دەمارگیریی ئاینییەوە پەلامار دەدرێت، بەڵام ئێمە دەتوانین لەقوڵاییدا هیوامان بەو یاسایانە هەبێت کە حوکمی ئاراستەی جوڵانەوەی مێژوو دەکەن و کۆمەڵێ دەرەنجامی گرنگ بەدەستەوە بدەن، وەک ئەو دەرەنجامانەی پێشتر لەلای مەسیحیەتی ئەوروپیدا رووی داوەو بووەتە مایەی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ مۆدێرنەدا.

**• کەواتە ئەمڕۆ فیکری هاوچەرخی ئیسلامی لەکوێدا دەبینین؟**

– دەبێ بوار بۆ فیکری ئیسلامی بکەینەوە گەشەبکات و بەرامبەر بە ئیجتیهادی هاوچەرخ و تازە بکرێتەوە، ئەمەش لەمیانی گەڕانەوە بۆ ئەو گفتوگۆ و ئارگۆمێنتە فیکرییانەی لەقۆناغی کلاسیکی و داهێنەرانەی مێژووی

عەرەبی و ئیسلامیدا رووی داوە، بۆ نموونە ئەو ئارگۆمێنتە فکرییەی نێوان غەزالی و ئیبن روشد، ئەمە وامان لێبکات لەم چەرخەی ئەمڕۆماندا ئازادانە گفتوگۆی فیکریی لەو چەشنە ئەنجام بدەین.

**• تۆ بە بایەخێکی زۆرەوە باسی ئەقڵی کۆن و داهێنەرانەی عەرەبی و ئیسلامی دەکەیت، ئایا متمانەت بە ئەقڵی ئەمڕۆی عەرەبی نەماوە؟**

– ئەمڕۆ ئەقڵی عەرەبی لەبیرکردنەوەو گەڕان و توێژینەوە وەستاوە، دابڕاوە لە مۆدێرنەی جیهانی، بێگومان لەناو دیواری سانسۆرێکدا کە ناهێڵێت فیکری عەرەبی لەتەک راستییەکانی سەردەم و واقیعی ئەمڕۆدا هەنگاو بنێت. عەرەب دایڵۆسێنراون، رژێمەکان لە نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی سڵ دەکەنەوەو دەرگا بەڕووی ئەو بیریارانەدا دادەخەن کە لەبەرژەوەندیی میللەت و پێشخستنی نەتەوەدا کۆشش دەکەن.

**• تۆ تەرکیز دەکەیتە سەر ئەمڕۆ و ئایندەی ئیسلام، داوا دەکەیت سەرلەنوێ مێژووی ئیسلام بدۆزرێتەوەو بەشێوەیەکی نوێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت. چۆن ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ئەنجام بدرێت؟**

– دەبێ کۆمەڵێ رێگەچارەمان لەبەردەستدا بێت بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێ دەرەنجامی دروست، لەوانە رۆشنبیرکردنی نەوەکانمان و بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە لای جەماوەری عەرەبی، من لەبواری فیکری ئیسلامیدا گرنگیم داوە بە پێشکەشکردنی ژمارەیەک خوێندنەوەی نوێ بۆ گوتاری قورئانی لەسەر بنەمایەکی زانستی، بە ئامانجی ئەوەی کەلەپوور راڤە بکەین و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکەین و لەرووی زانستییەوە هەڵیسەنگێنین بۆ ئەوەی هەندێ شتی باشی لێ دەربهێنین و بۆ تێگەیشتنی قورئان وەری

بگرین و پشتی پێ ببەستین، هەروەها دەبێ هەموو جۆرە گوتارەکان بخوێنین و شییان بکەینەوە لەوانە فەرموودەکان و  کتێبەکانی فیقە، ئەمە بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە ڕێساکانی پراکتیزەکردنی میتۆدی مێژووگەرایی و زمانەوانی و سۆسیۆلۆژی تێبگەین.

**• رات چییە بەرامبەر بەو قسانەی ئیسلام بە توندوتیژییەوە گرێ دەدەن؟**

– ئەمە مەسەلەی گرێدانێکی گرنگە، لێرەدا هیچ ئاینێک نییە پەنا نەباتە بەر توندوتیژی، چونکە توندوتیژی پەیوەستە بە ئایینەوە، هەموو ئاینێکیش داکۆکی لە پاوانکردن و مۆنۆپۆلکردنی خۆی دەکات بەو پێیەی کە راستترین و باشترین ئایینە، کەواتە ئەو کاتەی کە ئایین بانگەشەی ئەمە دەکات، ئەوا خۆبەخۆ دەچێتە ناو توندوتیژییەوە، چونکە هەموو ئاینەکانی دی رەتدەکاتەوەو دەرگایەکی بەرین دەکاتەوە بۆ هەڵگیرسانی جەنگەکان.

**• دواجار ئایا ئەمە دەمانباتە سەر ئەوەی باسی عەلمانیەت بکەین و هەڵوێستی تۆ لەو بارەیەوە چییە؟**

– هەڵوێستی من زۆر روونە لەوەی کە هەوڵدەدەم بە جدی ئەو دیواڵە تەقلیدییە جێبهێڵم کە عەلمانیەت و ئاین دەخاتە بەرامبەر یەکدی، من ئەو عەلمانیەتە رەتدەکەمەوە کە بەعەلمانیەتی خەباتگێڕ ناسراوە، ئەم جۆرە عەلمانیەتە هیچ بایەخێک بۆ دیاردەی ئایینی دانانێت، لە وەزیفەی چیرۆک و رەمز و مەجاز لە بەرهەمهێنانی مانا تێناگات، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی سەرجەم سیستمە دەلالیەکان کە بەهۆی ئەم سیستمانەوە بەشەر تەفسیر دەکرێت، سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووری لەو سیستمە مەعنەوی و رەمزییانەوە دەرهاتوون کە تەحەکوم بە حەساسیەتی تاکەکەس

و کۆەوە دەکەن ، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی بگەن بە چارەسەرێکی کۆتایی بۆ مەسەلە مرۆڤایەتییە ریشەییەکان.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی (الزمان) حوزەیرانی 2010.

## بەرهەمەکانی ئەرکون

ئەوەندەی من ئاگادار بم محەمەدئەرکون ئەم کتێبانەی خوارەوەی بە زمانی عەرەبی هەیە کە زۆربەیان لەلایەن هاشم ساڵحەوە وەرگێڕدراون، جگە لەمانە چەندین کتێبی تری هەیە بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و هۆڵەندی و ئەڵمانی و ئیندۆنیسی و زمانانی تری دنیا:

1- الفكر العربى : ترجمة د. عادل العوا. دار عويدات- بيروت- سلسلة زدنى علما 1979.

2- الإسلام بين الأمس والغد : ترجمة على مقلد. بيروت.

3- تاريخية الفكر العربى الإسلامى : ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومى- بيروت 1986.

4- الفكر الإسلامى : قراءة علمية. ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومى- بيروت 1987.

5- الإسلام، الأخلاق والسياسة: ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومى بالتعاون مع اليونيسكو- بيروت 1986.

6- الفكر الإسلامى، نقد واجتهاد: ترجمة هاشم صالح. دار الساقى- بيروت 1995.

7- من فيصل التفرقه الى فصل المقال: اين هو الفكر الإسلامى المعاصر؟: ترجمة هاشم صالح. دار الساقى- بيروت 1993.

8- الإسلام، اوروبـا، الغرب: ترجمة هاشم صالح. دار الساقى- بيروث 1995.

9- الفكر الأصولى واستحالة التاصيل: ترجمة هاشم صالح. دار الساقى- بيروث 1999.

10- نزعه الأنسنه فى الفكر العربى: ترجمة هاشم صالح. دار الساقى- بيروث 1997.

11- من الاجتهاد الى نقد العقل الإسلامى. ترجمة هاشم صالح. دار الساقى- بيروث 1991.

12- معارک من اجل الأنسنه فى السياقاث الإسلاميه: ترجمة هاشم صالح. دار الساقى- بيروث 2001.

13- قضايا فى نقد العقل الدينى. ترجمة هاشم صالح. دار الطليعه- بيروث 1998.

14- القرآن من التفسير الموروث الى تحليل الخطاب الدينى، ترجمة هاشم صالح. دار الطليعه- بيروث 2001.

15- العلمنه والدين، ترجمة هاشم صالح، دار الساقى -ط1 1990-.

16- نحو تاريخ مقارن للاديان التوحيديه، ترجمة: هاشم صالح، دار الساقى، بيروث- لندن، 2011.

17- تحرير الوعي الاسلامي- نحو الخروج من السياجات الدوغمائية المغلقة، ترجمة: هاشم صالح، دار الطليعة- بيروث، 2011.

18- الهوامل والشوامل- حول الاسلام المعاصر، ترجمة: هاشم صالح، دار الطليعة- بيروث، 2010.

19- نحو نقد العقل الاسلامي، ترجمة: هاشم صالح، دار الطليعة، بيروث، 2009.

خۆیشم تا ئێستا ئەم چوار کتێبەی خوارەوەم کردووە بە کوردی:

1-ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی ، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەدئەرکون ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر- 2002 .

2-عەلمانیەت و ئایین: ئیسلام، مەسیحیەت، خۆرئاوا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم 2005. چاپی دووەم لە پرۆژەی وەرگێڕانی شەست کتێبی رێکخراوە دیموکراتییەکان 2009.

3-ئیسلام و گلۆبالیزم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، کتێبی گیرفان، 2005.

4-ئیسلام و عەلمانیەت، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبیی نما، هەولێر، 2007.

کە حەزم ئەکرد بەشی هەرە زۆری کتێبەکانی وەربگێڕم و ئەمە لە پرۆژەمدا بوو، بەڵام بەهۆی خوێندنی ماستەرو دکتۆراو کارکردنم لە سلکی زانکۆ لەم پرۆژەیە دوور کەوتمەوە، راستتر ئەجیلم کردووە بۆ کاتێکی تر کە هەمیشە کاریگەرییئەرکون و ئەدۆنیسم بە ئەندازەیەکی زۆر بەسەرەوە بووەو بە پێویستم زانیوە بەرهەمەکانیان بکەم بە کوردی.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆرش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |